# ریفراندۆمەکەی تورکیا هەنگاوێک چانسێکی دیکە بۆ AKP لە

لە رۆژی ١٢ی ئەیلوول هاووڵاتیانی تورکیا رووبانکردە سندوقەکانی دەنگدان و بەرێژەی ٪٧٧ بەشداریان لەو پرۆسەی دەنگدانەکرد کە کۆمەڵێك گۆڕانکاری دەستووری لەخۆ دەگرێت، لەم پرۆسەیەشدا هەموارکردنی بڕگە دەستوورییەکان بەرێژەی ٪٥٨ دەنگی (بەڵێ) سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەم رێژەیە لەگەڵ ئەوەی بەرامبەر رێژەی ٪٤٢ی (نەخێر)، بەڵام بەرێژەیەکی سەرکەتوو و بەرز دادەنرێت و لەسەرووی ئەو مەزندانەوەیە کە پێشبینی دەکرا بە تایبەتی کە رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا پێشبینی دەکرد بەرێژەی ٪٥٥ بە(بەڵێ)، ریفراندۆمەکە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، زیادبوونی ئەم رێژەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو حزبانەشی نارەزاییبوون بەو هەموارکردنە لایەنگرانیان بەتەواوەتی بەبڕیاری حزبەکانیانەوە پابەند نەبوون و دەنگیان بۆ گۆڕانکارییە دەستوورییەکان داوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە خەریکە هاووڵاتیانی تورکیا لە بایەخی حکومەتی مەدەنی و دوورکەوتنەوە لەدەسەڵاتی سەربازی تێدەگەن و دەزانن داهاتووی وڵاتەکەیان بەحکومەتی مەدەنی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموکراتی بونیاد دەنرێت، لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە بایکۆتکردنی هەندێك لەشارە کوردییەکانی تورکیا و بەشدارنەبوونیان لەپرۆسەی ریفراندۆمەکە، ئەمە بەو لایەنە ناخوێنرێتەوە کە کوردی تورکیا دژی گۆڕانکارییەکانن یان دژی ئەو گۆڕانکارییانەن کە لەماددە ستوورییەکانی تورکیادا دەکرێن، بەڵکو ئەو بایکۆتکردنە وەك کاردانەوەیەك بووە بەرامبەر هەنگاوێکی پارتی داد و



# بۆ نزیکبوونەوە لەیەکێتی ئەورووپا و هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا

گەشەپێدان و هەڵوێستێك بووە بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی پارتی داد و گەشەپێدان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە ناوچە کوردییەکانی تورکیای داوە، بەڵام ئەو ڕێژەیەی کە بەشداری پرۆسەی ریفراندۆمەکەی کردووە، بەرێژەیەکی بەرز دەنگی بە(بەڵی) بۆ گۆڕانکارییەکان داوە، هەروەها ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی کوردی تورکیا گلەیی و گازندەی لەسەر بەڵێنەکانی پارتی داد و گەشەپێدان هەیە، بەڵام دەنگیشی دژی گۆڕانکارییە دەستوورییەکان نەداوە، بەدیوێکی دیکە پرۆژەی هەموارکردنی بڕگە دەستوورییەکان وەك پرۆژەیەکی پارتی داد و گەشەپێدان سەیرکراوە، ئەمەش ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ پارتی داد و گەشەپێدان کە پێویستە لە داهاتوو بایەخێکی زیاتر بەناوچە کوردییەکانی تورکیا بدات.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تورکیا دوای رۆژی ١٢ی ئەیلوولی ٢٠١٠ پێی نایە قۆناغێکی تازەو هەنگاوێکی دیکە بەرەو دیموکراتی و کرانەوە چووە پێشەوە، وەك ئەردۆگانیش دوای راگەیاندنی ئاکامی ریفراندۆمەکە وتی: ((تورکیا لەسەر رێگەی دیموکراتی و دەوڵەتی قانوون هەنگاوێکی دیکە چووە پێشەوە، ئەم پرۆژەیە تەنیا پرۆژەی پارتی داد و گەشەپێدان نییە، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ بەدیهاتنی دیموکراتی لەوڵاتێکدا کە ئامانجی ئەوەیە ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا))، بۆ زیاتر هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی ئەم رووداوە گرنگە گوڵان ئەم پرسەی لەگەڵ چەند رۆژنامەنووس و کەسایەتی سیاسی تورکیا تاوتوکرد کە ئەمە بۆچوونەکانیانە.





سوعات کنکلی ئۆغلۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی AKP بۆ گوڵان:

# دەبوو AKP زووتر ئەم هەنگاوەی هەڵبگرتایە و هەمووارکردنی گەورەی دەستوور لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی دادێ دەست پێدەکات

سوعات کینکلی ئۆغلۆ بێجگە لەوەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی داد و گەشەپێدانی حکومڕانی تورکیایە، لەهەمانکاتدا سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەیە لەپەرلەمانی تورکیا و هەروەها سەرۆکی گروپی پەرلەمانی دۆستایەتی نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشە، سەرۆکی سەنتەری پێوەندییە ستراتیژیەکانە و بەردەوامیش لە رۆژنامەکانی تورکیا وتار بڵاو دەکاتەوە، بەتایبەتی لەرۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی بەزمانی ئینگلیزی، سەبارەت بە گرنگی ئەم ریفراندۆمە بۆ داهاتووی تورکیا لێمان پرسی: دوای چەندین یەکە لەکودەتای سەربازی و بوونی کولتوورێکی دەسەڵاتی سەربازی لە وڵاتدا، هاووڵاتیانی تورکیا لە ١٢ی ئەیلوول بە (بەڵی) دەنگیان بۆ گۆڕنکارییە دەستوورییەکان دا، ئێمە ئەمە بە وەرچەرخانێکی گەورە دەبینین، ئایا ئێوە چۆن ئاکامی ئەم ریفراندۆمە بۆ داهاتووی تورکیا دەخوێننەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵاندا کینکلی ئۆغلۆ بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و وتی: ((بەر لە هەموو شتێك هەروەکو خۆتان ئاماژەتان پێکرد لەدوای دەیان یەکە لە کولتووری کودەتای سەربازی و بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ئەو کولتوورە، جێگەی خۆشحاڵییە رای خەڵکی تورکیا سەبارەت بە کرانەوەو دیموکراتی بەوجۆرە ببینین، بێگومان بۆ تورکیا و خەڵکی تورکیا و بەدیموکراسی بوونی تورکیا قازانجێکی گەورەیە و ئەمەش شتێکی دڵخۆشکەرە . پێمان خۆش بوو تورکیا زووتر ئەم هەنگاوەی هەڵبگرتایە، بەڵام تەنیا لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن AKPەوە، تورکیا توانی هەنگاو بۆ کۆمەڵێك چاکسازی دیموکراتی هەڵبگرێت و ئەمەش یەکێکە لەو هەنگاوانە، بەڵام ئەمانە هیچیان بەس نین و ئێمە ئومێدمان بەو ئاستەیە کە هەنگاوی گەورە لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١١ دەست پێدەکات و دەست دەکرێت بە گۆڕانکارییە گەورەکانی دەستوور، ئێستا تەنیا خۆمان بۆ ئەو گۆڕانە گەورانە ئامادە دەکەین. سەبارەت بەو رێژەیە زۆرەشی دەنگیان بۆ گۆڕانکارییەکان داوە، وای دەبینم هۆی زۆری «بەڵێ» دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی تورکیا کاتێك دەنگ بە هەر پارتێك بدەن، چاوەڕێی هەنگاوی کرانەوە و دیموکراسی لەو پارتە دەکەن، هەر بۆیە ئەم رێژەی ٥٨٪ (بەڵی) یە، ئەوەمان بۆ دەخاتە روو کەوا ئەو رێژەیەی خەڵکی تورکیا ئەو داواکاریەیان هەیە، ئەمەش لەگشت بەشەکانی وڵات هەرچەندە لەبەشی رۆژاوا تۆزێك کەمتر بوو، بەڵام بەتایبەتی لە ئەنادۆڵی ناوەڕاست و رۆژهەڵات زۆر بە رێژەیەکی بەرز و لەهەندێك شاری ئەو ناوچانە ٪٩٤-٩٥ « بەڵێ» دەرکەوتووە و ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە تورکیا پێویستییەکی زۆری دیموکراتی هەیە و خەڵکی تورکیا دیموکراتیەتێکیان پێویستە لە ستاندارتی دەوڵەتە هەرە دیموکراتەکانی وەك فەرنسا و ئەڵمانیا، بەڵکو باشتریش. بۆیە پێموایە دەرچوونی ئەو راددە زۆرە بەڵێیە پاڵپشتیکاری ئەوەیە، جا ئەمە لەلایەن هەر پارتێکەوە بێت)).

لەبەشێکی دیکەی وتووێژەکەی کینکلی ئۆغلۆ لەگەڵ گوڵان و سەبارەت بەوەی پڕۆژەی ئەم ریفراندۆمە وەك پڕۆژەیەکی نیشتمانی سەیر دەکرێت یان پڕۆژەیەکی پارتی داد و گەشەپێدانە و ئامانج لێی بەهێزبوونی پارتەکە و مسۆگەرکردنی هەڵبژاردنەکانی داهاتووە، سەبارەت بەم پرسەش سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی تورکیا بەمجۆرە ئەم پرسەی بۆ گوڵان روونکردەوەو وتی: ((بێگومان هێزی باڵادەست لەپشت ئەم ریفراندۆمە AKP یە و بەتایبەتیش بەڕێز سەرۆك وەزیران رەجەب تەییب ئەردۆغان، بەڵام AKP تاکە هێزی نییە لە گۆڕەپانەکەدا، بەڵکو چەندین هێزی دیکەش وەك پارتی سەعادەتی تورکیا و پارتی یەکگرتووی گەورە و زۆرێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پاڵپشتیان لەو گۆڕانکاریانە کردووە و تەنانەت بەشێکی زۆریش لە لایەنگرانی پارتی MHP هەرچەندە بەئاشکراش ئەمە دەرنابڕن، بەڵام دەزانین کەوا دەنگی «بەڵێ» یان داوە و پاڵپشتی ئەم پرۆسەیەیان کردووە. کەواتە ئەوە گومانی تێدانییە کە AKP براوەیە بە راددەیەکی زۆر، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی دروستبوونی مەترسیەك لەسەر ناسنامەی عەلمانی تورکیا، چونکە ئێمەش گرنگی ناسنامەی عەلمانی تورکیا دەزانین، بەڵام پێویستە تۆزێکیش بەپێی داواکاری هاووڵاتیانمان ئەم عەلمانییەتە گەشە پێبدەین. بەگشتی و بەبێ هیچ گومانێك تورکیا کۆمارێکی عەلمانی کۆمەڵایەتییە. بەڵێ لە هەندێك چینی تورکیا ئەندێشەی عەلمانییەت هەیە، بەڵام ئەگەر بەگشتی سەیری گەشەسەندنەکانی تورکیا بکەین، دەبینین هیچ هەنگاوێکی مەترسیدار بۆ عەلمانییەتی تورکیا نییە. لەم روانگەیەوە پێموایە ئەوانەی بە(نەخێر) دەنگیان بۆ ئەم پرۆسەیەدا، لەچەند لایەنێکەوە زەرەریان لەخۆیاندا. هەر بۆنموونە، یەکەم، نەیانتوانی خواست و داواکاری خەڵکی تورکیا بەدروستی بخوێننەوە. دووەم، ئەم ریفراندۆمە سەلماندی کەمالیستەکان و بیرۆکراتیەکان ئیدی لەناو تورکیا کەمینەن و ناتوانن خۆیان بسەپێنن. هەر بۆیە ئەگەر دەنگم بە نەخێر بدایە، ئەوا بێگومان بەیانی ١٣ی ئەیلوول خۆم تاوانبار دەکرد. لەبەر ئەوەی ئیدی لە تورکیا خەڵکی دەیانەوێت کۆتایی بەو قۆناغە بێنن. بێگومان

ڕێژەیەکی وەك ڕێژەی ٥٨٪ بۆ دەوڵەتێکی گەورەی وەك تورکیا بەڕاستی ڕێژەیەکی جدیە و ئەوە دەگەینێ کەوا بە ملیۆنەها مرۆڤ ئیرادەی خۆیان ڕاگەیاندووە. انشاالله ئەمە بۆتە دەرسێك بۆ «نەخێر»چییەکان. چیتر خەڵکی تورکیا ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی ناوێت، بەڵکو دەیانەوێ لە دەوڵەتێك بژین کە خەڵك خۆی بەڕێوەی دەبات و خزمەتی خەڵك دەکات)).

هەر لەچوراچێوەی ئەم وتووێژە ڕاشکاوییەمان لەگەڵ سوعات ئۆغلۆ و سەبارەت بە بایکۆتکردنی ئەم پرۆسەیە لەلایەن دانیشوانی کورد لەتورکیا و هۆکاری ئەم بایکۆتکردنە، پرسیاری ئەوەمانکرد بۆچی ئەم بایکۆتکردنە ڕوویدا، لەوەڵامدا کنکلی ئۆغلۆ بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: ((گەورەترین قازانج بۆ کوردی تورکیا ئەوەیە تورکیا زیاتر هەنگاو بۆ دیموکراتی هەڵبگرێت، ئەمە دەبێتە هۆی سوودمەندبوونی هاووڵاتیە کوردەکانیش بەهەمان شێوە، بەڵام کێشەی کوردیش بەرێژەیەکی باش لە ئەجێندا دەمێنێتەوە و بێگومان لەماوەی ئامادەکردنی دەستووری نوێ زۆر بە قوڵی و تێروتەسەلی ئەم کێشەیە تاوتوێ دەکرێت. لەم بارەیەوە ئەوەی گرنگە پێویستە بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەنگاوەکان زۆر بە وریایی هەڵبگرین و هەوڵبدەین جارێکی دیکە پەنا بۆ ڕێگەچارەی توندوتیژی و سەربازی نەبەینەوە، ئەم مەسەلەیە زۆر هەستیارە لەبارەی لەماوەی ١٥- ٢٠ ساڵی ڕابردوو، ئەم مەسەلەیە هەر بەرێگەی توندوتیژی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بۆیە پێویستە گشت ئەمانە لەبەرچاو بگیرێت و ئەگەر لەماوەی ئامادەکردنی دەستووری نوێ بە بیرێکی بونیادنەرانەی ئاشتی بێینە پێش، ئەوا پێموایە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێ، کەواتە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت، بێگومان هاووڵاتییە کوردەکانیش بەهاوشێوە وەك تورکەکان دیموکراسیان دەوێ. ئەوانیش ئاگاداری مافەکانی دیموکراسی خۆیانن، بەتایبەتی لەشارەکانی ڕۆژاوا بینیمان کەوا هاووڵاتیە کوردەکان بەخۆشحاڵیەوە بەشداریان کرد، بەڵام بەداخەوە لەناوچەکانی ڕۆژهەڵات بەشداریکردن بەشێوەیەکی ئەوتۆ نەبوو. ئەمەش ویستی سیاسی BDP بوو، بەڵام لێرەدا شتێك هەیە، گشت چینەکانی تورکیا بەکورد و تورك و چەرکەزەوە دیموکراتیان دەوێ. انشاالله لەچەند مانگی داهاتوو بەتایبەتی لەچوارچێوەی دەستووری نوێ لە ٢٠١١ چاوەڕوانی ئەوەین کەوا BDP و گشت لایەنەکانی تر بەشدارییێکی چاکتر و پاڵپشتییێکی باشتری ئەو یاسا نوێیە بکەن، بەڵام ئەوەش ناشارینەوە کە بڕیاری BDP بۆ بایکۆتکردن بڕیارێکی هەڵەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی دەستوور هەنگاوێك بوو، واتە بەتەواوەتی چارەسەری کێشەکان ناکات، بەڵام لایەنێکی زۆر گرنگی سایکۆلۆژی هەبوو، حەزمان دەکرد کەوا لایەنگرانی BDP ش پاڵپشتی ئەو گۆڕانە دیموکراسیەی تورکیایان کردبا بەدەنگدان بە بەڵێ، ئەگەر ئەم گۆڕانکاریە بە ٦٥٪ سەرکەوتنی بەدەست هێنابا لە بری ٥٨٪ دەبووە وەڵامێکی بەهێز و گرنگ بۆ تورکیا بە گشتی. پێموایە کەوا هەلێکی زێڕینیان لەدەست دا)).

وەك کنکلی ئۆغلۆش ڕاشکاوانە بۆ گوڵانی ڕوونکردەوە بایکۆتکردنی پرۆسەکە لەناوچەکانی کوردی تورکیا پێوەندی بەوەوە نەبووە کە کوردی تورکیا دژی هەنگاوەکانی کرانەوە و دیموکراسیەتی زیاتری تورکیان، بەپێچەوانەوە کورد حەزدەکات دەستووری تورکیا بە ئاستێك هەموار بکرێت کە بگاتە ئاستی پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا و ڕۆژێك زووتر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، لەمبارەوە و سەبارەت بەکاریگەری ئەم ریفراندۆمە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتری تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا و پێشوازی یەکێتی ئەوروپا لەم گۆڕانکارییە دەستووریانە، سوعات کنکلی ئۆغلۆ بەمجۆرە ڕاو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: ((تورکیا هەر خۆی لەخۆیدا بەرێژەیەکی زۆر لە یەکێتی ئەوروپا لە نزیکبوونەوەدایە، بێگومان دەستووری نوێ، زیاتر تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا گونجاوتر دەکات، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانرێ کەوا داواکاری دیموکراسی لە تورکیا تەنیا پەیوەست نییە بە بوون بەئەندامی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا، زۆریش جێی خۆشحاڵیە کەوا پێویستی دیموکراسی تورکیا لە ناوەوەی تورکیاوە هەیە، ئەمەش گەشەسەندنێکی زۆر ئومێد بەخشە بۆ ئێمە، چونکە نزیکبوونەوە و بە ئەندام بوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا لەهەر چ ئاستێك بێ، ئەوا داواکاری بەدیموکراسی بوونی تورکیا هەر بەردەوامە. لەم چوارچێوەیەدا پێموایە گەورەترین گۆڕانکاری ئەوەیە ساڵی داهاتوو ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی گشتی دەبینەوە و ئەم ریفراندۆمە دروستکەری ناوەندێکی سایکۆلۆژی گرنگە بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو. بێگومان ئەوەش لەبیری گشت هاووڵاتیانی تورکیا جێگیر بووە کەوا پێویستە دەستوورێکی نوێ دابڕێژرێت و گشت خەڵك لەوە دڵنیان کە پێویستە یاسای نوێ زیاتر دیموکرات و سەربەخۆ بێ، بۆیە گرنگترین کار لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١١ بریتییە لە دامەزراندنی یاسایەکی گشتی نوێ کە زیاتر خزمەتی گەل بکات و ڕێ بۆ داهاتووی تورکیا خۆش بکات و انشاالله تورکیا واز لەم کولتوورە بێمانایە دێنێ و دەست دەکات بە بونیادی تورکیایەکی ڕاستەقینە)).




**لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١١ دەست دەکرێت بە گۆڕانکارییە گەورەکانی دەستوور**

**خەڵکی تورکیا دیموکراتیەتێکیان پێویستە لە ستانداردی دەوڵەتە هەرە دیموکراتەکانی جیهان بێت**

**ئەم ریفراندۆمە سەلماندی کەمالیستەکان و بیرۆکراتیەکان ئیدی لەناو تورکیا کەمینەن و ناتوانن خۆیان بسەپێنن**





سامی کۆهین ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورکیا بۆ گوڵان:

# ڕێژەی 58% زۆر لەسەرووی ئاستی مەزندەکراو بوو سەرۆک وەزیران پێشبینی ڕێژەی 55%ی کردبوو

سامی کۆهین بە ڕەچەڵەك تورك نییە، بەڵام لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە باوکی هاتۆتە تورکیا و لەوێ نیشتەجێ بووە، کۆهین کە یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە ناودارەکانی تورکیا و ستوونووسی ڕۆژنامەی بەناونگی میللیەتە لەسەر ئاستی تورکیا وەك شرۆڤەکارێکی سیاسیی تورکیا و کورد ناسراوە و لەسەر ئاستی جیهانیش وەك شرۆڤەوانێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکرێت و لەزۆر پرسە گەرمەکانی تورکیا و کورد و عێراق و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر ئاستی تورکیا و جیهان بۆچوونەکانی بە بایەخەوە سەیر دەکرێت. کۆهین لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانە بەزمانی تورکی ستوونێکی لەمیللیەت هەیە، بەڵام بەشی زۆری ستوونەکانی بە زمانی ئینگلیزی لە ڕۆژنامە ئینگلیزییەکانی تورکیا بڵاو دەکرێتەوە و بەتایبەتیش لە ڕۆژنامەی حورییەت چاپی ئینگلیزی کە پێشتر ڕۆژنامەی تورکیش دیلی نیوز بووە، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان زۆر جار لەسەر پرسە گرنگەکان ڕای ئەم ڕۆژنامەنوسە وەردەگرین، هەر بۆیە ئەمجارەش دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی ١٢ی ئەیلوول بە پێویستمان زانی لەسەر ئەم پرسە گرنگە ڕای ئەم ڕۆژنامەنووسە وەربگرین، سەبارەت بە بایەخ و گرنگی ئەم ریفراندۆمە، ڕۆژنامەنووس سامی کۆهێن بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: ((بۆ بارودۆخی سیاسی تورکیا ئەم ریفراندۆمە هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو دیموکراسی. بێگومان ئەم مەسەلەیە زۆر تاوتوێ و گفتوگۆی لەسەر کراوە و ئەمەش شتێکی ئاساییە و پرۆسەیەکی دیموکراتیە، بەڵام ئیرادەی سیاسی وەك بینمان بەدەستهێنانی ڕێژەی ٪ ٥٨ی دەنگەکان بە(بەڵێ) مافی گۆڕانکاری لە دەستوور بەدەست هێنا. ئەمەش هەروەکو وتم هەنگاوێکی دیکەیە لە ڕێی دیموکراسی و پێویستە هەر بەوەشەوە نەوەستێ و حکومەتیش لەم ڕووەوە بڕیاری داوە کە تەنیا بەم گۆڕانە ڕازی نەبێ . بۆیە ئەگەر لە ڕوانگەی دیموکراسیەوە سەیری ریفراندۆم بکەین بە ئەنجام دەبینین کۆمەڵێك گۆڕان و چاکسازی لە ئارادایە، بۆیە پێویستە ئەم ریفراندۆمە وەك هەنگاوێکی پۆزەتیف سەیر بکرێ. لەلایەکی دیکەوە ڕێژەی ٪٥٨ دەنگەکان بەبەڵی لەسەرووی ئاستی مەزندەکانەوە سەیر دەکەم و سەرۆك وەزیرانیش لە هەڵمەتی پرۆسەی ریفراندۆمەکە پێشبینی لە ٪٥٥ی کردبوو، بەڵام هۆکاری بەدەستهێنانی ئەم دەنگە زۆرە دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی و سەرکەوتوویی سەرۆك وەزیران و سەرانی AKP لە هەڵمەتەکانی ریفراندۆم. لەسەرتاسەری تورکیا ئێمە هەڵمەت و پڕوپاگەندەی سەرنجڕاکێشی وا گەورەمان نەبینیبوو، تەنیا لەکاتی هەڵبژاردنەکان نەبێ، پێشتر بۆ ریفراندۆم هەرگیز هەڵمەتی وا گەورە ساز نەکراوە. سەرۆك وەزیران و ئەندامەکانی تر لە گشت شارو شارۆچکەکان وتاریان پێشکەش کرد و کارێکی زۆر لە بواری پێوەندی لەگەڵ خەڵك کرا وەك ڕۆژاواییەکان لەڕێی ڕێکلامەکانی ڕۆژنامە و پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن و . تاد. بێگومان ئەمانەش هەموو بەیەکەوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بەدەستهێنانی ئەم ئەنجامە)).

سامی کۆهین هۆکاری بایکۆتکردنی ئەم ریفراندۆمەی لەلایەن کوردی تورکیا گێڕایەوە بۆ دوو فاکتەر و بەمجۆرە دەسنیشانی کردن و وتی: ((بێگومان لێرەدا دوو فاکتەر هەن، یەکەمیان خەڵکانێك گوێڕایەڵی ئەو بانگەوازەی AKP بوون . بێگومان بەشێکی زۆری خەڵکیش لەو ناوچانە بەشداریان نەکرد، بەتایبەتی هەندێك ناوچە بەشێکی هەرە زۆرینەی خەڵکی بەشدار نەبوون، بەڵام زۆربەی ئەو هاووڵاتییە کوردانەی چوون بۆ دەنگدان «بەڵێ»یان هەڵبژارد، ڕوونکردنەوەی ئەمەش هەروەکو باسم کرد چوونی سەرۆك وەزیرانە بۆ ناوچەکە و وتارەکانی لەمیانەی ئەو هەڵمەتە چڕەی ریفراندۆم لە دیاربەکر و



ناوچەکانی تر کاریگەر بوون. بێگومان ناتوانین بڵێین کەوا گشت خەڵکی ئەو ناوچە کوردیانە پابەند بوون بە بایکۆتەکە، بۆیە ئەوانەی کە بەشداریان کرد دەنگیان بە ویستی AKP بەخشی. ئەمەش گەشەسەندنێکی گرنگە، چونکە بەتەنیا AKP نەچوو بۆ ئەو ناوچانە، بەڵکو زۆربەی پارتەکان سەردانی ناوچەکانیان کرد، بەڵام بە تەنیا AKP توانی بوونی خۆی بسەلمێنێ و کاریگەر بێ)).

دەربارەی گرنگی ئەم ریفراندۆمە و کاریگەریشی لەسەر دۆزی کورد لە تورکیا، کۆهین ئاماژەی بەوەکرد: ((ئەو گۆڕانکاریانەی ئەنجام دەدرێن، دەبێتە رێخۆشکەرێك بۆ تورکیایەکی زیاتر دیموکرات و سەربەخۆتر لەرووی رادەربڕین. بۆیە ئەمەش شتێکی زۆر گرنگە لەرووی بەدیموکراسیتربوونی تورکیا. بە نیسبەت مەسەلەی کورد، ئەوا چاوەڕوانی کردنی چارەسەری کێشەی کورد و بەستنەوەی بەم ریفراندۆمە پێموابێ شتێکی راست نییە، چونکە ئەم ریفراندۆمە بۆ ئەو ئامانجە نەبوو، بەڵام لەمیانەی ئەو چالاکیانەی بەرەو بە دیموکراسی بوون و گۆڕانکاری تری یاسای گشتی لەمەوە بەدوا، هەر وەك باسم کرد ئەمە هەنگاوێکە بۆ بەدیموکراسی بوون و پێویستە هەنگاوی دیکەی بەدوادا بێت. بێگومان ئەگەر ئەمە وەك دەسپێکێك سەیر بکەین، ئەوا لەمەودوا لەوانەیە ببێتە هەنگاوێکی نوێ لەرووی پەیدابوونی دیالۆگێکی نوێ سەبارەت بەم کێشەیە. ئێمەش هیوای ئەمە دەخوازین و حەزمان لێیە ئاوا بێت. هەر هەنگاوێك کە رووەو دیموکراسی نرابێت، تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا زیاتر نزیك دەکاتەوە، ئەمە شتێکە گومانی تێدا نییە، سەرەڕای ئەوەش روونکردنەوەکانی سەرۆکی یەکێتی ئەوروپا و سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای ئەوروپا کە ئەمانە هەمووی روونکردنەوەی فەرمین ئەمە دووپات دەکەنەوە. واتە یەکێتی ئەوروپا ئەو هەنگاوەی تورکیا زۆر بەهەنگاوێکی پۆزەتیف و بوێرانە لەقەڵەم دەدات کە ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە، بەڵام هەروەکو لە سەرەتاشدا ئاماژەم پێکرد ئەم هەنگاوە بە تەنیا بەس نییە و چاکسازی تر پێویستە بکرێ. ئەو چاکسازیانەش پێویستە بەردەوام بن و یەکێتی ئەوروپاش بەردەوام لە بەدواچووندا دەبێت، بەڵام تەنیا بە گۆڕانی یاسای گشتی ناتوانرێ گەرەنتی بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا مسۆگەر بکرێت، بەڵکو خۆگونجاندن و پەیوەست بوون بە ستاندارتی یەکێتی ئەوروپا ماوەی ئەندابوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا خێراتر دەکات، بۆیە بەدڵنیاییەوە تورکیا بەم گۆڕانکاریەی یاسای گشتی لە یەکێتی ئەوروپا نزیك دەبێتەوە، بەڵام ئەمە بەتەنیا نابێتە هۆی گەرەنتی کردنی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا)).

دەربارەی کاریگەری ئەم ریفراندۆمەش لەسەر پێگەی AKP لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا سامی کۆهین ئەم مەسەلەیە بەو جۆرە دەبینێت کە بێگومان کاریگەری هەبووە و لەمبارەوە وتی: ((بێگومان AK پارتی و بەتایبەتی سەرۆك وەزیران بەهۆی ئەم ریفراندۆمە زیاتر بەهێز بوون. واتە ئەنجامی ئەم ریفراندۆمە بووە هۆی زیادبوونی هێزی سەرۆك وەزیران و AK پارتی و کاریگەریشیانی زیاد کرد. ئەمەش راستیەکە و پێویستە قبووڵ بکرێ . ئێستا کێشەکە بریتییە لە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم هێزە وەدەست هاتووە لەمەودوا. واتە ئەمە بەکاردەهێنرێ بۆ زیاتر دیموکرات و هاوپەیمان بوونی تورکیا یاخود بۆ لایەکی ترەوە بەکار دەهێنرێت، ئەمەش لەگەڵ بەسەرچوونی کات بۆمان دەردەکەوێت. لەو بڕوایە نیم کەوا زیاتر بەهێزبوونی AK پارتی بەهۆی ئەم ریفراندۆمەوە ببێتە مەترسیەك لەسەر ناسنامەی عەلمانی تورکیا یاخود ببێتە هۆی گۆڕینێکی بنەڕەتی سیستەمی دامەزراوەیی تورکیا. بەشێوەیەکی روونتر پێموایە هەڵەیە کە AK پارتی وەك مەترسێك بۆ عەلمانییەتی تورکیا و پێکهاتەی عەلمانی تورکیا ببینرێت)).

**هەر هەنگاوێک کە رووەو دیموکراسی نرابێت، تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا زیاتر نزیک دەکاتەوە**

**AKP و سەرۆک وەزیران بەهۆی ئەم ریفراندۆمە زیاتر بەهێز بوون**

**ریفراندۆم چاکسازی دەکات بۆ گۆڕینی پێکهاتە بیرۆکراتییەکانی تورکیا بۆ زیاتر دیموکراتی و کرانەوە**



ئیحسان داغی ئەکادیمی و رۆژنامەنووسی تورکی بۆ گوڵان:

# ئەنجامی ریفراندۆمەکە سەلماندیەوە خەڵکی تورکیا دیموکراتی و حکومڕانی مەدەنی دەوێت

پرۆفیسۆر ئیحسان داغی ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی میدل ئێست تەکنۆلۆژی و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرسی کورد لە تورکیا و پرۆسەی بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا، هەروەها یەکێکە لە ستوونسوسە دیارەکانی رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی چاپی ئینگلیزی، سەبارەت بە گرنگی ئەم ریفرادۆمەی تورکیا لە لێدوانێکی تایبەت بە گوڵان بەمجۆرە بیربۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو و وتی: ((ئەنجامی ریفراندۆمەکە زۆر سەرسوڕهێنەر نییە، لەبەر ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆربەی زۆری خەڵکی تورکیا لایەنگری بەدیموکراتی بوون و حکومڕانی مەدەنین. ئەنجامەکانی ریفراندۆمی ١٢ی ئەیلوولیش ئەمەیان دووپات کردەوە کەوا سیاسەتی خەڵکی تورکیا بریتییە لە پاڵپشتی کردنی تورکیایەکی دیموکرات و لەرووی سیاسیشەوە بەدیموکراتی بوون دەخاتە سەرووی هەموو شتێکەوە و پاڵپشتی ئەو بزووتنەوە سیاسییانە دەکات. پێموایە ئەو ئامانجەی بەدەست هێنراوە پاڵپشتی گۆڕانکارییە، ئەو گۆڕانەش، گۆڕانێکی بێ پلان و هەڕەمەکی نییە، چونکە ئاراستەی ئەو گۆڕانە دیارە کە بەرەو سڤیل بوون و بەدیموکراتی بوون دەڕوات، لەم رووەوەش AKP بەهێزترین هێزی سیاسی بەڕێوەبەری ریفراندۆمە بووە و هێمای متمانەیە لە تورکیادا. هەرچەندە ئەم دەنگدانە و بڕوا پێهێنان بە متمانەیی AKP مانای ئەوە نییە کەوا متمانە بە گشت سیاسەتەکانی AKP دەکەن، بەڵکو دەنگدانێك بوو بۆ متمانەیی سیاسەتی بەدیموکراتی بوون و سڤیل بوونی AKP یە. واتە لە تورکیا ئەو بزووتنەوە سیاسییەی کە پرۆژەی سەبارەت بە سڤیل بوون و بەدیموکراتی بوون دروست دەکات، پاڵپشتی خەڵکی بەرێژەی ٪٥٨ ـەو ئەوەش زۆر گرنگە و رێنیشاندەری گشت سیاسەتەکانی تورکیایە، ئەگەر پارتە سیاسییەکانی تورکیا بتوانن ئەنجامی دروست لەوەوە دەربێنن، ئەوا براوە دەبن. ئەوانەی لەدژی ئیرادەی خەڵکی سڤیل لایەنگری ئیرادەی دەوڵەتچییێتی و سەربازی دەکەن هەمیشە دۆڕاو دەبن. ئەوانەی لەدژی دیموکراتی پاڵپشتی سیاسەتی بیرۆکرات و بزووتنەوەکانی بیرۆکراتی دەکەن، هەمیشە دەدۆڕێن، بۆیە لێرەوەش پێویستە زۆر پەند لەو ریفراندۆمە وەربگیرێت)).

لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەوەی ئایا ئەم ئاکامە تاچەند کاریگەری لەسەر داهاتووی تورکیا دەبێت پرۆفیسۆر داغی وتی: ((ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە، ئەو ریفراندۆمە جگە لە مەسەلەی AKP رێکخستن و چاکسازی دەکات سەبارەت بە گۆڕینی پێکهاتە بیرۆکراتییەکانی تورکیا بۆ زیاتر دیموکراتی و کرانەوە. لەم رووەوە گۆڕانێکی گەورەتر لە AKP یارمەتیدەری بەدیموکراتی بوون و سڤیل بوونی تورکیا دەدات. لێرەدا پێویستە بزانین AKP دەکەوێتە کوێی ئەم مەسەلەیە؟ بەڵێ بەدەستهێنانی ٪٥٨ بەڵێ بووە هۆی بەهێزبوونی AKP، بەڵام گۆڕانکارییەکانی یاسای گشتی نابنە هۆی بەهێزبوونی AKP، بەڵام دەبێتە مایەی قازانجی گشت لایەن و ئەکتەرەکانی سیاسەتی بەمەدەنیکردن. ئەمڕۆ AKP لە دەسەڵاتە و بەیانی پارتێکی تر، بەڵام ئەم گۆڕانانە بواری سیاسەتی سڤیل فراوان دەکەن و AKP لێرەوە هێز وەردەگرێ و بەهێزتر دەبێ، ئەو ئەنجامەی AKP ئەوەی نیشاندا کە AKP دەتوانێ تورکیا بخوێنێتەوە و تێبگات و دەتوانێ داواکاری و پێداویستییە گشتییەکانی تورکیا پڕ بکاتەوە، واتە بەکورتی دەتوانێ ویستی گۆڕانی تورکیا ببینێ و ئەم ریفراندۆمەش نیشاندەری ئەوەیە. لە ئەنجامیشدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە AKP پارتێکی سیاسی ئەوتۆیە کە دەتوانێ داواکاری گۆڕانی چینەکانی کۆمەڵگە بەشێوەی پرۆگرامی سیاسی بخاتە روو، واتە توانی ببێتە ئەکتەری سیاسی داواکاری گۆڕانی کۆمەڵگە و تا ئەمەش بکات بەهێزتر دەبێت، ئەنجامی ئەم ریفراندۆمەش بە رێژەی ٪٥٨ کە لە سەرووی پێشبینی AKP بوو نیشاندەری ئەوەیە. کەواتە لێرەدا داواکاریەکی گۆڕان هەیە و AKP توانی ئەمە بەڕاستی بخوێنێتەوە و ببێتە لایەنگری گۆڕان و توانی ببێتە پێشەوای نوێنەری بەدیموکراسی بوون و سڤیل بوونی کۆمەڵگە، بەڵام لێرەدا بابزانین ئەوانەی لایەنگیری نەخێر بوون بۆ؟ پێموایە ئەوانەی دەنگی «نەخێر» یان دا نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ ویستی گۆڕان و گۆڕانی سیاسی تورکیا بگونجێنن، واتە لە مەسەلەیەکی گرنگی وەك گۆڕانکاری یاسای گشتی، لایەنگرانی نەخێر لەسەرووی هەمووشیانەوە CHP بۆیان دەرکەوت کە چیتر هێزی باڵا نین. واتە چیتر بۆ گۆڕانکاری تورکیا پێویستی بە رەزامەندی کەمالیست و عەلمانییەکان نییە. تورکیا بە زۆرینەیی خۆی و بەبێ بوونی رەزامەندی کەمالیستیەکان و CHP دەتوانێ یاسای گشتی بگۆڕێ و بێگومان دەتوانێ یاسایەکی گشتی نوێ دروست بکات. لێرەدا لایەنگرانی «نەخێر» و کەمالیستەکان سنوورەکانی هێزی خۆیان بینی، بەتایبەتی لە مەسەلەی گۆڕانکاریەکانی یاسای گشتی پێیانوابوو ئەگەر CHP رازی نەبێ، ئەوا ناتوانن یاسای گشتی بگۆڕن و هەروەها دادگای یاسای گشتیش بەهەمان شێوە.CHP و لق و پۆپەکانی CHP لە دادگای یاسای گشتی وایاندەزانی ئەگەر رازی نەبن، ئەوا یاسای گشتی لە تورکیا ناگۆڕێ و ئەنجامی ئەم ریفراندۆمە ئەوەی نیشان دا کە ئەم بیروبۆچوونە راست نییە. چیتر کۆمەڵگە و بزووتنەوە سیاسییەکان بەو رێژەیە بێهێزنین کە بەبێ رەزامەندی CHP و دادگای یاسای گشتی، یاسای گشتی بگۆڕن و ئەم چینە خاوەنی پاڵپشتی کۆمەڵگەن. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لایەنگرانی نەخێر ئەوەندە بەهێز نین کە بتوانن رێگە لە تورکیا بگرن)).

بەپێی قسەکانی پرۆفیسۆر داغی ئێستا تورکیا

خەریکە دەرگایەکی والآی بۆ یەکێتی ئەوروپا بۆدەکرێتەوە بۆیە لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ئاماژەی بۆ کاریگەری ئاکامی ریفراندۆمەکە بۆ نزیکبوونەوەی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا کرد و وتی: ((بەم گۆڕانکاریانەی ئێستا یاسای گشتی تۆزێك بە دیموکراسی تر بوو بێگومان، بەڵام ئەم یاسا گشتیە هێشتا خاوەنی ئەو ستانداردە نییە کە بتوانێ تورکیا بخاتە ناو یەکێتی ئەوروپا. تەنیا رێخۆشکەرە بۆ تورکیا و پاڵپشتیکارە بۆ یەکگرتن و بوون بەیەك پارچە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، بەڵام ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا بەم ستانداردانەی یاسای گشتی هێشتا بەدەست نایەت، چونکە لەو یاسا گشتیەی ئێستا کێشە هەر هەیە و پێویستی بە رێکخستن و چاکسازی زیاترە بۆ نەهێشتنی ئەم کێشانە. هەر خۆی لەخۆیدا یەکێك لەو شتانەی لەگەڵ ئەنجامی ئەم ریفراندۆمە بۆمان دەرکەوت ئەوە بوو پێداویستی دامەزراندن و رێکخستنی یاسایەکی گشتی نوێ. سەرۆك وەزیران ئەردۆغانیش بەر لە دەرکەوتنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم رایگەیاند کەوا لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا بەنیازی دروستکردنی یاسایەکی گشتی نوێن. بۆیە پێموایە لەو ماوەیەی داهاتوو تورکیا لە بری چاککردنەوە و گەشەپێدانی یاسایەکی گشتی دروستکراوی سەرباز هەڵدەستێت بە دامەزراندنی یاسایەکی گشتی نوێ. ئەگەر بێتو سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین لە روانگەی یەکێتی ئەوروپاوە، ئەوا هەر لە سەرەتاوە یەکێتی ئەوروپا پاڵپشتیکاری ئەم گۆڕانکاریەی یاسای گشتی بووە، چونکە زۆرێك لەو مادده گۆڕاوانەی یاسای گشتی لەگەڵ داواکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا هاوشێوەن، بۆنموونە رێکخراوی چاودێری کۆمەڵایەتی و پاراستنی ئافرەت و بێدەسەڵاتان و دادگایی کرانی دروستکەرانی یاخبوونی سەربازی ١٢ی ئەیلوول و...تاد. ئەوانە گشتیان ئەو گەشەسەندنانەن کە یەکێتی ئەوروپا لە تورکیای داوا کردبوو. لە ئەنجامدا ئەم گۆڕانە ویست و خواستی بۆ بە دیموکراسی بوون و سڤیل بوونی تورکیای دەرخست، ئەمەش بووە هۆی کارتێکردنی بیرۆکەی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە تورکیا بەشێوەیەکی جددی. واتە یەکێتی ئەوروپاش هێزو توانستی لایەنگرانی چاکسازی و بەدیموکراسی بوونی تورکیای بینی، چونکە ئەم چینە لایەنگرانە پاڵپشتیکاری پرۆژەی یەکێتی ئەوروپان. بۆیە پێموایە یەکێتی ئەوروپا لەبەرامبەر هێز و ویستی لایەنگرانی دیموکراسی و پرۆژەی یەکێتی ئەوروپا پێویستی خێراکردنی ماوەی بەئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتیەکە لەخۆی دەبینێ)).









**چیتر لە گۆڕانکارییەکانی تورکیادا پێویست بە رەزامەندی کەمالیست و عەلمانییەکان ناکات**

**بە ئەنجامدانی ریفراندۆم یاسای گشتی لەتورکیا کەمێک بەدیموکراسی تر بوو**

**لە ماوەی داهاتوو تورکیا هەڵدەستێت بە دامەزراندنی یاسایەکی گشتی نوێ دوور لەیاسا دروستکراوە سەربازییەکەی**

# ستراتیژی پێنج ساڵی داهاتووی تورکیا



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

**دیکۆمێنتەکەی ئاسایشی نەتەوەیی ئاشتی لەبری پێشبڕکێ دەکاتە بنەما بۆ دارشتنی پەیوەندییەکانی لەناوچەکەدا**

دەوڵەتی تورکیای مۆدێرن پاش جەنگی یەکەمی جیهانی پەیدا بووە، ئەمە یەکەم جارە کوردی عێراق لەدیکۆمێنتێکی فەرمیدا بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دانەنرێن. لەتورکیا هەر پێنج ساڵ جارێك بەرنامەی ئاسایشی نەتەوەیی لەبەر رۆشنایی گۆڕانکارییە سیاسییەکان دادەندرێ. ئەندازەی گۆڕان لەبەرنامەی ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ بەرنامەی پێنج ساڵ لەمەوبەر، ئەندازەیەکی زۆرە. بەرنامەی ساڵی ٢٠٠٥ تێروانینە کلاسیکییەکە بەسەریدا زاڵەو تێیدا هەرێمی کوردستان، دەستکەوتەکانی کوردی عێراق، هەندێ لەگروپە ئیسلامییەکان و هەندێ دەوڵەتی وەك ئێران و یۆنان و روسیا بەمایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دانراون. هی ئەمساڵ بەچاوێکی دۆستانەتر تەماشای لایەنەکان دەکاو لەڕەوتی تەتەڵەکردنی لیستی هەڕەشەکاندا، بەشێکی زۆری لایەنەکان لەلیستەکە دەرهێنراون. ئەمە بەم واتایە دێ کەتورکیا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٥ زۆرتر متمانەی بەخۆ هەیەو لەسیاسەتی دەرەوەو ناوەوەیدا سەرقاڵی ئەوە بووە کەنەیارانی دوێنێ بکاتە دۆست و روخساری هەڕەشەکردنیان لێ دامالێ.

بەپێی پێودانگە تازەکان هەندێ گروپی ئیسلامیی وەك نورچییەکانی سەر بەرێبازی شێخ سەعید نەورەسی و سلێمانییەکانی سەر بە رێبازی حیلمی تونا هان و گروپی فەتحوڵلا گولەن، ئێران، روسیا، یۆنان و هەرێمی کوردستان لەلیستەکەدا نین. ئەمەش خۆی لەخۆیدا گۆڕانێکی ریشەییە لەستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو دەشێ ببێ بەمایەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ لایەنە ناوبراوەکاندا.

لەتورکیا ئەم دیکۆمێنتە فەرمییە وەك دەستوورێکی نهێنی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ و بۆ ماوەی پێنج ساڵ هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە دیاری دەکا. زۆربەی دوژمن و هەڕەشەکان لەدیکۆمێنتەکەی ساڵی ٢٠٠٥ زۆرتر رەنگدانەوەی تێڕوانینی دامەزراوەی سوپاییە کەهەمیشە بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کەگوایە تورکیا لەسەردەمی پەیمانی سیڤەرەوە هەڕەشەی پارچە پارچە کردنی لەسەرەو ستراتیجە نێودەوڵەتییەکان سەرگەرمی لاوازکردنین. بەڵام دیکۆمێنتەکەی ئەمساڵ رەنگدانەوەی تێڕوانینی حکومەتی پارتی دادو پەرەپێدانە کەتوانیویەتی بەرەنج و کۆششی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلو پەراوێزی هەڕەشەکان زۆر تەنگەبەر بکا.

ئەم دیکۆمێنتەی ئاسایشی نەتەوەیی زادەی تێڕوانینی یەك لایەن نییە، بەڵکو رەنگدانەوەی دیدو تێڕوانینی بەکۆمەڵی چەند دامەزراوەیەکی گرنگە، لەسەرووی هەموویانەوە هەردوو وەزارەتی دەرەوەو ناوخۆ و سەرۆکایەتیی ستادی سوپاو دەزگای هەواڵگری.

ناوەڕۆکی دیکۆمێنتەکەی ئەمساڵ ئاشتیخوازتر دێتە بەرچاو، بەتایبەتی سەبارەت بەسێ نەیارە مێژوییەکەی تورکیا کەبریتین لەئێران و روسیا و یۆنان. لەسەر ئاستی دراوسێکان، تورکیا توانیویەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەك لەعێراق و سوریاو یۆنان بکاتە پەیوەندیی ستراتیجی و لەم سەروبەندەدا دیکۆمێنتەکە پێشبینیی بەرپابوونی شەڕ لەدەریای ئیجە ناکا. بەڵام هەڵوێستی تورکیا سەبارەت بەهەڕەشەی پەکەکە هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. مایەی تێرامانە کەتورکیا لەساڵی ٢٠٠٥ ئێرانێکی ئەتۆمیی بەمایەی هەڕەشە دادەنا، بەڵام ئێستا هەمان بۆچوونی ٢٠٠٥ی نییە و لەم سەروبەندەدا بانگەشەکردنی بۆ پێویستیی داماڵینی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەچەکی ئەتۆم ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ کەتورکیا هیچ تایبەتمەندییەك ناداتە پرۆژە ئەتۆمییەکەی ئێران و زۆرتر ئەم پرۆژەیە و هەر پرۆژەیەکی تری لەم چەشنە دەخاتە چوارچێوەیەکی فراوانترەوە کەبریتییە لەدوورخستنەوەی ناوچەکە لەپێشبڕکێی بەدەست هێنانی چەکی ئەتۆم. دیکۆمێنتەکەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا جگە لەوەی کەهاوکاری لەبری ململانێ، لەخۆدڵنیابوون لەبری بەگومان کەوتن، ئاشتی لەبری پێشبڕکێ دەکاتە بنەما بۆ دارشتنی پەیوەندییەکانی لەناوچەکەدا، ئاماژەیەکیشە بۆ تورکیایەکی کراوەترو هاوکارتر لەماوەی پێنج ساڵی ئایندەدا.

# ریفراندۆمی تورکیا: ئەنجام و ئاکار



فەلەکەدین کاکەیی

کشانەوەی سێبەری کودەتای عەسکەری یەکەمین ئامانج و ئاکامی ریفراندۆمی ١٢ی ئەیلول لە تورکیا دوورخستنەوەی مەترسی کودەتای عەسکەری و نەهێشتنی دەزگای سوپا لە کاروباری سیاسیدایە.

لە هەمان وەختدا ئاکامی ریفراندۆمەکە زەبرێکی قورسی بە پەیکەری سیستەمی کەمالیزم وەشاندووە و دەرگای کردۆتەوە بە رووی چەندین گۆڕانکاریی دیموکراتی، نەخاسمە رۆڵی دەزگای دەستووری و قەزاییش دژ بە چالاکی حزبەکان لاواز بووەوە.

سەرکەوتنە بۆ ئوردۆگان و بۆ مەسەلەی کوردیش:

لە رووی حزبی و سیاسییەوە پارتی دادوگەشەپێدان و تەیب ئوردۆگان سەرەکیترین براوەی ئەم ریفراندۆمەیە لەسەر ئاستی تورکیادا.

لەسەرێکی دیکەشەوە ریفراندۆمەکە بەخێر بۆ کورد و مەسەلەکەی گەڕایەوە هەرچەندە ئەمەیان لە ئامانجەکانیدا نەبووە و ناوی کورد لە ریفراندۆمەکەدا راستەوخۆ نەهاتووە.

لە ئاکامدا هەر زەبرێك بەر سیستەم و کەلەپووری کەمالیزم بکەوێت لە قازانجی پێشکەوتنی مەسەلەی کوردە لەو وڵاتەدا، چونکە کەمالیزم و دەستوورەکەی لە بنچینەوە، لەسەر ئینکار و سڕینەوەی هەبوونی کورد، دامەزراوە. کەواتە ریفراندۆمەکە ئیدانەی سیاسەتی نارەوای هەشتا ساڵی رابردووە کە دەرهەق کورد ئەنجامدراوە.

هەر خودی پرۆسەی ریفراندۆمەکە پیشانیداوە کە ئیتر گەلی کورد پتر ئازاد و دەستکراوەیە لەوەی بەشداری ژیانی سیاسی تورکیا ببێت و چارەنووسی خۆی، وردە وردە، دیاریبکات.

باندۆری خورتی کورد:

لەم ریفراندۆمەدا دەنگدەرانی کورد، لە رواڵەتدا، دوو بەش بوون و بە دوو ئاراستەی جیادا دەنگیان داوە، چونکە بایکۆتی پارتی ئاشتی و دیموکراتیش شێوەیەکی دەنگدانە، کە نە(ئەرێ) و نە(نەرێ) بووە، بەڵام جۆرە ریفراندۆمێك بووە، بۆ پێگەی ئەم پارتە و خواستی کورد.

پارتی ئاشتی BDP دەیویست خواستی کوردیش بخرێتە ریفراندۆمەوە، واتە: ئەم پارتە دەنگی بەم خواستە داوە، لە هەمان کاتدا توانی بسەلمێنێ کە زۆربەی دەنگدەرانی کورد(نزیکەی ٦٠٪) لەگەڵ ئەم پارتەدان.

لەسەرێکی دیکەوە نزیکەی ٣٠ - ٣٥٪ دەنگدەری کورد، بە پێچەوانەی بانگەوازی BDP چوونە دەنگدان و بە(ئەرێ) پشتگیرییان لە داخوازییەکانی ریفراندۆم دەربڕیووە.

هەندێ چاودێری سیاسی لایان وایە کە دەنگی ئەرێنی ئەم کوردانە هۆیەکی سەرکەوتنی ریفراندۆمەکە و ئوردۆگانە.

ئەگەر وەهابێ، ئەویش، جارێکی تر، گرنگی باندۆری دەنگی کورد لە هەر هەڵبژاردن و ریفراندۆمێکی داهاتوو دەسەلمێنێ.

واتە: رێژەی بایکۆتی(دەنگنەدان) لەلایەکەوە، رێژەی دەنگدەرانی کورد لەلایەکی دیکەوە، پێکەوە ئەوەیان دەرخستووە کە پێگەی سیاسی کورد لە تورکیا ئیدی بووە بە فاکتەرێکی هەرە گرنگ، هیچ حزبێکی تورکیا، چ چەپ یان راست، ناتوانێ هێزی دەنگدەرانی کورد لەبەرچاو نەگرێت.

ماوەتەوە کورد بزانێ و بتوانێ چۆن ئەم هێزە تازەیە بەکارببا بۆ پێشخستنی مافەکانی.

دوو باڵی کورد:

لەم ریفراندۆمەدا روونتر بووەوە کە دەنگدەرانی کورد دوو باڵ بوونە: باڵێکی سەر بە سیاسەتی پارتی ئاشتی(BDP) باڵەکەی تر سەر بە سیاسەتی پارتی داد(AKP) بووە، بەپێی بۆچوونی چاودێران چینی ناوەندی (بورجوازی) و شارنشینەکان، بە گشتی سەر بە باڵی دووەم بوونە.

لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا رەنگە ئەم ریزبەندییە هێشتاش بەرجەستە تر بێت، بەڵکو پێشبینی پێشکەوتنی رێژەیی باڵی دووەم دەکرێت، کەواتە دەبێ بەرپرسانی BDP بە هەلومەرج و سیاسەتی خۆیانا بچنەوە.

دەنگنەدەرانی ریفراندۆمەکە، واتە بایکۆتکەران، بە نزیکەی چوارده ملیۆن، لەسەر ئاستی تورکیا، گەیشتوونە، کە زۆربەیان کوردی سەر بە BDP بوونە. خۆ ئەگەر ئەم پارتە لە جیاتی بایکۆت(نە ئەرێ و نە نەرێ) بڕیاری نەرێی بدابا و ریفراندۆمەکەی رەتبکردایەوە، ئەوە رەنگە ئوردۆگان شکست بهێنێ، ئەنقەرە ئەمڕۆ حیسابی ئەو ئەگەرەش دەکات، بەڵام کورد چ سوودێکی دەبوو لە فەشەلهێنانی ریفراندۆمەکە؟! ئەمەش پرسیارێکی هەرە گرنگە، پرسیارێکی دیکەی لێدەبێتەوە، کە بەدیلی کورد چیدەبوو؟ کورد چ سوودێکی لە مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی عەسکەردا هەبوو؟ ئایا نەیارانی ریفراندۆمەکە، کە حزبە شۆفینیست و ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان، چ بەرنامەیەکی روونیان بۆ مەسەلەی کورد هەیە، ئەوە نەبێ کە هێشتاش دان بە بوونی کوردا نانێن؟!

کەواتە: حیزب و هێزە کوردییەکانی باکوور دەبێ لەمە بەدوا وریاتر و هۆشیارتر ببن و هاوپەیمانی مەسەلەکەیان چاکتر بناسن و خۆیان لە لیستێکی خەتەرناك دوورر بخەنەوە.

تەبایی و ئاشتی:

ئاکامی ریفراندۆمەکە، هەمووی بۆ کورد باشە، تێدا کورد هیچ زیانێکی نەدیووە، قازانج نەبێ، ئەویش قازانجی گەورە، کەوابێ، کورد دەبێ تێبکۆشێ بۆ بەدیهێنانی هەمووارییەکانی دەستوور و، پشتگیریی بکات لە پرۆسەی گەشەسەندووی دیموکراسی لە تورکیا.

لەوەش گرنگتر دەبێ هەوڵبدەن بۆ درێژکردنەوەی ئاگربەستی نێوان هێزی پەکەکە و هێزی سوپای تورکیا، ئەم شەڕە دەبێت رابگیرێ.

سەرانی پەکەکە چاکترە بیر لە ئایندەی دیموکراسی بکەنەوە، بڕیاری درێژکردنەوەی ئاگر بەس تا چەندین مانگ یا ساڵێك وەربگرن، هەروەها حکومەتی تورکیاش پێویستە بە دەنگی ئاگر بەسەوە بچێ و هەلومەرجی ئاشتی برەخسێنێت، چونکە دوای ریفراندۆم بارودۆخی باشتر هاتووتە کایەوە، بۆ چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد.

بەرژەوەندی باڵای کورد (کوردی تورکیا و وڵاتانی دیکەش) لە سەقامگیربوونی ئاشتی و پێشکەوتنی پرۆسەی دیموکراتیی تورکیایە.

# کردنەوەی گرێکوێرەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق لەمەحاڵ دەچێت



ئەگەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق نەگەیشتبایە ئەو حاڵەتە بن بەستە و چارەسەرکردنی مەحاڵ، ئەمریکا پێشنیاری پلانێکی نەدەکرد بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران، ئەمە دروست مانای ئەوەیە لەعێراقدا چەند سەرۆك وەزیرێك هەبێت، هەروەك چۆن لەئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆماردا مافی ڤیتۆ بۆ سەرۆك كۆمار و دووجێگرەکەی دابینکراوە و هەرسێکیان وەك سەرۆك توانای ڕەتکردنەوەی بڕیار و یاساکانی پەرلەمانی عێراقیان هەیە، بەڵام

وێڕای ئەوەی ئەمریکا پەنای بۆ ئەوەش برد بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی کاندیدکردنی پۆستی سەرۆك وەزیران بەچەند سەرۆك وەزیرانێك بەناوی جیاواز چارەسەر بکات، بەڵام لایەنە عێراقییەکان بەم چارەسەرەش رازی نەبوون، بۆیە ئێستا هەندێك لایەن بەتایبەتی ئەندامانی لیستی ئەلعێراقیە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن لەبەر ئەوەی عێراق هەتا ئێستاش لەژێر فەسڵی حەوتەمی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکانە ئەوە بەرپرسیاریەتی

نەتەوە یەکگرتووەکانە کە بێتە ناو پرۆسەکە و بڕیارێك لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بدات، بەڵام وەك زۆربەی چاودێران ئاماژەی پێدەکەن، هاتنە ناوەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبری ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات، کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات.

کێشەکانی عێراق

خەریکە دەکەونە دەرەوەی سیاسەت

کێشەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی عێراق بۆ

پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، وەك سەرنجی لێدەرێت خەریکە دەکەونە دەرەوەی ئەو ناوەند و ئامۆژگا ستراتیژیانەی کەپێشتر بەردەوام دیراسەتیان لەسەر باری عێراق و رێگە چارە بۆ چارەسەری کێشەکان بڵاودەکردەوە، بەڵام ئێستا چەندین ناوەندی گرنگ، وەك ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك، کە بایەخێکی هێجگار زۆر به پرسی عێراق دەدات و یەکەم ئامۆژگای ستراتیژی بوو پێش یەکلاییکردنەوەی ئاکامی دەنگدانەکانی مانگی مارتی رابردوو رایگەیاند حکومەتی داهاتووی عێراق لەمانگی ئاب پێکدەهێنرێت، دەبینین دوا بابەتی کە لەسەر عێراق بڵاویکردۆتەوە بەرواری ٥ی ئابی لەسەرەو لەدوای ٥ی ئابەوە هیچ بابەتێکی لەسەر عێراق بڵاونەکردۆتەوە، هەروەها ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز کە سەنتەرێکی تایبەتی وەك سەنتەری سابانی هەیە بۆ بایەخدان بە پرسی عێراق لە٢٧ی تەممووزەوە یەك وشەی لەسەر پێکهێنانی حکومەتی عێراق بڵاو نەکردۆتەوە، لەژمارەکانی رابردووی گوڵانیشدا دیمانەیەکمان لەگەڵ جامیس دۆبینز سەرۆکی ئامۆژگای رەند کرد، ئەو ئامۆژگایەی لەساڵی **١٩٩٣** دیراسەتی عێراقی **٢٠٠٣**ی بڵاوکردەوە، ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر تا تشرینی یەکەمی داهاتوو حکومەتی عێراق پێکنەهێنرێت، مانای وایە عێراق رووبەڕووی مەترسیەکی گەورە دەبێتەوە، جامیس دۆبینز کە لەدوو پۆستی کلینتۆن و جۆرج دەبلیو راوێژکاری تایبەتی هەردوو سەرۆك بووە، پێیوابوو ئێستاش عێراق بە دەوڵەتی فاشیل پێناسە نەکرێت، لەداهاتوودا هەر دەبێتە دەوڵەتی فاشیل.

ئاماژەکردنمان بەم خاڵانە بۆ پیشاندانی رەشبین نییە بەداهاتووی ئەم وڵاتە، بەڵکو پیشاندانی راستیەکە کە هەموو شرۆڤەیەکی سیاسی لەئاستیدا رادەوەستێت، بۆ ئەم راپۆرتە راوبۆچوونی چەند کەسێکمان وەگرتووە، کە لەعێراق و ئوردن و ئەمریکا قسەمان لەگەڵ کردوون، لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی هیچ کامیان لەدوور و نە نزیك لەیەکتری ناچێت، بەڵام لەسەر رەوشی عێراق لەزۆر لایەندا بۆچوونەکانیان یەکدەگرێتەوە.



## جەمال بەتیخ پەرلەمانتاری ئەلعێراقیە بۆ گوڵان:

# بارودۆخی سیاسیی عێراق مایەی بێزاربوونە

جەمال بەتیخ پەرلەمانتاری لیستی ئەلعێراقیە یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی کە هەفتەی رابردوو رایگەیاند، پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان دەست لەپرۆسەی سیاسیی عێراق وەربدات و بێتە ناو پرۆسەکەوە بۆئەوەی چارەسەرێك بۆ بارودۆخەکە بدۆزرێتەوە، ئەم تێڕوانینە تێڕوانێکی تا ئەوپەڕی بێزاری لێدەخوێنرێتەوە و جۆرێك لەبێئومێدی لێدەخوێندەرێتەوە بەرامبەر داهاتووی عێراق، لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لە پەرلەمانتار جەمال بەتیخ کرد: ئاخۆ چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینێت؟ لەوەڵامدا بەم راشکاوییە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: ((بارودۆخەکە لەرووی سیاسییەکە مایەی بێزاربوونە، سەرچاوەی ئەم بێزاربوونەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو چەمکە دیموکراتیانەی لایەنە سیاسییەکان لەساڵی ۲۰۰۳دا تەبەنیان کرد و مژدەبەخش بوون بۆ خەڵك، ئەوا لەکاتی مومارەسەکردن و لەکاتی دەسەڵات وەرگرتندا، مەسەلەکە جیاواز بوون، بۆ نموونە کاتێك لەساڵی ۲۰۰٤ عەللاوی جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو لەدوای دۆڕاندنی هەڵبژاردنەکان ئاشتیانە دەسەڵاتی تەسلیم کرد، بەڵام ئێستا هەست دەکرێت هەندێ لایەنی سیاسی کە کۆشش بۆ ئەوە دەکەن تەنها خۆیان دەسەڵاتداربن، هەوڵدەدەن خۆیان لەچەمکە دیموکراتی و مادده دەستوورییەکان و خۆیان لەیاساش بدزنەوە لەپێناو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا. واتە هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو دەستوورە بخەنەلاوە کە خۆیان بەشداربوونە لەنووسینیدا، ئەمەش هەڵگری مەترسیە بۆ سەر داهاتووی وڵاتەکە و بۆ سەر پرۆسە سیاسییەکە. ئێمە دەزانین لەهەمو وڵاتە دیموکراتییەکاندا کە هەڵبژاردن دەکرێت بەچەشنی ئەوەی لەعێراقدا کرا، ئەوا گەورەترین کوتلە ئەرکی پێکهێنانی حکومەتی پێدەسپێردرێت، ئێمەش دەزانین ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق مایەی تاسان بوو بۆ هەندێ کەس،



لەبەر ئەوە هەوڵدار رێگری لەگەورەترین کوتلە بکرێت لەرێی گۆڕینی ئەنجامەکان و لەرێی دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان و لەرێی کاری ریشەکێشکردنەوە. بەڵام ئێستا هەموو چالاکییەکان راوەستاون، خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا پەکیان کەوتووە، ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کوتلەیەی کە خۆی بەگەورەترین کوتلە راگەیاندووە کە ئەگەر ئێمە ئەم بانگەشەیە بەراست بزانین، ئەوا دەبوو ماوەی مانگێگ بدرێت بەو کوتلەیە بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنن، بەڵام ئێستا پێنج مانگ بەسەر ئەو راگەیاندنەدا تێپەڕیوە و حکومەت پێکنەهێنراوە. کێشەکە ئەوەیە هەرسێ لایەنی یەکەم لەهەڵبژاردنەکاندا پێکهێنانی حکومەت بەمافی خۆیان دەزانن، ئەگەر ئەمە مافی دەستووری کوتلەی یەکەم بێت، ئەوا کوتلەی دووەم بێ بوونی ئەم مافە دەستووریە داوای ئەمکارە دەکات و کوتلەی سێیەم سەرەڕای کەمی کورسییەکانی داوای ئەوە دەکات حکومەت پێبکهێنێت، ئەمە لەهیچ وڵاتێکی دنیادا روووینەداوە، لەبەر ئەوە نزیکەی شەش مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیوە و هێشتا تروسکەی ئومێد لەئارادانییە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم بارودۆخەکە. عەللاوی رایگەیاند ئەگەر لایەنە سیاسییەکان ئیعتیرازیان لەسەر شەخسی ئەو هەیە، ئەوا دەکشێتەوە، بەڵام دەبێت کەسێکی دیکە لەلیستی ئەلعێراقیە دەستنیشان بکرێت و ئەو پارێزگاری لەمافی دەستووری لیستەکەی دەکات. بەڵام تا ئێستا لایەنەکانی دیکە ئامادەییان دەرنەبڕیوە لەم رووەوە. لەبەر ئەوە پێموایە بارودۆخەکە بەچەشنی بارودۆخی دوای هەڵبژاردنەکانە و تا ئەم ساتەوەختەش هیچ شتێك نەگۆڕاوە. لەلایەکی دیکەوە سەرەڕای ئەوەی دۆخە سیاسییەکە ئاڵۆزە، ئەوا هۆکارە دەرەکیەکانیش ئەوەندەی دیکە ئاڵۆزی دەکەن، بۆ نموونە ئێران بەرهەڵستی ئەوە دەکات لیستی ئەلعێراقیەکات حکومەت پێکبهێنێت، ئەمریکا بەرهەڵستی ئەوە دەکات حکومەت لەلایەن ئیئتیلافی نیشتمانییەوە پێکبهێنرێت. هەروەها ئەوە روونە کوتلەو لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەرەحمی هێزە دەرەکییەکان لەدایك بوونە، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە لەموعارەزەدا بوون، ئێستا کە لەوڵاتەکەدان پێوەندیان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هەیە کە ئەم هێزانەی لەخۆ گرتبوو، لەبەر ئەوە ئەوە بەدی دەکەین ئەم دەوڵەتانە ململانێ دەکەن لەعێراقدا لەپێناو مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیەکانیاندا، لەهەمان کاتدا لایەنە سیاسییەکان بەگەورە و بچووکیانەوە هانا بۆ ئەم وڵاتانە دەبەن لەپێناو هاوکاری کردن و پاڵپشتیکردنیاندا بۆ ئەوەی بەشێکی زیاتر لەدەستکەوتەکانی پێکهێنانی حکومەت بەدەست بهێنن)).

لەم خوێندنەوەی بۆ بارودۆخی عێراق بۆ گوڵانی کرد، هەستمانکرد کە جۆرە بێزارییەك بەبۆچوونەکانییەوە دیارە، بۆیە لێمان پرسیەوە: ئایا هەر ئەمە هۆکاری ئەوەبوو بانگەشە بۆ ئەوە بکەیت نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو؟ لەوەڵامی

**پێشنیاری پلانەکەی ئەمریکا بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران مانای ئەوەیە لەعێراقدا چەند سەرۆک وەزیرێک هەبێت**

ئەم پرسیارەشدا بەتیخ وتی: ((لەراستیدا شکستهێنانی لایەنە سیاسییەکان بیانوی دایە دەست نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکات لەپرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، لەبەر ئەوەی هێشتا عێراق لەژێر فەسڵی حەوتدایە و بەرپرسیارێتی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر روونە. باوەڕم وانییە بتوانێت هاوکاری عێراق بکات، لەبەر ئەوەی کەس وەك عێراقییەکان ناتوانێت هەست بە ئێش و ئازاری ئەو نەهامەتیانە بکات کە دووچاری بوونە، هێزە دەرەکییەکان هەست بەپێویستی عێراقییەکان ناکەن بەئاو و کارەباو خزمەتگوزاریەکانی دیکە، لەبەر ئەوە پەنابردن بۆیان کارێکی بێهودە و بێئەنجامە، بەڵام چی دەکەیت لەگەڵ سیاسییەکانی عێراقدا کە ئێمەیان گەیاندۆتە ئەم دۆخە. لەراستیدا ئەزموونی دیموکراتی عێراق ئەگەری رووخانی لێدەکرێت، ئێستاش ئەو دەستکەوتانەی لەساڵی ٢٠٠٣وە بەدەست هاتوون لەلێواری لەدەستدان و رووخاندان، ئەویش بەهۆی پێداگیرکردن لەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات و بەهۆی هەوڵەکانی دووبارە چاندن و زیندووکردنەوەی دیکتاتۆریەتەوە، لەبەر ئەوە خەڵکی عێراق هەست بە بێئومێدی دەکات و پێموایە ئەگەر هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە، ئەوا عێراقیەکان روو ناکەنە سندوقەکانی دەنگدان و ئەگەر بەشداریش بکەن، ئەوا دەنگ و متمانەی خۆیان بەو سیاسییانەی ئێستا نادەن کە کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن. هەربۆیە تەمەننای ئێمە ئەوەیە پرۆسە سیاسییەکە لەسەر ئەو پایانە بەردەوامبن کە دەستوور بنیادی ناون، هیواداریین رۆژ بەرۆژ چەمکە دیموکراتیەکان پتەوتربن، یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن بنووسرێت لەئاستی تموحی هاوولاتیانیاندا بێت، خاڵی دووەم دەبێت بایەخ بەئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بدرێت کە یەکێکە لەپایە سەرەکییەکانی دیموکراتی، خاڵی سێیەم ئەوەیە ئێمە پێوستمان بەیاسای حزبەکان هەیە کە ژیانی حزبە سیاسییەکان رێکبخات)).

بەتیخ پلانەکەی ئەمریکا بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران بە تاکتیك دەزانێت بۆ هێشتنەوەی مالیکی لەپۆستی سەرۆك کۆماریدا و سەبارەت بەم پرسە و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم کاتەدا لەعێراق، جەمال بەتیخ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (پێشنیاری ئەمریکا بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران، ئەمە پلانێکە بۆ هێشتنەوەی مالیکی لەپۆستی سەرۆك وەزیران و رێگرتن لەوەی ئەلعێراقیە ئەم پۆستە بگرێتەدەست، ئەویش بە بانگەشەکردن بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی مالیکی و سپاردنی ئەنجومەنی سیاسی بە ئەلعێراقیە کە سەڵاحیەتی فراوانی هەبێت، ئەمانە رێگەچارەیەکن بۆ جوانکردنی پرۆسەکە و هیچی تر، بۆچی ئەمریکا کە هەوڵدەدا دیموکراسی لەعێراقدا بچێنێت و بیکاتە نموونە بۆ ناوچەکە کار بە بنەما دەستوورییەکان ناکات و پارێزگاریان لێناکات، دواتر ئەگەر بمانەوێت دەستوور هەموار بکرێت، ئایا ئەمکارە ساڵێك تا دوو ساڵی پێناچێت. دەبێت ئێمە ئەو راستیەمان لەبەرچاوبێت ئەو وڵاتانەی دەستێوەردان دەکەن لەبارودۆخی عێراق پەرۆشی بەرژەوەندییەکانی خۆیانن نەك بەرژەوەندییەکانی عێراق. سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانیش ئەم مەسەلەیە چەند لایەنێکی هەیە، یەکەم ئێمە دەزانین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووچاری تەنگ و چەڵەمەی ئابووری هاتووە و کەمکردنەوەی هێزەکانی لەعێراقدا دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی خەرجیەکانی، لەلایەکی دیکەوە هێشتنەوەی ٥٠ هەزار سەربازی ئەمریکی کە دابەشبوونە بەسەر ٩٣ بنکەدا، ئەمانە باشترین هێزەکانی ئەمریکا دەتوانن تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیربکەن، لەبەر ئەوە ئەو کشانەوەیە کاریگەر نابێت لەسەر بارودۆخی عێراق)).

سەبارەت بەرۆڵی کورد لەم پرۆسە سیاسییە و ئامادەیی لایەنە عێراقییەکان بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داواکارییەکانی کورد، جەمال بەتیخ ئاماژەی بەوەکرد، ئەو لەسەردانی د.ئەیاد عەللاوی بۆ لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاوەری د.عەللاوی بووەو دەربارەی ئەم پرسە وتی: ((دۆسیەی کورد دۆسیەیەکی سیاسییە، لەبەر ئەوە ئەم پرسە و کێشەی نەوت و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەبێت بەشێوەیەکی سیاسییانە چارەسەر بکرێن، ئەویش لەرێی گفتوگۆیەکی هێمنەوە لەنێوان رۆڵەکانی وڵاتەکەدا و دوور لەتەشەنوج، لەبەر ئەوەی هیچ رێگەیەکی دیکە نامانگەیەنێتە ئەنجام و تەنیا رێگەی ئاشتیانە و دۆستانە چارەسەری کێشەکان دەکات. شەخسی خۆم لەدانیشتنێکدا ئامادەبووم کە بەڕێز عەللاوی سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز مسعود بارزانی رایگەیاند ئەگەر بەرامبەرەکەم کەسێك بێت بە سنگ فراوانییەوە مامەڵە بکات، ئەوا من زیاتر لەوەی چاوەڕوان دەکرێت نەرمی دەنوێنم، لەبەر ئەوە ئامادەیی نەرمی نواندن بوونی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و دوور لەهەڵەشەیی سیاسی. کەواتە ئەمانە کێشەی سیاسین و ئەگەر ئیرادەی سیاسی هەبێت و ئەگەر گفتوگۆی جددی هەبێت، ئەوا هەموویان چارەسەر دەبن)).



**نزیکەی شەش مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیوە و هێشتا تروسکەی ئومێد لەئارادانییە بۆ یەکلاکردنەوەی بارودۆخەکە**

**شکستهێنانی لایەنە سیاسییەکان بیانووی دایە دەست نەتەوە یەکگرتووەکان بۆئەوەی دەستێوەردان بکات لەپرۆسەی پێکهێنانی حکومەت**

**هەندێک لایەنی سیاسی کۆشش بۆ ئەوە دەکەن تەنیا خۆیان دەسەڵاتداربن**

## د.حەیدەر نووسەر و شرۆڤەوانی عێراقی بۆ گوڵان:

# پرۆژە پێشنیارکراوەکەی ئەمریکا بۆ دابەشکردنی دەسەڵات نییە ئەوەندەی بۆ زەوتکردنی هەندێ لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیرانە

گفتوگۆکردن لەسەر زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار و ڕێگەگرتن لە چڕبوونەوە و کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆک وەزیراندا کارێکی گرنگە

د.حەیدەر سەعید یەکێکە لەنووسەر و شۆرڤەوانە بێلایەنەکانی عێراق و ئێستا لەوڵاتی ئوردن دادەنیشێت و وەك نووسەر و شرۆڤەوانێکی عێراق زۆرربەی میدیا عەرەبییەکان بیروبۆچوونەکانی بڵاو دەکەنەوەو بانگهێشتی مێزگرد و وتووێژی کەناڵەکانی دەکەن، سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی ئێستای عێراق، بەتایبەتی کە ئەو وەك عێراقییەك ئاگاداری بارودۆخ و وردەکارییەکانی عێراقە، د.حەیدەر سەعید بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: ((ئاشکرایە کە پرۆسە سیاسییەکە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی ئازاری ڕابردوو بەقەیراندا دەڕوات و ئەم قەیرانەش ڕەهەندی زۆری هەیە، شەخسی خۆم باوەڕم وایە گەشەکردنی کوتلەکان یەکسان نەبووە، چونکە لەکاتێکدا کەرتبوون لە ڕیزی شیعەکاندا ڕوویدا، ئەوا کوتلەیەکی سوننی سەرهەڵدا و هەوڵیدا سوود لەم ئینشیقاقە وەربگرێت. پێموایە ئەم قەیرانە خەلەلێکی جددی لەسیستمە سیاسییەکەدا ئاشکراکرد، ئەو سیستەمەی لەلایەن دەستوورە و لەساڵی ٢٠٠٥دا نەخشەی بۆ دارێژرا. لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم دەبێت ئەم قەیرانە وامان لێبکات بگەڕێینەوە بۆ پرۆسە دەستوورییەکە و ئەو کاتە گفتوگۆیەکی نیشتمانی لەسەر دەستوور بکرێت بۆ دیاریکردنی چوارچێوە یاساییەکانی دامەزراوەی دەسەڵات، واتە دەبێت ئەم قەیرانە بمانگەڕێنێتەوە بۆ پرۆسەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە دەستوورییانەی لەئارادان)).

سەبارەت بەهەوڵ و پێشنیارەکانی ئەمریکاش بۆ دەرچوونی عێراق لەم قەیرانە حەیدەر سەعید بەمجۆرە خوێندنەوەی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (سەبارەت بەرۆڵی ئەمریکییەکان ـ ئێمە دەزانین بایدن ١٤ جار سەردانی عێراقی کردووە_ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکان ئەو بیرۆکەیەیان تەرح کرد کە پێویستە هاوپەیمانێتیەکی حکومڕان پێبکبهێنرێت لەهەردوو لیستی ئەلعێراقیە و دەوڵەتی یاسا، بەو ئیعتیبارەی ئەم دوو لایەنە نوێنەرایەنی دوو پێکهاتەی سەرەکی وڵاتەکە دەکەن، شیعە و سوننە، بەڕای من ئەمە نابێتەهۆی بەرەوپێشچوونی پرۆسە سیاسییەکە، پێموایە پڕۆژەی ئەمریکییەکان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات نییە ئەوەندەی بۆ زەوتکردنی هەندێ لەدەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیرانە، چونکە ئەوان هەر لەساڵی ٢٠٠٥ـــەوە نیگەران بوون لەتاکڕەوی زۆرینەی دیموگرافی، لەبەر ئەوە پەنایان بۆ زیاتر لەتەکنیکێکی سیاسی و یاسایی برد بۆ سنووردارکردنی ئەم تاکڕەوەیە. بۆ نموونە لەسەروبەندی نووسینەوەی دەستووردا ئەمریکا فشاری کرد بۆ ئەوەی پەرلەمان لەدوو ئەنجومەن پێکبهێنرێت، ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی ئیتیحاد، لەبەر ئەوەی پێیانوابوو ئەنجومەنی ئیتیحاد کاریگەری دەبێت لەسەر کارکردن بە یان تەبەننی کردنی سیستمی تەوافوقی. هەروەها پێشنیاری دروستکردنی ئەنجومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتیمانیان کرد، کە ئەم ئەنجومەنەش سیاسەت و ستراتیجیە سەرەکی و گشتییەکانی وڵاتەکە دیاری و دەستنیشان بکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە بواری ئەمنییەوە. بەڵام دوای چوار ساڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەستپێشخەرییان نەکرد بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی ئیتیحاد و ئەنجومەنی سیاسیش ناکارایە. ئێستا ئەمریکییەکان دەگەڕێینەوە بۆ هەمان بیرۆکە و هەوڵدەدەن دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی سیاسی زیاد بکەن و هەندێ لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران زەوت بکەن، بەتایبەتی پۆستی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان. ئەوەی من پێموایە ئەگەری ڕوودانی لێ دەکرێت دروستبوونی هاوپەیمانێتیە لەنێوان ئیئتیلافی نیشتمانی و ئەلعێراقیە، کە ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوا کوتلە کوردستانییەکانیش دەبنە بەشێك و ئەوکاتە بەشێك لەدەوڵەتی یاساش دەچینە پاڵیان، هەروەها گفتوگۆکردن لەسەر زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار و ڕێگەگرتن لەچڕبوونەوە و کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆك وەزیراندا کارێکی گرنگە. بەتایبەتی کە ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار بوونی نەماوە و دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی یاساکانی نەماوە (مافی ڤیتۆکردن)، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە ئەنجومەنی ئیتیحادی کارا بکرێت. سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لەم بارودۆخەدا، یەکێکم لەو کەسانەی بانگەشەی ئەوە دەکەم کشانەوەی نابەرپرسیارانەی





**بەشێکی زۆر لە توێژە سیاسییەکەی عێراق باوەڕی بە دروستکردنی دەوڵەتی دیموکراتی نییە و خاوەنی ڕۆشنبیریەکی شۆڕشگێڕییە**

هێزەکانی ئەمریکا نەك هەر کاریگەر دەبێت لەسەر دۆخە ئەمنییەکە، بەڵکو کاریگەر دەبێت لەسەر هەلومەرجە سیاسییەکە. ئۆباما پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك باسی لەوەکرد ئەوان عێراق بۆ خەڵکی وڵاتەکە خۆی جێدەهێڵن و لەمانگی ئابی رابردوودشدا هەمان دەستەواژەی دووبارە کردەووە، ئاشکرایە ئۆباما ئەو قەیرانە سیاسییەی لەبەرچاو نەگرتووە کە لەدوای هەڵبژاردنەکان روویداوە کە قەیرانێکی گەورەیە. لەبەر ئەوە پێموایە ئەمریکا بە گیانێکی بەرپرسیارێتیەوە هەلومەرجەکەی عێراقی هەڵنەسەنگاندووە، ئەمریکا تەنیا رۆڵێکی ئەمنی نەبوو، بەڵکو هۆکاری راگرتنی هاوسەنگی بوو لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا. ئێستاش پێموایە بەشێکی زۆر لە توێژە سیاسییەکەی عێراق باوەڕی بەدروستکردنی دەوڵەتی دیموکراتی نییە و خاوەنی رۆشنبیرییەکی شۆڕشگێرییە. هەورەها هیچ زەمانەتێك نییە کە لەدوای کۆتایی هاتنی ئیلتیزامی ئەمریکا لەئاست عێراقدا پرۆسە دیموکراتیەکە وەك پێویست و وەك ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت بەرێوە بچێت. پێموایە ئەمریکا هەوڵدەدات هێزی بەدیل رۆڵ ببینێت لەو وڵاتەدا، وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیمانی ناتۆ و هێزە سەرەکییەکانی رۆژئاوا، بۆ نموونە فەرەنسا. کە پێشتریش نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدارەی چەندین مەلەفی گرنگ و هەستیاری کردووە وەك کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و تاد. پێشبینی دەکەم دوای کشانەوەی ئەمریکا نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵێکی گەورەتر ببینێت لەعێراقدا)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە سەردانی شاندێکی دەوڵەتی یاسا بۆ سووریا، ئایا ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەمریکا پشتی د.مالیکی دەگرێت بۆ ئەوەی لەپۆستی سەرۆك وەزیران بمێنێتەوە و ئەم سەردانەش بۆ زامنکردنی پشگیری سووریا بۆ د.مالیکی؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا د.حەیدەر وتی: ((ئێمە دەزانین حکومەتەکەی مالیکی هەر لەساڵی ٢٠٠٩ـەوە هەڵوێستی دژایەتیکردنی لەئاست سووریادا بەرەو هەڵکشان برد و بەرەسمی سووریای تۆمەتبار کرد بەتەقینەوەکانی ئابی ساڵی ٢٠٠٩، یاخود بەلای کەمەوە ئاسانکاری بۆ ئەو کارانە دەکات. بەپێی زانیاریەکانی من سووریا لەلایەن دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە تەخویل کراوە بۆ ئەوەی مەلەفی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بگرێتەدەست، لەبەر ئەوەی پێیانوایە سووریا دەتوانێت بگاتە تێگەیشتنێك لەگەڵ ئێراندا، منیش باوەڕم وایە ناتوانرێت حکومەت پێکبهێنرێت بێ بوونی تێگەیشتنێکی ئێرانی-عەرەبی لەم رووەوە. ئێمە دەزانین هێلکەی ئێران لەسەبەتەی مالیکیدا و رەنگە سەردانی ئەم شاندەش بۆ کەسبکردنی وڵاتانی عەرەبی بێت لەلایەن لیستی دەوڵەتی یاساوە کە ئاشکرایە هێڵی سوور هەیە لەسەر خودی مالیکی، بۆ نموونە لەلایەن سعودیەوە، کە ئەوان داوا دەکەن کەسێکی دیکەی شیعە ئەم پۆستە وەربگرێت کە پتر جێی رەزامەندی بێت، کەسێکی وەك عادل عەبدولمەهدی)).

لە دووماهیی ئەم وتووێژەدا لە د.حەیدەرمان پرسی: ئەو چۆن ئێستا و داهاتووی عێراق دەبینێت و ئایا دەکرێت عێراق وەك دەوڵەتێکی فاشیل پێناسە بکرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا د.حەیدەر سەعید بەم راشکاوییەوە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: ((لەراستیدا دەبوو دەوڵەتی عێراق رۆژ بەرۆژ بەهێزتربوایە و ئیرادەی و دەسەڵاتی خۆی بسەپاندایە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین بوونی دەوڵەتێکی لاوازە، لەزانستی سیاسیدا باس لەوە دەکرێت دەوڵەت پاوانی مومارەسەی توندوتیژی شەرعی دەکات، دەوڵەتی عێراق ئەمکارە ناکات و چەند ساڵێك پێش ئێستا دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی وڵاتەکەشدا نەبوو، هەروەها دەوڵەت توانای دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی نییە، لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە ببێتە گۆڕەپانی هێزە ئیقلیمییەکان، ئەمە هاوشێوەی دۆخی لوبنانە، کە ئێمە دەزانین پێکهێنانی حکومەت لەو وڵاتەدا پێویستی بە تەفاهومی نێوان وڵاتانی ئێران و سعودیە و سووریا و وڵاتە رۆژئاواییەکان بۆ نموونە فەرەنسا هەبوو. لەراستیدا دەستڕۆیشتوویی دەوڵەتە دراوسێکان لەعێراقدا کەم نابێتەوە تاوەکو دەوڵەتی عێراق بەهێز نەبێت. هەر بۆیە پێموایە عێراق وەك دەوڵەتێکی شکستخواردو وەسف دەکرێت، پێوەرەکانی دەوڵەتی شکستخواردوش تەنیا بوونی دابەش بوون نییە، بەڵکو بێتوانایی دەوڵەتە لەدابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئیحتیکار نەکردنی توندوتیژی شەرعیە لەلایەن حکومەتەوە. ئێمە دەزانین رژێمی سەددام حوسێن رێگری سەرەکی بوو لەجموجوڵی سیاسی و ئێستا بوار کراوەتەوە بۆ ئەو جموجوڵە، کە مەرج نییە رژێمێکی چەشنی ئەمریکا یان وڵاتانی رۆژئاوای لێبکەوێتەوە. من دەڵێم گرەوەکە لەسەر نوخبەی سیاسی عێراقە، بەڵام ئەم نوخبەیە هەڵگری گرێ و گۆڵەکانی رابردووە و مێژووی ئەم پارتانەش مێژووی پارتگەلێکی دیموکراتی نییە، بە حزبە ئایینی و قەومیەکانیشەوە، لەبەر ئەوە ئومێدی من ئەوەیە نەوەی نوێ لەسیاسییەکان ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ، چونکە ئەم نەوەیە هەڵگری گرێکوێرەکانی رابردوو نییە و ئەوان دەتوانن نەخشەی داهاتوو بکێشن)).

**دەوڵەت توانای دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی نییە، لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە ببێتە گۆڕەپانی هێزە ئیقلیمییەکان**

**گرەوەکە لەسەر نوخبەی سیاسی عێراقە، بەڵام ئەم نوخبەیە هەڵگری گرێ و گۆڵەکانی رابردووە و مێژووی ئەم پارتانەش مێژووی پارتگەلێکی دیموکراتی نییە**

## پاتریک جامیس بۆ گوڵان:

# هاتنەکایەی حکومەتێکی لاواز لە عێراقدا کە هێزە دەرەکییەکان بە ئاسانی بتوانن بەسەریدا زاڵبن دەبێتە سەرچاوەی کێشەیەکی زۆر قورس

**دەبێت ئەمریکا لەگەڵ عێراقییەکاندا گفتوگۆ بکات بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێک کە چ پلانێک گونجاوترە بۆ هەلومەرجی عێراق**

**لایەنەکانی عێراق زیانی گەورە دەکەن ئەگەر پرۆسەکە هەرەس بهێنێت و شەڕێکی ناوخۆیی بەربڵاو دروست بێت**

پرۆفیسۆر پاتریک جامیس بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لەزانکۆی باشووری کالیفۆرنیا یەکێکە لەتایبەتمەندەکانی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێکە لەو تۆژەرانەی کە لەسەر ئاستی جیهانی بایەخێکی گرنگ بە بۆچوونەکانی دەدرێت، سەبارەت بەسیاسەتی ئەمریکا لەعێراق، لەپرۆفیسۆر پاتریکمان پرسی: ئایا چۆن ئەو سیاسەتە هەڵدەسەنگێنێت؟ سەبارەت بەم پرسیارە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی: ((هەر لەدوای داگیرکردنی عێراقەوە لەساڵی ٢٠٠٣دا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مێژوویەکی دووردرێژ و ئاڵۆزی هەیە لەتێوەگلان و دەستێوەردان لەو ولاتەدا. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە هاوکاری کردنی هەوڵەکانی بەدیموکراتیکردن سوودبەخش و بەئەنجام دەبن، تەنانەت لەدۆخە دژوارەکانیشدا، لەبەر ئەوە پێمواپە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێت ئەمریکا دەست لەعێراق هەڵبگرێت، لەهەمان کاتدا نابێت سیاسەتێکی دیاریکراو بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت، بەڵکو دەبێت هاوکاری عێراقییەکان بکات بۆ بنیادنانی حکومڕانییەتیەکی دیموکراسی، سەبارەت بەپلانەکەی ئەمریکاش بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران لەعێراقدا، تۆزێك لەوە گەشبینترم کە عێراقییەکان سەیری دەکەن، پێمواپە بەشێك لەکێشەی ئەم پلانە ئەوەیە هەر پلان و پرۆژەیەك لەلایەن ئەمریکا پێشنیار بکرێت، بەو شێوەیە لێی دەڕوانرێت کە ئەمە هەوڵی ئەمریکایە بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆی بەسەر عێراقییەکاندا. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد نابێت کار و کۆشش بۆ سەپاندنی پلان و سیاسەتێکی دیاریکراو بکرێت، بەڵکو دەبێت پشتگیری لەهەوڵەکانی بەدیموکراتیکردن بکرێت. دواتر دەبێت ئەمریکا لەگەڵ عێراقییەکاندا گفتوگۆ بکات بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێك کە چ پلانێکی گونجاوترە بۆ هەلومەرجی عێراق)).



سەبارەت بەوەشی ئایا دابەشکردنی دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران نابێتە هۆکاری هاتنە ئارای حکومەتێکی لاواز و ئایا ئەمریکا چ سوودێك لەحکومەتی لاواز دەبینێت، بەتایبەتی کە ئێستا هێزەکانیشی لەعێراقدا پاشەکشە پێکردووە؟ سەبارەت بەم لایەنەش پرۆفیسۆر جامیس بەمجۆرە راو سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: ((لەراستیدا هاتنەکایەی حکومەتێکی لاواز لەعێراقدا کە هێزە دەرەکییەکان بەئاسانی بتوانن بەسەریدا زاڵبن، دەبێتە سەرچاوەی کێشەیەکی زۆر قورس. بەشێکی کێشەکە ئەوەیە ئەمریکا ناتوانێت هەندێ چارەسەر پێشنیار بکات، لەهەمان کاتدا دەبێت عێراقییەکان هەوڵی پەرەپێدانی پێوەندییەکانیان بدەن لەگەڵ ئەو ولاتانەی بەرژەوەندیان لەسەقامگیری عێراقدا هەیە. بۆ نموونە لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ڕەنگە تاکە ولاتێك بتوانێت پارسەنگ بێت، ئێران و ولاتی تورکیا بێت، پێمواپە تورکیا هەموو پاڵنەرێکی هەیە بۆ ئەوەی هاوکاری عێراق بکات لەهەوڵەکانی سەقامگیرکردنی ولاتەکەدا، بەدڵنیاییەوە ولاتانی دیکەش هەن هەمان پاڵنەریان هەبێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەموو ئەرکەکە دەخرێتە ئەستۆی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ئاشکرایە ئەمریکاش ئەو توانایەی نییە، ئەمەش ئەوەندەی دیکە ئێران دەوروژێنێت بۆ ئەوەی پتر دەستێوەردان بکات. هەروەها سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لەم بارودۆخەدا، ڕەنگە کشاندنەوەی هێزە جەنگاوەرەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەماوەدای نزیکدا ناسەقامگیری دروست بکات، بەڵام پێمواپە لەماوەدای دووردا یارمەتیدەر دەبێت، لەبەر ئەوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەو شێوەیەی پێشتر هەبوو بیانوی دەدایە دەستی توندڕەوەکان بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق وەك حکومەتێکی گوێڕایەڵی ئەمریکا وەسف بکەن. هەروەها ئەم کشانەوەیە ئەو تێڕوانینە دەڕەوێنێتەوە کە حکومەتی عێراق بەتەواوەتی پشت بەهێزەکانی ئەمریکا دەبەستێت و ئێستا هەر ڕۆژێك زیاتر لەمانەوەی ئەم حکومەتە سەرکەوتنە بۆ عێراقییەکان. لەلایەکی دیکە ئەگەر ئەمریکا رۆڵێکی سەربازی ڕاستەوخۆی نەبێت لەعێراقدا، ئەو کاتە نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت هاوکار بێت لەهەوڵەکانی بنیادنانی نەتەوە، پێشکەشکردنی یارمەتی ئابووری و بەشداری کردن لەهەوڵەکانی سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە، لەم چوارچێوەیەدا وای دەبینم لایەنەکانی عێراق زیانی گەورە دەکەن ئەگەر پرۆسەکە هەرەس بهێنێت و شەڕێکی ناوخۆیی بەربلاو دروست بێت، یان ئەگەر حکومەتێکی ملکەچی ئێران لەعێراقدا دروست بێت)).

# عێراق : دەوڵەتێکی بەزۆر دروستکراو قەوارەیەکی بێ ئایندە



**بەهات حەسیب قەرەداخی**

یەکێ لەئاکامە هــەرە بەرچاوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، مردنی پیاوە نەخۆشەکەو دواتر روخانی دەوڵەتە پیروپەککەوتەکەی عوسمانی بـــوو، کۆلۆنیالیزمی بـــراوەی جەنگیش بێ لەبەرچاوگرتنــی هیچ فاکتەرێکی تر، جگە لە پەرژەوەندیەکانی خۆی، بەزۆر ئەم دەوڵەتی عێراقەی دروســتکرد. ئــەم دەوڵەتە کەناوی عێراقــی لێنرا، هەر لەســەرەتاوە پرۆژەیەکی شکســتخواردوو بـــوو. ئەو قەوارە سیاســیە ئیدارییـــە بێ دایك وباوکە، لە ئاکامی بەزۆر بەیەکەوەلکاندنی چەند هەرێمێکی (سروشــت جیاواز، خەڵك و دانیشــتوان جیــاواز، ئاین وئاینزا جیاواز، مێــژوو، زمان، فەرهەنگ و دابونەریت جیاواز ) هاتە دنیاوە. ســەرباری هەموو ئەو جیاوازیانە، هەریەك لەو سێ دانە هەرێمە، ئەوســاو ئێســتاش، پەلوپۆ و رەگ و ریشەیان ئەو ســنوورە بەزۆر دروستکراوەی ئینگلیز دەبڕێت و درێژبوونەوەیان هەیە بۆ ناو خاکی نیشتمانی مێژوویيان، واتا بۆ ناو خاکی دەوڵەتانی تری دەوروبەر : هەرێمێکی کوردیی شــاخاویی بەرەو باکور و باکوری خۆرهەڵات (ئێران-تورکیــا)، هەرێمێکی سێگۆشــەی عەرەبی ســوننی مەزهەب بەرەو بیابانەکانی خۆرئــاوا (ســوریا و ئــەردەن)، هەرێمێکی ناوەراست وخواروی عەرەبی شیعەنشین بەرەو دەشــتاییە لیتاوییەکانی باشوور و باشووری خۆرهەڵات (ئێران).. ئەم فاکتەرەش بەدرێژایی ٩٠ ســاڵی رابردووی تەمەنی ئــەم دەوڵەتە فاشــیلە، هەروەك سەدان ســاڵی پێشتریش، رۆڵێکــی یەکجار گرنگ و یەکلاکەرەوەی لە رەوشی سیاســی و شەڕو ئاشتیی ئەم ناوچە ئاناڕامەدا گێڕاوە.

ئەم قەوارەیە هەر لەسەرەتاوە، ئەوەندە نەگونجاوو ناتاوێتە بـــوو، ئینگلیز نەیتوانی کەســێکی شــیاو لە خەڵکە نەگونجاوەکــەی ناوخۆیدا بــۆ فەرمانڕانیی و حوکمــداری دەوڵەتەکە دیاریبــکات. ناچار کەســێکی عەرەبی بۆ هاوردەکــرد و تاجــی مەلەکیی لەســەر نا، ســتافێکی ئینگلیزیشــی بۆ دامەزراند تا بەگوێرەی پەرژەوەندییە سیاســی و سەربازی وئابوورییەکانـــی بەریتانیای مەزن کاروباری عێراق بەرن بەرێوە.

ئەگەرچی لـــەم وڵاتەدا، نەتەوەی جیا جیا و ئاین وئاینزای جیاجیا و فەرهەنگ وکەلتووری جیاجیا، پێکەوە وەك چێشتی مجەور، تێکەڵ کران، بەڵام نەئەوساو نە ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەتوانــرا پێکەوە بکولێنرێن و ئاوێتەی یەکدی بکرێن بـــە جۆرێك کە بەگشــتیان میللەتێك بەناوی میللەتی عێراقــەوە پێکبهێنن. بۆ ؟ چونکە هەرگیز شوناسی نیشتمانی دەرفەتی پێنــەدرا ســەرهەڵبدا و جــێ بە شوناســی (نەتەوەیی ) لەق بکا. عەرەبی دەسەڵاتدار زۆر بەلوتبەرزییەوە شوناسی نەتەوەیی (عەرەبی ) ی بەخشی بە دەوڵەت و وڵات و خەڵکەکەی. گەلانی ژێردەستیش بەردەوام لە تێکۆشاندا بوون بۆ رەتکردنەوەی ئەو مەرام وپیلانە شۆڤینیەی عەرەبــی دەســەڵاتدار و پارێزگاریکردن لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان (کورد بۆ کوردایەتی و تورکمان و ئاشــوری و کلدان و ئەرمەنیش هەریەك بە پێی تواناو قورســایی خۆی، بۆ ئینتمای نەتەوەیی خۆی)

سەرباری ئەوەش، ئینگلیزەکان هەر لەسەرەتاوە هاتن و دەســەڵاتە سیاســی و ئیــداری و ســەربازی و ئابوورییەکانی ئــەم عێراقەیان، لە چنگــی کەمینەیەکی (عەرەبی ســوننە مەزهەبدا) چڕکردەوە، کە زۆربەیان عەشایەر و خێڵی بەداوەتــی عەرەبیی کۆچەریی تازە نیشــتەجێبووی سەد و ئەوەندە ساڵێکی پێشتر بـــوون و هیچ رەگ وریشـــەیەکی مێژوویی دوور، بـــەم خاك وئـــاوەوە نەیدەبەســـتەنەوە ! بەوەش زەمینەیان خۆشــکرد بۆ هەڵایســانی ململانێیەکی توندی نێوان ( شیعەو سوننەی عەرەب) تا ئەو رادەیەی چەمکی دڵســۆزی بۆ وڵات و بــۆ دەوڵەتی عێراق، لە ئینتمای نەتەوەیــی عەرەبی و ئینتمــای مەزهەبیی سوننەدا، کورتکرایەوە. ئیدی هەر ئینتمایەکی نەتەوەیی غەیــرە عەرەبی و هەر ئینتمایەکی ئاینی و مەزهەبیی غەیرە ئیسلامی سوننی، حەرام کراو بەتاوان و خیانەتێکی نیشــتمانی ئەژمارکرا.

بەوجۆرە لە ماوەی ٩٠ ســاڵی رابردوودا، کە تەمەنی ئەم عێراقەیە، ســەرەڕای زەبر وزەنگ و سیاسەتی تۆقاندن وجینۆساید و ئاگروئاسن و وێڕای سەدان و هەزاران دروشم و قەسیدەو سروودی ســاختە ودرۆیینەی نشتمانی، بەڵام لەواقیعی ژیاندا دەرفەت وهەلی راســتەقینەو عادیلانە نەڕەخسا بۆ سەرهەڵدانی شوناسی نیشتمانیی عێراقی، وەك شوناســێکی کۆکــەرەوەی ئەوتۆ کە جێی شــانازی بێ بۆ هەمـــوو پێکهاتە جیاوازەکانـــی. ئەمڕۆش کە کۆی بنەماو پایە وکۆڵەگە ٨٠ ساڵ راگرەکەی عێراق دارمــاون و هەڕوون بە هەپــروون بوون، زەمان و زەمینەو ترازوی هێزەکانیش تەواو گۆڕاون لاسەنگ بوون، ئیتر هیچ چانسێك لەئارادانەماوە بۆ ســەرهەڵدانی هەســت و هۆشــیاری و ئینتمایەکی نیشتمانیی عێراقیی ئەوتۆ کە لە سەدا، یەك هیوا بە ئایندەی ئەم دەوڵەتە ببەخشێ.

عێراق لە وڵاتێکی بە زۆر دروســتکراو و بەزەبروزەنگ راگیراوەوە، بەرەو قەوارەیەکی بەتاڵ و پڕئاژاوە و ئاناڕامی و بێ ئایندە، زۆر بە پەلە هەنگاو دەنێ.

**هیچ چانسێك لەئارادانەماوە بۆ سەرهەڵدانی هەست وهۆشیاری و ئینتمایەکی نیشتمانیی عێراقی**

### ڕەهەندی نەتەوەیی بۆ پرۆژەکانی ئاودێری لەعێراق دا

# ئاو بۆتە فاکتەرێک بۆ بەعەرەبکردنی کوردستان



**پرۆفیسۆر د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد**

**تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە**

لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا دیاردەی زیادبوونی ڕێژەی خێرای زۆربوونی دانیشتووان سەریهەڵداوە، ئەمەش ئاکامەکانی لەسەر هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەنگی داوەتەوە. لەپێش هەموویانەوە پێویستی بوونی زیاتری خەڵکی بەئاو چ بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە یا بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێداویستییانەی کۆمەڵگایەکی شارستانی دروست دەکەن، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی دەکەونە ناوچە وشکەکانەوە، کە ڕووبارەکانیان لەگەڵ چەندین وڵاتی تردا هاوبەشن بوونەتە بنکەی ململانێ و تەنگژە دروستبوون لەنێوانیاندا، ئەو هەموو کۆنگرە نێودەوڵەتی و ڕێکەوتننامە هەرێمایەتییەی کە دەبەسترێن تا ئێستا سوودی نەبووە بۆ دانانی سنوورێك تا گرفتەکان تەشەنە نەکەن.

لەبری ئەوەی ڕووبارە هاوبەشەکان فاکتەرێك بن بۆ یەکخستن و هاوکاری نێوان وڵاتان، بەهۆی پێداویستی زۆری خەڵکی بەئاو وڵاتەکانی کە سەرچاوەی ئاویان لێ هەڵدەقووڵێت بوونەتە گرفتێکی ترسناك و بۆ دەسەبەرکردنی بەرژەوەندیی سیاسی و نەتەوەییەکانیان، وەك چەکێك لە دژی یەکتر قۆرخی دەکەن، وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەند بۆ داهاتوو مەترسیدارترین دیاردەیان جەنگی ئاو دەبێت، هەر لەئێستاوە ئاسایش و ئارامی نێوانیان کەوتۆتە گرژییەوە لەراپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکیدا هاتووە: (١٠ ناوچە لەجیهاندا پاڵێوراون بۆ بەرپابوونی جەنگ لەنێوانیاندا، لەناویاندا وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەند)، پرۆفیسۆر ئالیاس سەلامە مامۆستا لەزانکۆی ئەردەن دەڵێت: (ئاو دەبێتە دیاریکەری چارەنووسی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەند..) لەپاڵ عێراقدا کە سەرچاوە ئاوییەکانی کەمی کردوون، وڵاتانی دۆڵی نیل ئەم هەڕەشەی ئاسایشی ئاویان لەسەرە بەئاراستەی سەرچاوەکەی ئاو گرژییەکان توندتر دەبێت، هەروەها وڵاتانی حەوزی ئەردەنیش هەمان گرفتیان هەیە.

ئاو لەعێراقدا لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و دابەشکردنی حەوزی دیجلەو فورات لەنێوان سوریاو تورکیاو عێراقدا گرژی زیاتری ئەم گرفتە لەناوەندی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوت و بەهۆی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەدا. چ بەهۆی خێرایی گەشەسەندنی خەڵکەکەی یا بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شارستانیەتییان، یا بەهۆی بەرفراوانکردنی زەوییە بەراوو کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان کە پاڵی ناوە بەم وڵاتانەوە پرۆژە ئاودێرییەکانیان بخەنە خزمەتی پێداویستیەکانیانەوە .

ئاوی فورات نموونەیە بۆ دیمەنێکی تراجیدی چونکە لەلایەن ئەو وڵاتەی سەرچاوەکەی لێیە بەتەواوی قۆرخکراوە، ڕووباری فورات لە باکووری کوردستان کە لەناو وڵاتی تورکیایە هەڵدەقوڵێت، بەرزی ڕووبارەکە ٢٢٥٠ تا ٣٠٠٠ مەتر لەسەروو ئاستی ڕووی دەریاوەیە، درێژییەکەی ٢٣٣٠ کیلۆمەترە، تەنیا لە ٢٠٪ی حەوزەکەی دەکەوێتە ڕووبەری تورکیاوە لە ٢٩٪ی لەناو خاکی سوریادایە، بەڵام درێژی حەوزەکە لەعێراقدا لە ٢١٪ کەمترە، لەم خشتەیەی خوارەوە بڕوانن:

| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|---|
| تركيا | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| سوريا | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| العراق | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| السعودية | ---------- | ---------- | [illegible] |
| كۆی گشتی | [illegible] | ١٠٠ | [illegible] |

خشتەی ژمارە — ١- دابەشبوونی جوگرافیایی بۆ حەوزی ڕووباری فورات لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا:

لەم ڕووەوە هەر لەکاتێکی زووەوە تورکیا هەوڵی داوە چەندین پرۆژەی ئاودێری لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات دامەزرێنێت بەتایبەتی لە ناوەندی سەدەی ڕابردووەوە ژمارەی بەنداوو ئەمبارە گەورەکانی ئاوو بەربەستەکان لەتورکیا زیادیکرد بەشێوەیەك بووە هۆی دابەزینی بەردەوامی ئاستی ئاو لەعێراق و سوریا، پرۆژەی گاپ بەناوبانگترین ئەو پرۆژانە بوون کە بەشێوەیەکی بەربڵاو زۆر ئاوی فوراتی لەناو ئەو دوو دەوڵەتە کەم کردۆتەوە هەروەها سوریاش هەڵسا بەدروستکردنی چەندین بەنداوو ئەمباری گەورە لەسەر

رووباری فورات
کۆتایهات و مردا!

هەمان رووبار بەناوی ئەمباری بەعس و ئەمبـــاری تشـــرین و ئەمباری تبقا ئەمەش وایکـــرد چەندیـــن تەنگژەی سیاسی بکەوێتە نێوان سوریاو عێراقەوە کـــە هەندێك جار گەیشـــتە ئاســـتی هەڕەشـــە لەیەکتر کردن بۆ بەرپاکردنی جەنگ وەك لەساڵی ١٩٧٤ خەریکبوو روویـــدات، ئەگـــەر روســـیا ناوبژی نەکردایـــەو تەنگژەکەی بەئاراســـتەی وتووێژ نەبردایە، سعوودییەش لەم رووەوە گرژییەکەی نێوانیانی کەم کردەوە، دواتر رێژەی ئاستی ئاو لەرووباری فوراتدا زۆر لەنزمیدا تا رادەی نیمچە وشـــکبوونێك لەو ناوچانەی لەناو عێراقدا رووبارەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت.

یەکێك لەبەرپرسانی سوریا لێدوانی داو وتی : (رووباری فورات کۆتاییهات و مرد! )، ئەم وتەیە بەرپرسانی عێراقی ناچارکرد نۆکەندێـــك لەنێوان رووباری دیجلەو فوراتدا بکەنـــەوە تا قەرەبووی نەمانـــی ئاوی فورات بەدیجلە بدەنەوە، بەمشـــێوەیە دیجلە بوو بەســـەرچاوەی بنەڕەتی دابینکردنی ئاو لەعێراقدا .

درێـــژی رووبـــاری دیجلـــە ١٨١٧ کیلۆمەترە ١٧٪ی حەوزەکەی دەکەوێتە وڵاتـــی تورکیـــاوە تەنیا لـــە ٣٪ ی دەکەوێتە ســـوریاوە، بـــەڵام لە٨٠٪ی دەکەوێتە عێراقـــەوە، لەکاتێکدا رێژەی ئاوی رووبـــاری فورات چەند رۆبچێت بەرەو خـــوارەوە کەمتـــر دەبێتەوە، بەڵام رێژەی ئاوی رووبـــاری دیجلە بەهاتنە ژوورەوەی بـــۆ نـــاو زەوییەکانی عێراق رێچکەی تر دەچێتە ســـەری تا دەگاتە باشووری شاری بەغدا، چەندین چەم و رووبارو کانی دەڕژێنە ناو دیجلەوە لەوانە رووباری ( خابوور- زێی ســـەروو- زێی خواروو- رووباری ســـیروان — عوزێم) کەوتە هەرێمی کوردستانی عێراق سێ بەشـــی ئاوی رووبـــاری دیجلە دابین دەکات، هەر لەفیشخابوورەوە تا دەگاتە رووباری سیروان و باشووری بەغدا.

لەلایەکـــی ترەوە ئێســـتا حکومەتی ســـوریا لەهەوڵـــی دانانی پـــرۆژەی ئاودێریدایە بەپشـــت بەســـتن بە٣٪ی رووباری دیجلە، هەروەك ئەو پرۆژانەی لەســـەر رووبـــاری فورات دروســـتی کردوون، بەئامانجـــی بەرفراوانکردنی زەوییە کشتوکاڵیەکانی لەلایەك هەروەها دروســـتکردنی پشـــتێنەیەك بۆ هۆزە عەرەبەکانی ناوچەی جزیرە هاوشێوەی ئەو پشـــتێنەیەی لەســـنووری تورکیا دروستی کردووە، پرۆژەکەی سوریا ئاوی دیجلە رادەکێشـــێتە پارێزگای قامشلی بۆ ئاودێریکردنـــی ٢٠٠ هەزار هێکتار زەوی تـــا هەرچی عەرەبی ناوچەکانی ترە لەوێدا نیشتەجێیان بکات، بێگومان ئەمە کار دەکاتە سەر دابەزینی ئاستی ئەو ئاوەی تێدا عێراقەوە .

بەلای کەسەوە نامۆ نییە کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئاســـایش ئاوو کێشەی کوردیان لەزۆر خاڵدا پێکەوە دەبەستەوە بەتایبەتی لەم دوو تەوەرەیەدا:

١- بەرفراوانکردنـــی پرۆژەکانـــی ئاودێـــری لەســـەر رووبـــاری دیجلەو لقەکانی کە لەکوردستانەوە دەڕژێنە ناو رووباری دیجلە.

٢- جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریب لـــەو ناوچانەی لقەکانـــی ئاو دەڕژێنە ناو دیجلەوە، ئەمەش بەشێوەیەکی چڕو پڕ تا هەموو ئاوەکـــە کۆنترۆڵ بکەن، لەگرنگتریـــن ئەو پـــرۆژە ئاودێرییانە کـــە لەمبارەیەوە دامـــەزراون بریتین لە بەنداوی دوکان لەســـەر رووباری زێی خواروو، بەنداوی دەربەندیخان لەســـەر رووباری سیروان، بەنداوی موسڵ لەسەر رووباری دیجلە، شانبەشـــانی چەندین ئەمباری ناوخـــۆو بەنـــداوی بەردین لەشارەکانی کەرکوك و نەینەواو دیالە، ئەمەشـــیان وەك چەکێك بەکارهێناوە بۆ کەمکردنەوەی نفووزی کورد لەنزیك ئەو سەرچاوانەوە.

حکومەتەکانی عێراق لەهەوڵدا بوون چەندین پرۆژەی پێشنیارکراو بۆداهاتوو ئامادە بکەن بەپێی پەرەسەندنی کێشەی کورد و لەدژی کوردستان جێبەجێی بکەن لەوانە دروستکردنی بەنداوی حەمرین کە دەکەوێتە شارۆچکەی سەعدییە لەسەر رووباری سیروان، دروستکردنی بەنداوی بێخمە لەســـەر رووباری زێی سەروو کە ئەمەی دواییان بەهۆی راپەرینی ١٩٩١ جێبەجێ نەکرا.

گرنگترین ئامانجەکان لەدروستکردنی بەنداوو پرۆژەکانی ئاودێری بریتین لە:

١- ئاراســـتەکردنی ئـــەو پرۆژانـــە بـــۆ خزمەتـــی سیاســـەتی تەعریـــب لەکوردستانی عێراقدا.

٢- پاڵپشـــتیکردن بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە کورد نشـــینەکان لەناو دەوڵەتی عێراق.

٣- زامنکردنی ئاستێکی گونجاوی ئاوی رووباری دیجلە تا ببێتە بنکەیەك بۆ ئاسایشی ئاو لە عێراقدا .

بەمشـــێوەیە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ دەبێتە بنچینەیەك بۆ وەدیهێنانی ئاسایشی ئاو بەپێی ئەوەی زۆربـــەی زۆری ســـەرچاوەو لقەکانی رووباری دیجلە لەکوردستانەوە سەرچاوە دەگرن، کە بـــەلای عێراقەوە بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ ئاسایشـــی نەتەوەیی بەتایبـــەت بـــۆ راگرتنی باڵانســـی پەیوەندییەکانی لەگـــەڵ تورکیاو ئێران و سوریا، هەروەها بۆ گۆشەگیرکردنی ناوچـــە کـــورد نشـــینەکانی دیکەی ئـــەو وڵاتانە، ئەمـــەش بوونەتە هۆی ئەوەی کێشـــەی کورد لەعێراقدا زیاتر هەستەوەر بێت و بەگومانەوە حکومەتە عێراقییەکان لەو بازنانە جۆرییە بڕوانن کە لەبوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەهەرێمدا بەدیهاتوون. رەنگە بەردەوامبوونی ئەو گرفتانەی ئێســـتا لەنێـــوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمدا هەن، کـــە گرنگترینیـــان دیاریکردنی سنووری ئیداری کوردستانە لەڕێگای جێبەجێکردنـــی مـــاددەی ١٤٠ ی دەســـتوور هەروەها گرفتە ئابوورییەکان کە خۆی لەبەشـــە داهاتـــی بودجەی گشـــتی وڵات دەبینێتـــەوە، هەروەهـــا یاســـای نەوت و گازی سروشـــتی و کاروباری پێشمەرگەو پاسەوانانی سنوور لەپاڵ هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ ســـەر لەنوێ دارشتنەوەی بەندە دەستوورییەکان لە راستیدا ئاماژەیە بەگەڕانەوەی کێشەی کوردی عێراق بۆ ناو چوارگۆشەی یەکەم ؟

**سوریا بەئاوی دیجلە پارێزگای قامیشلی تەعریب دەکات**

**هەر لە زووەوە تورکیا هەوڵی داوە چەندین پرۆژەی ئاودێری لەسەر هەردوو رووباری دیجلەو فورات دامەزرێنێت**

**ئاوی فورات باشترین نموونەیە بۆ دیمەنێکی تراجیدی قۆرخکردنی ئاو لەجیهاندا**



# ئاوەڕدانەوەیەک بۆ رابردوو

## لێکۆڵینەوە رۆژئاواییەکانی ئەم دواییە لەبارەی کوردەکانی عێراقەوە

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر* تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

**گالبرێس تێروانینێکی زۆر گوماناوی هەیە لە ئاست داهاتووی عێراق و بەشداری کوردەکان لەم چوارچێوەیەدا**



گوڵان
ژمارە (٧٩٨)
٢٠١٠/٩/٢٠



هەرچەندە بە دڵنیاییەوە کوردەکان باشتر لەهەر کەسێکی دیکە شارەزای مێژووی خۆیانن، بەڵام هەندێجار شتێکی سوودبەخشە ئەو نووسینانە بخوێنینەوە کە کەسانی دیکە نووسیویانە، بە تایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی پشتگیری رۆژئاوا و ئەمریکا بۆ داهاتووی کوردەکان. بە رەوچاوکردنی ئەم مەسەلەیە هەڵدەستم بە پێشکەشکردنی ئەم پێداچوونەوە کورتە بەهەندێ لەلێکۆڵینەوە رۆژئاواییەکانی ئەم دواییە لەبارەی کوردەکانی عێراق و ئەزموونی پاڵەوانانەی ئەوان لە بنیادنانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. بە دڵنیاییەوە، نووسینێکی زۆر لەمبارەیەوە نووسراون، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە داوای لێبوردن دەکەم لەبەر ئەوەی نەمتوانیوە چەندین نووسینی باش و بەپێز لەم وتارە کورتەدا بەسەر بکەمەوە.

دوای نسکۆکەی مەلا مەستەفا بارزانی لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥دا، کوڕەکەی (بەرێز مسعود بارزانی) وەك سەرۆکی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکەوت، کە ئەم پارتە لە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦دا دامەزراوە، لە کاتێکدا جەلال تاڵەبانی لە ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥دا یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دامەزراند. ئیدموند غەریب لێکۆڵینەوەیەکی تەقلیدی نووسیوە دەربارەی کوردەکانی عێراق تاوەکو ساتەوەختی وەفاتی مەلا مستەفا بارزانی. (بەتاتو) هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی گەورەی خەلفیەتی رووداوەکانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی تاوەکو کۆتاییەکانی ساڵانی حەفتاکان. لەو کاتەوە و لە ئەنجامی دابەشبوونیانەوە بەهۆی هۆکاری، فەلسەفی، جوگرافی و دیالێکتەوە، ئەوا پێوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی لەنێوان هاوکاری کردنی یەکتری و ناکۆك بوون لەگەڵ یەکتردا سوڕاوەتەوە. هەروەها ئەوان ئێش و ئازارێکی زۆریان چەشتووە لە ئەنجامی ئەو سەرکوتکاریە مەترسیدارەی سەددام حوسێن لە هەڵمەتە جینۆساید ئامێزەکانی ئەنفالدا لەساڵانی ١٩٧٨-٨٨ ئەنجامیدا، بە هەمان شێوە بەهۆی هێرشی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨دا. مەکیە (لەژێر ناوی خەلیلدا) و لە هەمان کاتدا بە بەکارهێنانی ناوی راستەقینەی خۆی، دوو کتێبی زۆر روون و ئاشکرای نووسیوە دەربارەی تاکڕەوەیە پڕ لە مەترسیەکەی سەددام حوسێن. دوای شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ و شکستهێنانی زنجیرە راپەرینەکەی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١، کۆچ و رەوی بە کۆمەڵی پەنابەرە کوردەکان بۆ شاخەکان بە دوو دڵییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ناچارکرد کە نەواییەکی ئارام دروست بکات بەناوی ناوچەی دژە فڕین کە ئەوکاتە دەوڵەتێکی






کوردی ئەمری واقیعی کوردی لە باکووری عێراقدا دەستی بە بەرەوپێشچوون کرد. لەوەش زیاتر، بڕیاری بێ پێشبینەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاری ژمارە ٦٨٨ لە٥ی نیسانی ساڵی ١٩٩١دا ئیدانەی «سەرکوتکردنی خەڵکانی مەدەنی عێراقی لە ناوچە کوردنشینەکاندا» کرد، هەروەها داوای ئەوەی کرد «عێراق دەستبەجێ ئەو سەرکوتکاریە رابگیرێت.» ئەگەرچی ئەمە گرنگیەکی رەمزیشی هەیە، بەڵام هەرگیز پێشتر کوردەکان بەم شێوەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی باسنەکراون و پارێزگاریان بۆ دابین نەکرابوو.


لە راستیدا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لەماوەی ساڵانی ١٩٩٤-٩٨دا لەدژی یەکتر شەڕی ناوخۆییان بەرپاکرد. لە کۆتاییدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرپەرشتی ئاگربەستێکی کرد لە رێی بانگکردنی بارزانی و تاڵەبانی پێکەوە بۆ واشنتۆن لە سێبتەمبەری ساڵی ١٩٩٨دا. هەروەها کوردەکان لە سەدا ١٣ی داهاتی ئەو نەوتەیان بەردەکەوت کە رێگە بە عێراق دەدرا بیفرۆشێت، لەدوای ساڵی ١٩٩٥ـەوە. دواتر ئەم رێژەیە بەرزکرایەوە بۆ لە سەدا ١٧. ئاشتی، خۆشگوزەرانی رێژەیی و دیموکراسی دەستیان بە گەشەکردن کرد لە دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان لە باکوری عێراقدا. گەنتەر لە روانگەیەکی زیاتر رەشبینانەوە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی کەسایەتیەکانی بارزانی و تاڵەبانی، موعارەزەی عێراقی لەدژی سەددام حوسێن تاوەکو ساڵی ١٩٩٩، هەروەها شەڕی ناوخۆیی نێوان ساڵانی ١٩٩٤- و ١٩٩٨. کتێبەکەی یەڵدز گێڕانەوەیەکی عەمەلی سوودبەخشە بۆ ئەزموونی کوردی، لە نێویاندا پێوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تورکیاوە. ستانسفیلد شیکردنەوەیەکی بەپێزی نووسیوە لەبارەی بونیاد و جۆری بڕیار دروستکردنەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تا ساڵی ٢٠٠٢.

لە ١٩ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٣دا، لە کۆتاییدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شەڕێکی دژی عێراق بەرپاکرد کە بە خێرایی توانیی رژێمی سەددام حوسێن بڕووخێنێت. کوردەکانی عێراق پێداگیریان لەسەر دامەزراندنی بەلای کەمەوە ویلایەتێکی فیدراڵی ئۆتۆنۆمی لە عێراقی دوای سەددام حوسێندا کرد. ئۆلێری، مەککاری و ساڵح بەشداربوون لە نووسینی کۆمەڵە وتارێکی زۆر باشدا کە پەیوەست بوون بە سیاسەتی رێگەچارە دەستوورییەکانی بەردەم داهاتووی کوردەکانی عێراق، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر رێگەچارەی فیدراڵیەتدا. گالبرێس تێڕوانینێکی زۆر گوماناوی هەیە لە ئاست داهاتووی عێراق و بەشداری کوردەکان لەو چوارچێوەیدا. ئەحمەد شیکردنەوەیەکی رۆشنگەرانە دەخاتەڕوو دەربارەی خەباتی کوردەکانی عێراق هەر لەساڵی ١٩٩١ـەوە

**گەنتەر ئەوە روون دەکاتەوە چۆن شەڕی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٣دا بۆ رووخاندنی رژێمی سەددام حوسێن کاریگەری لاوەکی خۆشبەختانەی هەبووە لە دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا**







**کتێبەکەی یەڵدز گێڕانەوەیەکی عەمەلی سوودبەخشە بۆ ئەزموونی کوردی، لەنێویاندا پێوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تورکیاوە**

تاوەکو ٢٠٠٦ بۆ بەدەستهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی بێت. لۆرانس بەشداری کرد لە نووسینێکی زۆر باشدا کە بریتییە لە گێڕانەوەیەکی ناوداری داوای کوردەکانی عێراق بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەت. نەتالی شیکردنەوەیەکی کورت و زۆر وردی ئەنجامداوە دەربارەی جۆرێك لە هاوکاری دەرەکی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەری گرتووە کە ئەم هاوکاریانەش بە رادەیەکی گەورە کاریگەریان هەبووە لەسەر دارشتنی بونیادی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئۆلسن ململانێی نێوان ناسیۆنالیزم و سەرمایەداری وەك پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەت لەکوردستانی عێراقدا وەسف دەکات، لە نێویاندا چۆنیەتی کاریگەربوونی کوردەکان بە داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق لە ٢٠٠٣-٢٠٠٥ و رۆڵی تورکیا، سوریا و ئێران. گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی شیکردنەوەیەکی راستەوخۆ بۆ زۆرێك لە کێشەکانی نێوان عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو، لەگەڵ چەند پێشنیارێکی ژیرانە بۆ چارەسەرکردنیان. ستانسفیلد و ئەحمەد زادە شیکردنەوەیەکی وریایانە ئەنجام دەدەن لەسەر چەمکە جۆراوجۆرەکانی هەرێمگەرایی کە لەلایەن کوردەکانی عێراقەوە هەوڵی بۆ دەدرێت. گەنتەر ئەوە روون دەکاتەوە چۆن شەڕی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا بۆ رووخاندنی رژێمی سەددام حوسێن کاریگەری لاوەکی خۆشبەختانەی هەبووە لە دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

بە لەبەرچاوگرتنی تەبەنی کردنی دەستووری عێراقی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥دا هەروەها بە دامەزراوەییکردنی فیدراڵیزم، تورکیا ناخۆشحاڵانە بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی قبووڵکرد. لە راستیدا، لەساڵی ٢٠٠٩دا، تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیانکرد بە تەواوکردنی پێوەندیە ئابووریە گەشەکردووەکانیان کە هاوشان بوو بە ئاشتەواییەکی سیاسی پڕ لە ئومێد، ئەمە لە کاتێکدا تورکیا هەوڵی بەرفراوانکردنی سیاسەتە دەرەکیە نوێیەکەی دەدا کە ناسراوە بە سیاسەتی «نەهێشتنی کێشە» لەگەڵ دراوسێکانیدا، ئەویش بە سەرکردایەتی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکە ئەحمەد ئۆغلۆ.

هەر راستەوخۆ دوای سێ هەڵبژاردنە نەتەوەییەکەی ساڵی ٢٠٠٥، کوردەکان بوونە هۆکاری راگرتنی هاوسەنگی هێز. بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانێتی کە پێوستی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ هەبوو، ئەوا هاوپەیمانێتی شیعە کە زۆرینە بوو ناچار بوو داواکاری کوردەکان قبوولْ بکات کە بریتی بوون لە بەدەستهێنانی مافە بەهێزەکان لە عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵیدا. ئەم داواکارییانە ئەوبیان لەخۆ گرتبوو یەکێك لە دوو سەرکردە سەرەکیەکەی کورد، جەلال تاڵەبانی، پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری وڵاتکە بگرێتە دەست، لە کاتێکدا شیعەکان پۆستی سەرۆك وەزیرانیان گرتەدەست کە دەسەڵاتی بەڕێوبەرە لە وڵاتەکەدا. بەشێکی دیکەی داواکارییەکانی دیکەی کوردەکان ئەمانەی لەخۆگرتبوو، داواکاری ئەوەی پێی دەوترێت مافی ڤیتۆی کوردەکان بۆ رەزامەندی دەربرین لەسەر یاخود هەمواركردنی هەر دەستوورێکی عێراقی لەداهاتوودا، رۆڵی سنووورداری ئیسلام، مافەکانی ئافرەتان، نەبوونی سوپای عەرەبی لە کوردستاندا و داهاتووی شاری دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکوك. هەروەها کوردەکان بڕیاریاندا سەرکردەی کورد، مسعود بارزانی، دەبێت ببێتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی یەکگرتوو. هیچ مەسەلەیەك هێندەی مەسەلەی پەیوەست بە چۆنیەتی دابەشکردنی سەرچاوە نەوتییەکان و داهاتووی شاری دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکوك سەرچاوەی گیروگرفت نەبوو لەنێوان حکومەتی نەتەوەیی لە بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی داوای ئەنجامدانی راپرسی دەکات لەسەر داهاتووی کەرکوك لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا، بەڵام بەهۆی رێککنەکەوتنی لایەنەکانەوە ئەو ماددەیە جێبەجێنەکرا. لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٨دا، نزیك بوو دۆخەکە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و سوپای عێراقدا بتەقێتەوە لەسەر شاری خانەقین، ئەو شارەی دەکەوێتە نزیك سنووری هەردوولاوە. کێشە و مەسەلە گەورە و هەستیارەکانی دیکە لە نێویاندا پێوەندی لەگەڵ تورکیا، پەکەکە کە لە شاخەکانی قەندیل لە سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چەندین بنکەی هەیە، لەگەڵ تۆمەتی گەندەڵی و مەحسوبیەت لەدژی سەرکردە سیاسییە دێرینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە ٢٥ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٩دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئەنجامدا. دووبارە مسعود بارزانی بە زۆرینەیەکی گەورە بە سەرۆك هەڵبژێردرایەوە کە نزیکەی لە سەدا ٧٠ی

دەنگەکانی بەدەستهێنا. رەنگە ئەوەی زیاتر بە ئاڵوگۆڕێکی کت و پڕ دابنرێت، دەرکەوتنی بەهێزی گۆڕان بوو بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا کە نزیکەی لە سەدا ٢٤ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و توانیی ٢٥ کورسی لە پەرلەماندا مسۆگەر بکات، ئەمەش تا رادەیەکی گەورە لەسەر حسابی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. بەم پێیە، بۆ یەکەمجار پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان موعارەزەیەکی ماناداری دەبێت. لە ٧ی ئازاری ساڵی ٢٠١٠دا و لە هەڵبژاردنە نەتەوەییەکانی عێراقدا هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ٤٣ کورسیان بەدەستهێنا، لە کاتێکدا گۆڕان ٨ کورسی مسۆگەر کرد و ئیسلامییەکانی کوردستانیش شەش کورسیان لە پەرلەمان مسۆگەر کرد کە ژمارەی ئەندامەکانی ٣٢٥ ئەندامە. هەرچۆنێك بێت، تا ساتەوەختی ئەم نووسینە روون نەبوو لە کۆتاییدا چ جۆرێك لە حکومەتی نیشتمانی پێکدەهێنرێت، ئەمە لەکاتێکدا داهاتووی گۆڕان ناروونە. موعارەزەی کوردی لە مەودای کورتدا جێی پێیەکی بەهێزی هەیە، بەڵام بە بەلەرچاوگرتنی ئەو نادڵنیاییەی لە داهاتووی عێراقدا هەیە، ئەوا لە مەودای دووردا پێگەیەکی لەرزۆکی دەبێت.

**لیستێکی روون بە کارە بەرچاوەکان:**

محمد ئێم ئەی أحمد «دانانی بناغەی دەوڵەتێکی کوردستانی لە عێراق.» لە پەرەپێدانی نەتەوایەتی کوردی، لە نووسینی: «محمد ئێم ئەی أحمد» و «مایکڵ ئێم گەنتەر»، کۆستا مێسا، کالیفۆرنیا: بڵاوکردنەوەی مازدا، ٢٠٠٧: ٨٥-١٤٩.

ئەمە شیکردنەوەیەکی هۆشیارییە لەبارەی خەباتی کوردی عێراق لەنێوانی ساڵانی ١٩٩١- تاکو ٢٠٠٦ بۆ حکومەتێکی مۆدێرن و ئۆتۆنۆمی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە باکووری عێراق.

هانا باتاتو، چینە سۆشیالیستە کۆنەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی عێراق: توێژینەوەیەك لەبارەی چینە کۆنەکان و بازرگانییەکان و لەگەڵ کۆمیۆنیستەکان و بەعسییەکان و ئەفسەرە ئازادەکان. پرنستن: چاپخانەی زانکۆی پرنستن، ١٩٧٨.

ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی کلاسیکییە لەبارەی عێراق تاکو کۆتایی ساڵانی ٧٠کان. هەرچەندە کە لەم شیکردنەوە درێژەدا کوردەکان رۆڵێکی بچووك دەگێڕن، بەڵام هاوکات پێویستە ئەمکارەی «هانا باتاتو» بخوێندرێتەوە بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ تێبگەن لە باکگراوندی عێراق لەبارەی پرسی کورد.

پیتەر دەبلیو گاڵبریس «کوردستان لە عێراقی فیدراڵ.» لەبارەی داهاتووی کوردستان لە عێراق، لەنووسینی: براندان ئۆلێری و جۆن ماکگاری و خالد ساڵح. فیلادڵفیا: چاپخانەی زانکۆی پەنسلڤانیا، ٢٠٠٥: ٨١-٢٦٨.

تێڕوانینێکی زۆر بەگومان لەبارەی داهاتووی عێراق لەلایەن دیپلۆماتێکی پێشووی زۆر شارەزای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئێدمۆند غەریب. پرسی کورد لە عێراق. سیراکۆز، نیو یۆرك: چاپخانەی زانکۆی سیراکۆز، ١٩٨١.

توێژینەوەیەکی کلاسیکی لەبارەی کوردەکانی عێراق تاکو نەمانی مەلا مستەفا بارزانی.

مایکڵ ئێم گەنتەر. سەرهەڵدانی کوردەکان: رێگەچارەی پەرەپێدراو بۆ کێشەی کورد لەعێراق و تورکیا. نیویۆرك: پالگریڤ ماکمیلیان، ٢٠٠٨.

شیدەکاتەوە لەبارەی چۆنیەتی جەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٣ لە رووخاندنی سەددام حوسێن کە چ دەرفەتێکی بەختەوەری لێ کەوتۆتەوە لە یارمەتیدان لە دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەوڵەتێکی فیدراڵی لەچوارچێوەی عێراق. دینامیکییەکانی گۆڕانکاری سیاسی شیدەکاتەوە لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان.


. قەیرانی کورد لە عێراق: شیکردنەوەیەکی سیاسی. نیویۆرك: چاپخانەی سانت مارتن، ١٩٩٩.


ئەم کتێبە شیدەکاتەوە لەبارەی کەسایەتیی مسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەدژی سەددام حوسێن تاکو ساڵی ١٩٩٩ و لەگەڵ شەڕی ناوخۆیی کوردەکانی عێراق لەنێوانی ساڵانی ١٩٩٤- تاکو ١٩٩٨ و خەباتی کورد بەشێوەیەکی گشتی لە تێڕوانینێکی زۆر رەشبینانە.


گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی. نەوت بەرامبەر بە خاك: بەرەو ئاراستەی صەفقەیەکی گەورە لەسەر عێراق و کوردەکان. راپۆرتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارە ٨٠ لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨.


توێژینەوەیەك لەسەر زەمینەی واقیع لەبارەی هەبوونی چەندین کێشە لەنێوانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێشنیاری ژیرانە لەبارەی چارەسەرەکان.

سمیر خلیل ئەل (کەنعان مەکییە). کۆماری










**ستانسفیلد شیکردنەوەیەکی بەپێزی نووسیوە لەبارەی بونیاد و جۆری بڕیار دروستکردنەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تا ساڵی ٢٠٠٢**





ترس: سیاسەتەکانی عێراقی مۆدێرن. بێرکلێك چاپخانەی زانکۆی کالیفۆرنیا، ١٩٨٩.
تاکو ئەمڕۆش هەر باشترین شیکردنەوەیە لەبارەی دیکتاتۆرییەت و ستەمداریی سەددام حوسێن.




کویڵ لۆرانس. نەتەوەیەکی نادیار: چۆنیەتی گەڕانی کورد بەدوای سەربەخۆیی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سیاغەکردووە. نیویۆرك: وۆڵکەر ئاند کۆمپانی، ٢٠٠٨.
بابەتێکی زۆر باو و ناسراو و نایاب لەبارەی گەڕانی کورد بەدوای سەربەخۆیی لەلایەنی ڕۆژنامەنووسێکی خاوەن زانیاری و ئاگادار.
کەنعان مەکییە. ستەمداری و بێدەنگی: جەنگ و ستەمداری و ڕاپەڕین و جیهانی عەرەبستان. نیویۆرك: دەبلیو دەبلیو نۆرتن، ١٩٩٣.
شیکردنەوەیەکی نایاب لەبارەی ستەمداریی سەددام حوسێن و نواندنی بێدەنگیی لەلایەنی جیهانی عەرەبستان لەو بارەیەوە بەتایبەتی لەبارەی هەڵمەتەکانی ئەنفال کە بووە هۆی کوشتنی نزیکەی ١٨٠،٠٠٠ کورد لە کۆتاییەکانی ساڵانی ٨٠کان.




دێنیس ناتاڵی. نیمچە دەوڵەتی کوردی:
دوو هەفتە جارێک دەبینووسێ
پێشکەوتن و تەبەعییەت* (*پشت بەستن لە عێراقێک بە هەرێمەکانیەوە:
بە کەسانی تر، قانع کاکەیی) لە عێراقی پاش جەنگی کەنداو. سیراکۆز، نیویۆرك: چاپخانەی زانکۆی سیراکۆز، ٢٠١٠.
شیکردنەوەیەکی پوخت و چڕ و دەوڵەمەند کە بریتییە لە تاوتوێکردنی جۆرەکانی یارمەتیی دەرەکی کە لەلایەن کوردەکان وەردەگیرا لەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانی و ئاستەکانی توانستیان لە بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.




براندان ئۆلێری و جۆن ماکگاری و خالد ساڵح. داهاتووی کوردستان لە عێراق. فیلادلفیا: چاپخانەی زانکۆی پەنسلڤانیا، ٢٠٠٥.
کۆمەڵەیەکی نایاب لە وتار کە مامەڵە دەکات لەگەڵ سیاسەتەکان لەبارەی هەڵبژاردنە دەستوورییە داهاتوویەکانی کوردەکانی عێراق لەبەرامبەر باکگراوندی دەوڵەتێکی عێراقی کە لەکەدارە بەهۆی پاشماوەکانی پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆساید. شیکردنەوەیەکی نایابە لەبارەی فیدراڵیزم و چۆنیەتی کارپێکردنی لەسەر کوردەکان.
ڕۆبەرت ئۆڵسن. بزن و سەربڕ (قصاب): نەتەوایەتی و پێکهێنانی دەوڵەت لەکوردستانی عێراق لەجەنگی عێراق-ەوە. کۆستا مێسا، کالیفۆرنیا: بڵاوکردنەوەی مازدا، ٢٠٠٥.
ئەم کتێبە وەسفی ئەو ململانێیە دەکات لەنێوانی نەتەوایەتی (بزنەکە) لەگەڵ سەرمایەداری (سەربڕەکە)، لەگەڵ پرۆسەکانی پێکهێنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراق و کاریگەرییەکانی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر کوردەکان لەنێوانی ساڵانی ٢٠٠٣-تاکو ٢٠٠٥ و ڕۆڵی هەر یەك لە تورکیا و سوریا و ئێران.
گاریس ستانسفیلد. کوردستانی عێراق: پێشکەوتنی سیاسی و سەرهەڵدانی دیموکراسییەت. لەندەن و نیویۆرك: ڕاوتلێج کێرزۆن، ٢٠٠٣.
شیکردنەوەیەکی نایابە لەبارەی بنەما و کەشوهەواکانی دروستکردنی بڕیارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان تاکو ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن قوتابییەکی خاوەن زانیاری و مەعریفەیەکی تایبەت.
گاریس ستانسفیلد و هاشم أحمد زادە. «کوردی یان کوردستانی؟ بەرچاوخستنی چەمکی هەرێمایەتی لە باکووری عێراق.»
دانانی بەردی گۆشەی دیموکراسیەتێکی فیدراڵ، لە نووسینی: ریدار ڤیسەر و گاریس ستانسفیلد. نیویۆرك: چاپخانەی زانکۆی کۆڵۆمبیا، ٢٠٠٨: ٤٩-١٢٣.
شیکردنەوەیەکی وریا لەبارەی کۆنسێپتە جیاوازەکانی هەرێمایەتی کە لەلایەنی کوردەکانی عێراق-ەوە هەوڵی بۆ دەدرێت لە دوتوێی ئەوانەش نەتەوایەتیی مەدەنی و بیرۆکەی نیشتمانی لەلایەنی زۆربەی زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی کە لەچوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتدا دەژین.
کەریم یەڵدز. کورد لە عێراق: ڕابردوو و ئەمڕۆ و داهاتوو. لەندەن و ئان ئاربۆر، ئێم ئای: چاپخانەی پلوتۆ، ٢٠٠٤: چاپێکی پێداچوونکراو، ٢٠٠٧.
ڕوپێوێکی پراکتیکیی بەسوود لەبارەی ئەزموونی کوردی عێراق لەزمنی ئەوانەش کەرکوک و یاخیبوونی عێراقی. نووسەر شیکردنەوەیەکی ئەنجامداوە لەبارەی پێوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا و کوردەکانی عێراق.

***

*** پرۆفیسۆر لە زانکۆی تەکنۆلۆژیای تێنیسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زانکۆی نێودەوڵەتی، ڤیەننا، نەمسا.**

# بەرەو کاراترکردنی گوتاری سیاسیی کوردی



عەبدولڕەحمان سدیق

گوتار ئەگەر ئاراستەکردنی قسەو پەیام بێت بۆ ئەوانی دی بەمەبەستی تێگەیاندن و قەناعەت دروستکردن، یان قسەو پەیامی ئاراستەکراوبێت بۆ ئەوانی دی بۆهەمان مەبەست، ئەوا لێرەوە دەردەکەوێت کەگوتاری سیاسیی کۆی بەرهەمی فیکری سیاسییە و پەسەندکراوە لەلایەن زۆرینەوە، لەڕێی دامەزراوەکانیەوە، لەسەردەمێك و قۆناغێکی مێژوویيداو، لەلایەن دەستەبژێرو بەرپرسانیەوە.

لێرەوە گوتاری سیاسیی جیادەبێتەوە لەو پرۆژانەی کەتاك بەرهەمی دێنێت و قسەی لەسەر دەکات، چونکە گوتار بەرهەمێکی کەڵکەبووی دەستە جەمعیی قۆناغێکەو بۆ بەرامبەر قسەدەکات نەك بۆخۆی، لەمەشدا هەرسێ بازنەی: دامەزراوەبوون، سەردەمی مێژوویی نەك کاتی زەمانیی، لەگەڵ گوزارشتکردن لەبیرێکی گشتیی پەسەندکراو، پێویستن.

کەواتە سروشتی گوتاردەشێت نووسین یان قسە بێت.ئەرکی گوتاریش تێگەیاندن و قەناعەت دروستکردنە، میکانیزمی گوتاریش کارلێککردن و بەیەکگەیشتنە.

بۆیە گرنگە بزانین کەهاوڵاتیان چەند خۆیان لەگوتاری سیاسیدا دەبیننەوە ئەوەیش لەڕێی چەند بەڵگەنەویستێکەوە، لەوانەش بۆنموونە :

یەکەم: لەرووی سیاسییەوە هاوڵاتیان بەسەر چەندحزب و قەوارەو بزا ڤی سیاسیدا، دابەشبوونە.

دووەم: لەرووی ئابوورییەوە باشبوونێکی ڕێژەیی ئاستی بژێوی ژیان دیارە بەتوێژێکی ناوەندو سەروو ناوەندەوە، ئاستێکی گوزەرانی خوارناوەندیش و نزیك بەهێڵی هەژاریی بوونی هەیە.

سێیەم: لەرووی رۆشنبیرییەوە کرانەوەیەکی بەرچاو بەرووی دنیادا هەیە لەڕێی کەناڵەکانی بەیەکگەیشتنی جیاجیاوە، بەجۆرێك هاوڵاتیان ئاگادارن لەبارودۆخی جیهان.

جاوەکو دەرئەنجامێك بۆ ئەوخاڵانەی سەرەوە، بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین کە هاوڵاتی:

١- لەخەمی خۆبنیاتنان و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و کاری گونجاوە، دابینکردنی ژیان وگوزەرانێکی شایان بەمرۆڤ

٢-بەشێکی هاوڵاتییانیش لەخەمی دابینکردنی ئازادیی زیاترو، بەشداریکردنی زیاترن لەدروستکردنی بریاری سیاسییدا.

لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە گوتاری سیاسیی کوردی لای هاوڵاتیان:

١ - گوتارێکی گشتییەو هێشتا باسەکانی ناسنامەو ئایین و ئەرکەکانی قۆناغی رزگاریی نەتەوەیی تێنە پەراندووە.

٢- گوتارێکی تارادەیەك راگوزارە، ئەوەی دەینووسێت نایڵێت و ئەوەش کەدەیڵێت ناینووسێت !

٣- لەبازنەی چەمکە رەهاکاندا دەخولێتەوە نەك لەسەر زەمینی مومکین وئەوەی لەتوانایدایە.

٤- ئامانجی زۆرەو میکانیزمی کەمە، لەئەنجامیشدا زۆرجار ئێکسپایەربوونی دروشمەکانی خۆی رادەگەیەنێت.

٥- بەزۆریی لە رابوردوو، یان لەداهاتوویەکی نەبینراودا قسە دەکات وکەمتر بایەخ بەسەردەمی خۆی دەدات کەخەمی سەرەکی نەوەی ئێستایە.

٦- گوتاری بانگەشەیە، سۆزدارە، زۆرجاران ڕووداوی گەورە بەبچوك دەبینێت و بچووکیش بەگەورە !

٧- قسەکانی بۆخۆیەتی نەك بۆ هاوڵاتیان.

٨- زۆرجارحزبیانەو ئایدیۆلۆژییانە دەدوێت و، شەرعییەتی دەستووریی وپەرلەمانیی رەچاوناکات.

٩- تارادەیەك لەبەرزییەوە بۆهاوڵاتیی دەدوێت ودەروانێت وحەقیقەت مۆنۆپۆڵ دەکات هەرچەندە زۆرجار لەدوای هاوڵاتییانەوە دەزانێت ودەدوێت.

١٠- پرۆژەی گوتەزای تاکە، سیاسەتی رۆژە لەرۆژی سیاسەتدا نەك گوتاری سەردەمیی ودامەزراوەیی وکۆدەنگیی.

سەبارەت بەهۆیەکانی ئەم گرفتانەی کەلەگوتاری کوردیدا هەن و ئاماژەمان بەهەندێکیان کرد لەسەرەوە، دەتوانین ئاماژە بەدووهۆی سەرەکی بکەین:

یەکەم: بەشێکی دیاری سیاسەتوانانی کورد لەبواری ئەدەب ونووسینەوە هاتوونەتە نێودنیای سیاسەتەوە، بۆیە ئێستاش سیماکانی گوتاری ئەدەبیی بەسەر قسەو نوسین و گوتارە سیاسییەکانیاندا زاڵە، لەکاتێدا گوتاری سیاسیی جیایە لەگوتاری ئەدەبیی چونکە گوتاری ئەدەبیی :

١-بەهاکەی لەناخی خۆیدایە.

٢- پشت بەجوانیی وفرەمانایی رستەو وشە دەبەستێت.

٣-پێویستیی بەبەراوردنییە لەگەل واقیعدا بۆبریاردان لەسەری.

بەڵام گوتاری سیاسیی بەپێچەوانەوە:

١-بایەخەکەی لەخودی خۆیدا نییە بەڵکو لەوپەیامەدایە کەدەیەوێت بەوانی دیکەی بگەیەنێت.

٢-پشت بە وشەی یەك ماناو زۆر ورد دەبەستێت.

٣-پێویستە بەراوردبکرێت لەگەڵ واقیعدا بۆزانینیی توانای جێبەجێکردنی لەسەر ئەرزی واقیع.

دووەم:بەشیکی دیکەی سیاسەتوانانی ئەمرۆی کورد لەبواری ئایینی وبانگەوازی ئایینیی ولەسەرمینبەرو لەپێشنوێژیی کردنی مزگەوتەوە هاتنە نێو دنیای سیاسەت، بۆیە کاریگەریی گوتاری پەروەردەیی بەسەرگوتاری سیاسییاندا زاڵە، ئەمە لەکاتێکدا کەگوتاری پەروەردەیی جیایە لەگوتاری سیاسیی چونکە گوتاری پەروەردەیی:

١-گوتارێکی تاك ئاراستەیە، لەکاتێکدا گوتاری سیاسیی بەدوو ئاراستەیە

٢-گوتاری پەروەردەیی وەك گوتاری مامۆستا بۆقوتابی، وتاربێژ بۆگوێگران، زانا بۆنەزان، گەورە بۆبچوکە لەکاتێکدا گوتاری سیاسیی هاوتایەو، گوتاری مرۆڤ بۆمرۆڤە .

٣-گوتاری پەروەردەیی پیرۆزکراوەو دوایین قسەکانی دەکات، بەڵام گوتاری سیاسیی ڕێژەییەو، شیاوی پێداچوونەوەو رەتکردنەوەشە !

بۆیە ئەگەر بمانەوێت پێداچوونەوەو چاکسازیی لەگوتاری سیاسییماندا بکەین، ئەوا ئەم خاڵانەی خوارەوە پێویستن:

١ - پابەندبوون بە دەستور و کارپێکردنی، چونکە دەستور مەرجعییەتی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانە.

٢- بایەخدان بەخوێندنی یاساو سیاسەت وەك زانست و،پشت بەستن بەپسپۆرانی ئەو بوارەو راوێژپێکردنیان.

٣- گوتاری سیاسیی خاوەنی زەمینەیەکی مرۆیی و واقیعێکی رەخساو بێت بۆ زیندوو راگرتنی گوتەزاکانی و، رەخنە لەخۆ گربێت و، زوو زوو پشکنین بۆخەبەرەکانی لە موختەبەری واقیعدا بکات .

٤- گوتاری پاراستنی ئاسایشی گشتیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی و، یەکبوونی نیشتمانیی بێت.

٥- گوتاری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان و ئازادییەکانی تاك بێت .


٦- گوتاری بەرجەستەکردنی پێداویستییەکانی سەردەمی هاوڵاتیان و هاوڵاتیانی سەردەم بێت.

٧- دوور بێت لەگوتاری سەردەمی شۆڕشگێریی و مەرگدۆستیی، نزیك بێت لەگوتاری کەلتوری دەوڵەت و ژیاندۆستیی .

٨- دووربێت لەگوتاری هاوردەکراوو کۆپیکراوی کۆمەڵگەکانی دی .

٩- دووربێت لەگوتاری حزبایەتی تەسك وخەمەکانی حزب خۆی و، لەدروشمە رۆمانسییەکان و، نزیك بێت لەخەمەکانی خەڵك و لەشەقامەکانی نیشتمان و لەوەڵامدانەوەی پرسیاری میکانیزم و وردەکارییەکان.

١٠- خۆپارێزبێت لەپەیڕەوکردنی ستراتیژییەتی دوو دڵی و دارایی سیاسیی.




# سەرژمێری لەناوچە جێناکۆکەکان نەخشەی ڕێگایە بۆ دەرختنی ڕاستییەکان..

لەمێژووی دامەزرانی حکومەتی عێراقەوە هیچ سەرژمێرییەکی ڕاست و دروست ئەنجام نەدراوە

لەسەرژمێریدا زۆر ململانێی دارایی و ئابووری نێوان هەولێرو بەغدا یەکلایی دەبێتەوە



**سیروان محەمەد سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم و سەرۆکی ژووری عەمەلیاتی سەرژمێری گشتی:**

# دواخستنی سەرژمێری ٢٠٠٩ مەبەست و مەرامی سیاسی عێراقی لەپشتەوەبووە

### دوای ٢٤ی ئۆکتۆبەر چی ڕوودەدات؟

سەرژمێرییەك هەموو ناوچەو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بێ جیاوازی لەخۆنەگرێت و، بەشێوەیەکی زانستی بەڕێوەنەچێت پێی ناوترێت سەرژمێری، کەواتە سەرژمێرییەك کە تاکو ئێستا پتر لە ٤ جار بەبیانووی بارودۆخی ئەمنی دواخراوە، کە لەراستیدا بەمەبەست و مەرامی تائیفی و ئیتنی دواخراوە تاوەکو سەرژمێرییەکە بەبەرژەوەندیی پارتە دەسەڵاتدارەکانی شیعەو سونە بەڕێوە بچێت، دەبێت چی لێ چاوەڕوان بکرێت؟ سیروان محەمەد سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم و سەرۆکی ژووری عەمەلیاتی سەرژمێری گشتی لەم راپۆرتەدا دەڵێت:(دواخستنی سەرژمێری ٢٠٠٩ مەبەست و مەرامی سیاسی عێراقی لەپشتەوە بووە. تەنانەت ئەمساڵیش کەسێکی وەکو ئەسیل نوجێفی هەڕەشەی ئەوە دەکات ئەو مامۆستایانە وەکو بژمێر بەشداری پرۆسەی سەرژمێری دەکەن و سەر بە پەروەردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانن نابێت لەو پرۆسەیە بەشدار بن..)، سەرۆکی ژووری عەمەلیاتی سەرژمێری گشتی هۆشداری ئەوەش دەدات:( لەبەرواری ٢٤ی ئۆکتۆبەر سەرژمێری ئەنجام دەدرێت و دوای ٧٢ کاتژمێر ژمارەی دانیشتووان لەسەرانسەری عێراق و کوردستان رادەگەیەنرێت، بەڵام شەڕ دژی فێڵ و ساختەکاری دوای سەرژمێرییەکە لەبەغدا دەست پێ دەکات، بەوەی ڕێگا نەدەین غەدر لەکوردستان بکرێت و ساختەکاری لەژمارەو داتاو زانیارییەکان بۆ مەرام و مەبەستی سیاسی بەکاربهێنرێت و راستییەکان دەسکاری بکرێن و کۆنترۆڵێکی زانستی و راست و دروستی سەرژمێرییەکە بکرێت..). لە چارەنووسی کوردستانییەکاندا نووسراو بووە لەدوای هەموو سەرژمێرییەك زیاتر بکەونە بەردەم شاڵاو هێرشی تەرحیل و هێنانی زیاتری خێڵە عەرەبییەکان و پێدانی سەدان دۆنم زەوی لەناوچەکانی کەرکوك و خانەقین و موسڵ، بگرە لەدوای ئەو سەرژمێرییەی کە لەساڵی ١٩٥٧ بەڕێوەچوو لەشاری کەرکوك لەرێگای بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەوە سەرژمێرییەکە ئەنجامدرا، تارادەیەك ئەم سەرژمێرییە بنەماکانی دروستی سەرژمێری تێدا بوو، هەربۆیە لەدوای پرۆسەکە سەرجەم فەرمانبەرە کوردەکانی رەگەزنامە کەوتنە بەر شاڵاوی دەرکردن و تەرحیل و بگرە رووبەڕووی بەندکردن و کوشتنیش بوونەوەو دواتر ئەوڕەحمانی نفووسی بەڕێوەبەری نفووس لەلایەن حەرەس قەومیەکانەوە بە دڕندەترین شێوازی ئەشکەنجەدانەوە شەهید کرا،



ئەمەش وەکو سزادانێك لە لایەن شۆ ڤێنیزمی عەرەبییەوە بەرانبەر ئەو کەسانەی کەراستی ژمارەی کوردیان لەو شارەدا دەرخستبوو..

ئێستاکەش ئەم سیاسەتە شۆ ڤێنییانە بەرامبەر کوردستانییەکان بەردەوامی هەیە ئەوەتا دواخستنی ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووان لە٢٠٠٩/١٠/٢٤ی ساڵی رابردوو لەچوارچێوەی هەمان مەرام و مەبەستدا دێت. لەکاتێکدا ئە نجو مە نی




نوێنەرانی عێراق بەکۆی دەنگەوە رەزامەندی لەسەر بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیەی دابوو، هاوکات پشتگیری و پاڵپشتی سیستانی لەسەر بوو، هەردوو وەزارەتی پلاندانانی عێراق و کوردستانیش ئامادەیی جێبەجێکردنی سەرژمێرییەکەیان دەربڕیبوو، کاتێك بێ پاساو پرۆسەکە دواخرا راستەوخۆ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کارەی بەپیلان و فشاری سیاسی وەسف کرد..

ئەو دەمە بەرپرسە پێوەندارەکانی رایانگەیاند:((هیچ پاساوێك لەپشت دواخستنی سەرژمێرییەکەوە نەبووە تەنیا مەرامی سیاسی نەبێت..))

لەگەڵ هەموو ئەم ئامادەکاری و توانایانە کەچی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئەم بڕیارە یاساییەی پێشێلکردوو پرۆسەی سەرژمێرییەکەی دواخست، لەپێناو زیادنەکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان و ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکان و چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوك و نەگەڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکانی دیکەی کوردستان. هیچ پاساوێك بۆ دواخستنی سەرژمێری عێراق نەبوو، چونکە هەموو توانای دارایی و مرۆیی هەبوو کە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سەرژمێری پێویست بوو، گەر کەموکورتییەکیش هەبووایە دەکرا بەو ماوەیە و بە توانایەکی ماددی و لۆجیستی زیاتر هاوکاری سەرخستنی پرۆسەکە بکرێت، ئەو سەرژمێرییەی بڕیارە لە ١٠/٢٤ی ئەمساڵ بەیەك شێوەو لیستێکی هاوبەش بێ جیاوازی لەسەرانسەری عێراق و کوردستان بەڕێوەبچێت، پێویستە ئەو پرۆسەیە بنەما زانستییەکانی تێدا بێت و بێلایەن بێت و هەموو چین و توێژو ناوچەکان بگرێتەوە بێ جیاوازی لە ئیتنی و نەتەوەو ناوچەو ئایین و مەزهەب، تەنانەت دوای سەرژمێرییەکەش ئەوەندە کادیرو پسپۆری کوردستانی لەبەغدا بوونیان هەبێت کە چاودێرو سەرپەرشتی پرۆسەکە بکەن و ئەو فرۆفێڵانەی لە سەرژمێرییەکانی رابردوودا لە کوردیان دەکرد دووپاتی نەکەنەوە، چونکە شەڕی گەورەی ساختەکاری و چەواشەکاری لەدوای پرۆسەکە دەست پێ دەکات، بەتایبەتی بۆ گۆڕینی راستییەکان لەناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان ئەوەتا لیستی حەدبا لە پارێزگای موسڵ وەك حەرەس قەومیەکانی جاران پێشوەخت دەیانەوێت سەرژمێرییەکە بە ویستی خۆیان تەواو بێت .

ئایا بەو ژمارە کەمەی نوینەرانی کوردستان لەبەغدا کەبۆ جیاکردنەوەو رێکخستن و لێکۆڵینەوەی سەرژمێری پێویستن دەتوانن کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن و ڕێگا لەساختەکاری بگرن؟

**ململانێ سیاسییەکان و دەستێوەردانی دەرەکی بارودۆخێکی وایان خوڵقاندووە، نزیکەی ٢٩,٦ ملیۆن کەس بێ سەرژمێری و زانیاری و داتا بن**

**سەرژمێری لەرووی سیاسییەوە وەکو ڕێنیشاندانێک وایە بۆ ریفراندۆم**

دکتۆر ماهیر عەبدولواحید سەرۆکی زانکۆی سابیس

# هیچ پرۆژەیەکی گشتی و ستراتیژی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت بەبێ بوونی ئاماری گشتی واتا سەرژمێری

**چەند زانیارییەك لەسەر سەرژمێرییەكانی رابردوو**

**•سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧- دەرئەنجامەكانی سەرژمێرییەكە بووە سەرەتایەك بۆ فراوانكردنی هێرشی تەرحیلی كوردەكان و هێنانی زیاتری خێڵە عەرەبییەكان،بگرە پێدانی سەدان دۆنم زەوی لەناوچەكانی كەركوك و خانەقین و موسڵ بەو خێڵە عەرەبیانە.**

**• سەرژمێری ١٩٦٧ - هەرچی پێشمەرگەو دانیشتووانی ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستانە ( رووبەری ٦٠٪ ی هەرێمەكەی پێك دەهێنێت) ئەو ئامارەی دانیشتووان نەیگرتنەوە.**

**• لە سەرژمێری ١٩٧٧- ئەوەی ئاوارەبوو چووە دەرەوە بە كوردە فەیلییەكانیشەوە كە دەربەدەركران لەم سەرژمێرییەوە دوور بوون....**

**• سەرژمێری ١٩٨٧روخاندن و كاولكردنی نزیكەی ٥٠٠٠ گوندی كوردستان و سەدان هەزار قوربانی مەدەنی كوردی لێكەوتەوە تەنانەت لە شارە گەورەكاندا هەڵمەتی گوللەبارانكردنی دەیان گەنجی كورد بە بیانووی هەڵهاتنیان لە سەربازی لێ كەوتەوە ..**

**• حكومەتی بەعس پێش ١٣ ساڵ لەمەوبەر لەباشوورو ناوەراستی عێراق سەرژمێری ئەنجام دابوو، هەرێمی كوردستانی نەگرتەوەو بەخەملاندن و پشت بەستن بەئامارەكانی پێشوو ئاماژە بەدانیشتووانی سێ پارێزگاكە دراوە، سەرژمێرییەكەش مەبەستی سیاسی لەپشت بووە لەپێناو زیادكردنی دانیشتووانی عەرەبی سوونە بەسەر عەربی شیعەو كورد..**

**چ كارەساتێكە وڵاتێك پتر لە ٥٠ ساڵە سەرژمێری راستی تێدا نەكراوە**

تاكو ئێستا سەرژمێرییەكی راست و دروست لەعێراق و كوردستان ئەنجام نەدراوە، تەنانەت دوای هەموو سەرژمێرییەك راستییەكان بەمەرامی سیاسی شێوێنراوە، لەدوای رووخانی رژێمی بەعسیشەوە لەئاكامی نەبوونی سەرژمێری گشتی دانیشتووان هەڵبژاردن بەبیتاقەی شەكروچا بەڕێوەچووە، بیتاقەیەك لەزەمەنی گەمارۆدا نەمردوو نەزیندووی تێدا بەتەواوی تۆمارنەكراوە، نە ژمارەی ئەو هاوڵاتییانەی تێدا دەستنیشانكراوە كەڕوویان لەوڵاتانی دەورووبەرو هاندەران كردووە، تەنانەت لەگەمارۆی ئابووری و تەشەنەكردنی هەژاری و برسێتی بۆ زیادكردنی بەشە خۆراكی مانگانە ناوی زیاتری هاووڵاتییان تۆماركراوە، هەربۆیە ناتوانرێت بۆ زانینی ئامارو داتاو زانیارییەكان پشت بەهیچ ئامارێكی گشتی وەكو ئاماری دانیشتووانی (ئاژانسە مرۆییەكانی un- دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق) ببەسترێت. . پشت بەستن بەبیتاقەی شەكروچا ئامارو زانیاری راست و دروست نادات بەدەستەوە، تاوەكو لەپرۆسەیەكی



واگرنگی هەڵبژاردن و دانانی پلانی ستراتیژی و پێشخستنی ئابووری پشتی پێ ببەسترێت، ئەمە لەكاتێكدا دەكرێت چارەنووسی هەرێمی كوردستان و دیاریكردنی مامەڵەو ئاستی پێوەندییەكانی لەگەڵ ناوەند لەڕێگای سەرژمێری دیاری بكرێت، بەوپێیەی سەرژمێری یاساو رێنمایی و پلانی ئابووری دەگۆڕێت و سوودیشی بۆ پێشخستنی چارەسەرەكانی بەردەم كێشەی كەركوك و ناوچەجێناكۆكەكان هەیەو لەڕێگای ئەو سەرژمێرییەوە دەكرێت چارەنووسی ئەو ناوچانە دیاری بكرێت، چونكە بەسەرژمێری دەزانین دیموگرافیا چەند گۆڕدراوە. ئەوانەی دەستیان هەبوو لەدواخستنی سەرژمێری هەرئەوانەن كەدەیانەوێت قسەو تەزویراتی شۆفینیانی عەرەب بەدرۆ نەخرێنەوەو قەبارەی راستەقینەی كورد لەعێراقدا دەرنەكەوێت.
گرنگی سەرژمێری بۆ دانیشتووانی كوردستان و عێراق تەنیا بۆ رێكخستنی هەڵبژاردنەكان و دیاریكردنی نەخشەی سیاسی نییە، بەڵكو بۆ چارەسەركردنی دەیان كێشەو گرفتی سیاسی و ئابووری و دانانی پلان و ستراتیژییەتی بەڕێوەچوونی كۆمەڵگاو وڵاتە، سەرژمێری بەواتای داتاو زانیاری راست و دروست بۆ دابەشبوونی بودجەو رێكخستنی خەرجی و داهاتەكان و دیاریكردنی ژمارەی گەنج و بێكاران و كەمئەندامان و بیروباوەڕی ئاینی و ئیتەنی و . دەیان مەسەلەی تری پێویست.

**پێویستە ئەو سەرژمێرییە بنەما زانستییەكانی تێدا بێت**

سەبارەت بە وردەكارییەكانی ئەو سەرژمێرییەی كەبڕیارە لەسەرجەم عێراقدا ئەنجام بدرێت (سیروان محەمەد ) سەرۆكی دەستەی ئاماری هەرێم و سەرۆكی ژووری عەمەلیاتی سەرژمێری گشتی پێی وایە: دوای ئەوەی پرۆسەی سەرژمێری كە لە ٢٠٠٤ بڕیاردرابوو ئەنجام بدرێت لەهەرێمی كوردستان ئامادەكاری باشی بۆ كرابوو، تەنانەت پرۆسەی ژمارەدانانیش ئەنجامدرابوو، بەڵام تێكچوونی بارودۆخی عێراق هۆكارێكی سەرەكی بوو بۆ دواخستنی پرۆسەكە لەوكاتەدا، بۆیە بڕیاردرا لە ٢٠٠٧ پرۆسەی سەرژمێری ئەنجام بدرێت دواتر لەم بەروارەش دواخرا بۆ ٢٠٠٨، ئەو كات یاسای تەعدادی ژمارە ٤٠ی بۆ دەرچوو كەچی هەر لەبەر هۆكاری خراپبوونی بارودۆخی ئەمنی پرۆسەكە دواخرا بۆ بەرواری ٢٠٠٩، لەو ساڵەدا هەموو بارودۆخەكە لەبار بوو بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری، بەڵام هەندێك لایەن و پارتی سیاسی لەبەر مەرامی سیاسی و پێیان خۆش نەبوو پرۆسەكە ئەنجام بدرێت. سەبارەت بەئامادەكارییەكانی ئەنجامدانی سەرژمێرییەكەو بارودۆخەكە لەناوچە جێناكۆكەكان سەرۆكی ژووری عەمەلیاتی سەرژمێری گشتی وتی : ئامادەكارییەكی باش ئەنجامدراوەو لەدوا قۆناغین لەبەردەم جێبەجێكردنی سەرژمێرییەكە. تەنانەت لە٩/١ راهێنانی مامۆستایان تەواوبوو. ئەو ناوچە جێناكۆكانەی لەژێر ئیدارەی هەرێمی كوردستاندایە وەكو ناوچەی شوان و خانەقین و فایدەو شێخان و. چەند ناوچەیەكی تر كەلەژێر چاودێری حكومەتی هەرێمی كوردستاندایە لەو ناوچانە كێشە دروست نابێت. هەندێك شوێنی تر هەیە تێكەڵە بەواتا كاتێك سەرژمێرییەكە لەڕێگای بژمێرەكانەوە ئەنجام دەدرێت كە لە توێژی مامۆستان و مامۆستای تێدایە سەر بەپەروەردەكانی حكومەتی هەرێمن و لەو ناوچانە وانەدەڵێنەوەو لە سەرژمێرییەكە بەشدار دەبن، لەمبارەیەوە ئەسیل نوجێفی هەڕەشەی ئەوەی كردووە كە نابێت ئەو مامۆستایانە وەكو بژمێر بەشداری پرۆسەی سەرژمێری بكەن. ئەمە هەڕەشەیەكی سیاسییەو لەرووی براكتیكییەوە ناتوانرێت جێبەجێ بكرێت، چونكە لەزۆر لەو شوێنانە ناتوانێت مامۆستا بنێرێت بۆ ئەنجامدانی سەرژمێرییەكە، هەڕەشەكەی تەنیا بۆ خستنەوەی كێشەو گرفتی سیاسی و ئیتەنیە تاوەكو پرۆسەكە ئەنجام نەدرێت، سەبارەت بەو هەواڵانەی كەباس لەكۆچكردنی پێچەوانەی كەركووكییەكان دەكاتەوە بۆ هەرێمی كوردستان كەبەمەبەستی گەڕان بەدوای هەلی كار روویان لەهەولێرو سلێمانی كردووەو لەبەرامبەردا بەپێچەوانەوە بەهۆی باری ئەمنی و بەدەستهێنانی ئیمتیازات و دامەزراندن و تەنانەت بەرزبوونەوەی پلەكانی گەرما لەخواروو ناوەراستی عێراق و بێكارەبایش وایانكردووە ژمارەیەكی زۆر لەخێزانە عەرەبەكان لەناوچە جێناكۆكەكان نیشتەجێبوونەتەوە بەڕێزیان لەمبارەیەوە وتی: لەپرۆسەی سەرژمێری هەموو ئەو

**دواخستنی سەرژمێری پیلانی سیاسی لەپشتەوە بووە**

**لە٢٠٠٩ هەموو بارودۆخەكە لەبار بوو بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری، بەڵام هەندێک لایەن و پارتی سیاسی عەرەبی لەبەر مەرامی سیاسی پێیان خۆش نەبوو پرۆسەكە ئەنجام بدرێت**

**عیماد مەکیە وەبەرهێن و بەڕێوەبەری کۆمپانیای زین لەعێراق پسپۆڕ لە بواری ئاماردا:**

# لە پرۆسەی سەرژمێریدا زۆرترین زانیاری و ژمارە بەدەست دەهێنرێت کە بۆ وەبەرهێنەر پێویستە

حاڵەتانە دیار دەکەوێت و پرسیار لەفۆرمەکە هەیە بەوەی « لەکەیەوە لێرە نیشتەجێی؟» هەندێك کێشە لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق لەبەغدا ماوە لەهەوڵی ئەوەداین چارەسەری بکەین، تاوەکو بتوانین کێشەکە کۆنترۆڵ بکەین و نەهێڵین فێڵ و غەدرمان لێبکرێت. مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکان ئاڵۆزەو دەچێتە بوارێکی ترەوە بۆنموونە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئاسایکردنەوەو ئاماری تێدایە دواتر راپرسی لەخۆدەگرێت تاکو ئێستا بارودۆخەکە لەو ناوچانە ئاسایی نەبۆتەوە ئەمە بڕیارێکی سیاسی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە تەواوبێت و دواتر قۆناغی سەرژمێری ئەنجام بدرێت. سەرژمێرییەکان لەئاکامی شوێنەواری جەنگ و گەمارۆ ئابوورییەکان و ڕەگەزپەرستی نەتەوەییەوە شێوێنراوە، خەباتی کوردو قۆناغەکانی شۆڕشگێڕی بەبەردەوام دۆخێکی وای لێکەوتۆتەوە لەسەرژمێرییەکاندا ژمارەی ڕاستەقینەو پێویستی کوردەکان و کەمە نەتەوەییەکانی تری دەرنەخستووە، لەکاتێکدا سەرژمێری وەکو ڕێنیشاندانێك بۆ ریفراندۆم وایە لەڕووی سیاسییەوە، بەتایبەت بۆ ناوچە دابڕاوەکان. ئەنجامدانی سەرژمێری سوودی زۆری بۆ گەلی کورد دەبوو، بەتایبەت ئەگەر پێش هەڵبژاردن ئەنجام بدرایە، دواخستنی سەرژمێری پیلانی سیاسی لەپشت بووە، چونکە گەر بێت و سەرژمێری دانیشتووان پێش هەڵبژاردن ئەنجام بدرایە گەلی کورد سوودێکی زۆری لێ دەبینی، بەتایبەت لەتەرخانکردنی ژمارەی کورسییەکانی پارێزگاکان، لەڕووی ئابوورییەوە لەسەرژمێرییدا ڕێژەی ڕاستەقینەمان دەردەکەوێت و لەکێشەیەی نێوان وەزارەتی دارایی هەرێم و وەزارەتی دارایی عێراق ڕزگارمان دەبێت، چونکە ئەوان پێیان وایە کە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ١٣٪ کەمترەو ئێمەش دەڵێین لە ١٧٪ زیاترە، بۆیە ئەگەر ئەو سەرژمێرییە ئەنجام بدرێت ئەوا ئەم مەسەلەیە یەکلادەبێتەوە، لەمبارەیەوە سیروان محەمەد سەرۆکی ژووری عەمەلیاتی سەرژمێری گشتی دەڵێت: دوای سەرژمێری پسپۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاریش دەتوانن لەڕێگای ئەو ژمارانەی بەدەستهاتووەو وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زۆرانەی لەفۆرمەکەدا هەیە سوودێکی گەورەی لێوەربگرن، لەساڵانی رابردوو کاتێك سەرژمێری ئەنجام دەدرا ٣ ژمارە دەردەهێنرا ژمارەیەك دەدرا بە سەرۆکی کۆماری عێراق و ژمارەیەکیش بە وەزارەتی بەرگری و ژمارەیەکی تریش جیادەکرایەوەو رادەگەیەنرا، بەداخەوە تەنیا ژمارە ڕاستەقینەکە دەدرا بە سەرۆك کۆمار و ژمارەکەی تریشی بۆ ئاشکرا کردنی ئەوانەی دەتوانن خزمەتی سەربازی بکەن.



**سەرژمێری دانیشتووان لەعێراق چارەنووسی نەتەوەو وڵات و هەرێمێك دیاری دەکات.**

خۆئامادەکردن و ڕێکخستنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی سەرژمێری گرنگییەکەی لەهەڵبژاردن کەمتر نییەو، لەسەر ئاستی جیهانی سەرژمێری چەندین کێشەی چارەسەرکردووە. سەرژمێری دانیشتووان لەعێراقدا چارەنووسی نەتەوەو وڵات و هەرێمێك دیاری دەکات، بۆیە پەیڕەوکردنی ئەو پێوەرو ڕێنماییە زانستییانەی کەنەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی پێشکەوتوو پەیڕەویان دەکات بۆ ئێمەی کورد گرنگە، سەرکەوتنی سەرژمێری پێویستی بەهاوکاری و یارمەتی هاووڵاتییانە، چونکە سەرجەم داتاو ئامارەکان بۆ پێشخستنی ئابووری لەو زانیارییانە دەست دەکەوێت کەلەهاووڵاتییان کۆ دەکرێنەوە، ژمارەی دانیشتووان و ڕێژەی نیشتەجێبووانی شارو گوندەکان و ژمارەکانی نێرو مێ و گەنج و پیرو منداڵ و کەمئەندامان و خاوەن بڕوانامەو پسپۆڕایەتی و ..تاد، لەمبارەیەوە دکتۆر ماهیر عەبدولواحید سەرۆکی زانکۆی سابیس سەبارەت بەگرنگی سەرژمێری بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق وتی: سەرژمێری ڕۆحی پێشکەوتنی ئابووری و تەنانەت دروستکردنی دەوڵەتە، بۆ نموونە هیچ پلانێك و پرۆژەیەکی گشتی وردو ستراتیژی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت بەبێ بوونی ئاماری گشتی واتا سەرژمێری، هەرەمی دانیشتووان لەروانگەیەکی دیموگرافییەوە لەسەرژمێری دەردەکەوێت، تەنانەت لەڕێگای سەرژمێری ڕێژەی گەنج و پیرو پەککەوتەو و خێزاندارو ڕێژەی منداڵبوونی ئافرەت دەردەکەوێت. لەناوچە جێناکۆکەکان ژمارەی کوردەکان دیاری دەکرێت و لەو روانگەیەوە خەبات و تێکۆشان بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە دادەڕێژرێت، پلانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئامار دەکرێت و سەرژمێریش هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشخستنی ئەمبوارە. بۆ نموونە کاتێك دەوترێت ژمارەیەکی زۆر لەعەرەبەکان لەئاکامی تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی و پلەکانی گەرما ڕوویان لەهەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان کردووە دەبێت بزانین تاچ رادەیەك ئەو عەرەبانە لەکوردستان نیشتەجێبوون! پێویستە حکومەتی هەرێم بەتایبەتی لەناوچەجێناکۆکەکان زۆر بەووریایی و دڵسۆزی بەشداری لە پرۆسەکە بکات و حکومەتیش هەموو هاوکاری و کار ئاسانییەکیان بۆ بکات.

**عیماد مەکیە وەبەرهێن و بەڕێوەبەری کۆمپانیای زین لەعێراق** کە دەرچووی بەشی ئامارە و شارەزایی لەوبوارەدا هەیە سەبارەت بەگرنگی ئەو سەرژمێرییە بۆ پێشکەوتن و پەرەپێدانی ئابووری لەعێراقدا وتی: هەرێمی کوردستان لەهەنگاوێکی گەورەدایە بەرەو پەرەپێدانی ئابووری، ئەوەی ئەمڕۆ لەم هەرێمەدا بەتایبەتی لەشاری هەولێر بەرچاو دەکەوێت جێی ستایش و تێڕوانینە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وا لەکۆمپانیا عەرەبی و بیانییەکان دەکات روو لەم هەرێمە بکات، ژینگەی وەبەرهێنان هاندەرە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان، حکومەتیش ڕۆڵی سەرەکی بینییوە، ئەم پێشکەوتنە پێویست بەوە دەکات وەبەرهێنەری بیانی زانیاری و داتای پێویست بێت تاوەکو لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری لەوەبەرهێنانەکانی و پرۆژەکانی بکات، سەرژمێریش بنەمایەکی سەرەکی بەدەستهێنانی زۆرترین زانیارییە، وەبەرهێنەر پێویستە مامەڵە لەگەڵ ژمارەو داتا بکات، تاوەکو بەرنامەو پلانەکانی تەندروست بێت، لەم روانگەیەوە لەسەرژمێریدا ژوورەکانی بازرگانی و وەبەرهێنەرو دامودەزگا پێوەندارەکانی حکومەت بەتایبەت ئابوورییەکان دەبنە خاوەنی زانیاری ڕاست و دروست و هاندەریش دەبێت بۆ زیادکردنی ئاستی وەبەرهێنان. بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکەی سەرژمێری هەڵمەتی هۆشیاری پێویستە کە سەرژمێری تەنیا خزمەتی حکومەت ناکات بەڵکو بۆ پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان ، پێویستە بۆ پاڵپشتی و پێشخستنی سەرژمێری چاودێرو شارەزایانی نەتەوەیەکگرتووەکان و بیانی بێنە عێراق و ڕۆڵیان لەڕاستی و دروستی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە هەبێت، سەرژمێری ئەمجارە زۆر لەکێشەوگرفتە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق یەکلادەکاتەوەو دەکرێت گەر پرۆسەکە بەڕاستی و دروستی بەڕێوەچێت پشتی پێ ببەسترێت .

**بەسەرژمێریکردن دەزانین دیموگرافیای ناوچە جێناکۆکەکان چەند گۆڕدراوە**

**ئەسیل نوجێفی وەک عادەتی هەمیشەی دیسانەوە هەڕەشە لەپرۆسەی سەرژمێری گشتی دەکات**




لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری
Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com
Mobile: 07504512761

# ساراتسین و هیستریای ڕەگەزپەرستی



**کازم حەبیب**

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویێتی**

لـــەم ڕۆژانەدا هەمـــوو ڕاگەیاندنی ئەڵمانیایی سەرقاڵن بەو لێدوانە وروژێنەرو پڕ تانووتانەی لە لایەن ئەندامی پارتی سۆسیالیســـتی دیموکراتی ئەڵمانی و وەزیری پێشـــووی حکومەتی بەرلینی سۆسیالیستی دیموکراتی و ئەندام لە ئەنجوومەنی ســـەرۆکایەتی بانکـــی فیدراڵـــی (دکتۆر تیلۆ ساراتســـین)ەوە دژ بە موســـڵمانانی نیشتەجێی ئەڵمانیـــاو ئەوروپـــا داویەتـــی، ئەمـــەش وەك پڕوپاگەندەیەك بۆ کتێبێکی بە ناوی (( ئەڵەمانیا بە دەســـتی خۆی بوونی خۆی ناهێڵێت))کە لەم دواییانەدا بە چاپی گەیاند ..

نـــاوەڕۆك و لێدوانەکانـــی کتێبەکـــە ڕۆحێکی دوژمنکارانەی پەڕگیرانەی دژ بە موســـڵمانانی نیشـــتەجێی ئەڵمانیاو ئەوروپا بەرجەستە دەکاتەوە و ئەو تیۆرە راســـیزمی و بازاڕیانەی نازییەکانی ساڵانی ١٩٣٣ـ١٩٤٥وەیادی خوێنەرانی دێنێتەوە کە ئێستاش لە لایەن نازییە تازەکان و راستڕەوانی پەڕگیـــرەوە کاری پێدەکەن ..بەو شـــێوەیە ڕۆحی تۆڵە و دوژمنایەتی لە ناو کۆمەڵگەی ئەڵمانیدا دەچێنێت کەئەمـــەش پێچەوانـــەی پلۆرالیزمی وپێکەوەیی کۆمەڵگەیی فرە کەلتوورە ..

**سەروەری ڕەگەزێکی باشتر و باڵاتر فەرز دەکات بەسەر ڕەگەزە ئاست نزمەکاندا**

### حوکمدانی توندڕەوانە دژ بە موسڵمانان

ساراتسین بە ئاشکرا ئەم شتانە رادەگەیەنێت :

١ـ موسڵمانانی ئەڵمانیاو ئەوروپا ناتوانن لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەڵمانیدا خۆبگونجێنن وئامادەگییان تێدا نییە بۆ ئاوێزان و تواندنەوە لە ناو کۆمەڵگەو کولتـــووری ئەڵمانـــی و بەهـــۆی کەڵچـــەری موسڵمانێتییانەوە خۆیان پێ ساز نادرێت .

٢ـ هەوڵنادەن زمانی ئەڵمانیایی فێربن، ئافرەتانیان پەچەپۆشن و لەگەڵ کەڵچەری ئەڵمانیدا هاوکوف نابنەوەو تەنیا کار و خەمیان خســـتنەوەی کیژانی سەربە ڕەفتەیە ..

٣ـــ ئەڵمانیـــاو وڵاتانی ئەوروپایی پشـــتیان بە ســـیکولاریزمی و دیموکراتیەت بەستووەو ڕێز لە مرۆڤ دەگرن بەڵام لە کەڵچەری موســـڵماناندا ئەم بڕوایانە ڕەت دەکرێنەوەو کاری پێناکەن

٤ـ بەسەر ئابووری و خەزێنەی ئەڵمانیاوە بارگرانین و بەکارهێنەری بەشێکی زۆری دەخلی نەتەوەیین . ٪٤٠یان بەسەر بیمەو سۆسیالەوە دەژین، لەوەی بەرهەمی دێنن. زیاتر دەخۆن

٥ـ بە چڕی منالّ دەخەنەوە و پارەی ئەســـتوور بە دەوڵەت بەردەدەنەوە، لە دوای هەشـــتا ساڵیتر دیموگرافیـــای دانیشـــتووانی ئەڵمانیا دەگۆڕن، ڕێـــژەی منالبوون لە نـــاو تـــورك و عەرەبان و موسڵمانانی تردا دوو هێندەی ڕێژەی منالبوونی ئەڵمانیاییە ..

٦ـ بە پێی کەڵچەری موسڵمانان مرۆڤ تەوەزەل دەبێت حەز بە کارو کاسپی و جدییەت ناکات ..

٧ـبەهـــۆی پەڕگیرێتی لـــە کەڵچەریاندا زیان دەگەیەنن بە کەڵچەری ئەڵمانیایی بۆیە پێویستە ئەڵمانیایان لێ رزگاربکرێت .

٨ ـ ساراتســـین جەخت دەکاتە ســـەر ئەوەی کە نایەوێت وەچەکانی داهاتووی خۆی لەناو وڵاتێکدا پەروەردەبن کـــە زۆرینەی ڕەها تێیـــدا بە زاری عارەبـــی و تورکی و زارەکانی تری موســـڵمانان دەئاخڤن ..

بە ئاکامگەیشتنە رەگەزپەرستیەکانی ساراتسین بە پشتبەســـتنی بەو دیـــاردە ئینتیقائیانەی کە موسڵمانان تێیدا هاوبەشن ساراتسین بەم ئاکامانە گەیشتووە :

** کۆمەڵـــێ جین هـــەن کە جوولەکـــە تێیدا هاوبەشـــن، هەروەها خەڵکی باســـك لە ئیسپانیا جینی هاوبەشـــیان هەیـــە و ئەم حاڵەتـــە لەناو موسڵمانانیشدا بوونی هەیە بەم شێوەیە ساراتسین بابەتەکـــەی بەرفراوانترکردۆتەوە بۆ بەراوردکاری وبەئاشـــکرا لە نموونە هێنانەوەکانیدا دەیسەلمێنێت کە سەر بەگرووپەکانی دژ بە سامییەکانە و ڕقی لە موسڵمانانی نیشتەجێی ئەوروپا دەبێتەوە .

** لـــە ڕووی جیناتەوە گەلانێکی بێمێشـــك و گەلانـــی زیرەك هەن، گەلانـــی دەبەنگ ناتوانن خۆیان بگۆڕن و ئەم زەغەلایەتییە بە پشتاوپشـــت لە نەوە بۆ نەوە لەڕێی نەسلەوە دەگوازرێتەوە.

**جیـــاوازی بیۆلـــۆژی لە نێـــوان توێژەکانی مرۆڤایەتیـــدا لەڕێی ئاســـتی بـــەرزی و نزمی زیرەکییەوە هەن .

** ئەو موســـڵمانانەی لـــە وڵاتانی عارەبی و تورکیا و شوێنانی ترەوە دێنە ئەوروپاوە هەموویان تەمەڵ و بێمێشکن ..

** هاندانی خســـتنەوەی منداڵ لە ناو خانەوادە ئاســـت بەرزەکانـــدا لـــە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەرکێکی پێویســـتەو بەڵام پێویستە لەناو خانەوادە ئاست نزمەکاندا کۆنترۆڵ بکرێن ..

ئەم ڕوانینە ڕەگەزپەرســـتییە بازاڕییە نازانستییە هاوواتایە بە روانینی کەســـانی رەگەزپەرســـت کە ئیدیۆلۆژییەکەیان لە ســـەدەی هەژدەیەمەوە تەشـــەنەی سەند و دواتر لە سەدەی١٩ و ناوەندی ٢٠ خەست کرایەوە و لە لایەن نازییەکانەوە عارەبان و جولەکەو ڕەشپێســـتەکان خزێنرانە ناو لیستی پلە نزمەکانی مرۆڤایەتییەوە .

ئێســـتاش گرووپی ڕێکخراو هەن لە ئەوروپا بەو شێوازە بیرکردنەوەیەی جارانەوە سەرسامن ..

### راسیزمی و رەگەزپەرستێتی چین؟؟

زاراوەیەکی تازەن بە نیسبەت دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کەڵچەرییەکانی کۆنەوە، لەو بڕوایە هەڵەیەوە سەرچاوە دەکرێت کە مرۆڤایەتی دابەش دەبێت بەســـەر ســـێ گـــروپ بریتین لە رەگەزی ســـپی و زەردو رەگـــەزی رەش، دواتر دابەشیان کردە سەر پێنج گروپ یان هەندێك جار حەوت گروپی گەورەو بچووك لەوانە رەگەزەکانی ئاری و ســـامی و حامی، بیرمەندانی ئەم تیۆرە هەڵانە جیـــاوازی بیۆلۆژیـــان کردۆتە بنەما بۆ دابەشـــکردنی رەگەزەکان لەڕێی پشـــت بەستن بەجیناتی بۆماوەیی لەنێوان هۆزە هەمەجۆرەکاندا، ئەمەش لەدوو لایەنەوە گوزارشتی لێدەکرێت :

١- جیاوازی لە روخساری دەرەوەی مرۆڤ وەك رەنگی پێســـت و شێوازی کەللەی سەروو رەنگی چاوو پرچ.

٢- جیـــاوازی لـــە بونیادی بیۆلـــۆژی مرۆڤ کە لە هەندێك بنەمـــای جێگیردا دەردەکەوێت و لەمرۆڤـــدا زەحمەتە گۆڕانیان بەســـەربێت لەوانە توانـــای ژیری و زەینی تاکەکەس چ لە زیرەکیدا یا لە بەهرەو رۆشـــنبیریەکەیدا، سیمای هەمەجۆر لەم خاڵەی دواییدا دروســـت دەبێـــت بەتایبەتی لەپێوەندییە کۆمەڵایەتی و رەوشتی و سۆزداری و هەڵوێستەکان بەگشتی.

لەمجیاوازییانەوە (کە رەگەزپەرستەکان دەستنیشانی دەکەن))جیاوازی لەبەهای راســـتەقینەی گرووپە مرۆییەکانـــدا دروســـت دەبێت، لـــەو کاتەدا کە

ڕەگەزێکی باڵا بەئاستێکی پێشکەوتوو لەتوانای فیکرو ڕۆشــنبیری و وزەدا دیاری دەکەن لەپاڵیدا چەندین ڕەگەزی ئاست نزمی لاواز لەپەرەسەندن و دیاریکراو لە توانای زەینی و فیکری و ڕۆشنبیری و ڕەفتاریدا و هەروەها کوێرانە لەبەکارهێنانی سۆزو زەین و بیرکردنەوەدا دیاری دەکەن، ئەم جیاوازییە سروشتی و هەمیشەییە لەنێوان ڕەگەزەکاندا ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەجیاوازی حاڵەتی کۆمەڵایەتی و سیاســی و ئابووری و ڕۆشنبیریدا واتا سەروەری ڕەگەزێکی باشــتر و باڵاتر فەرز دەکات بەســەر ڕەگەزە ئاست نزمەکاندا.

لەم چەمکەوە هیتلەر مرۆڤایەتی دابەشکردە سەر سێ گرووپ،

یەکــەم :ڕەگــەزی داهێنــەرو دامەزرێنــەری شارستانییەت و کاڵچەری جیهانی.

دووەم : ڕەگــەزی تووتــی و گــوازەرەوەی بەرهەمەکانی شارستانییەتەکانی دیکە

ســێیەم : ڕەگــەزی بەکارهێنــەرو تێکــدەری شارستانییەتەکان.

جەماوەرێکــی بەرفراوانــی میللەتــان لەوانــە میللەتانــی خۆرهەڵاتــی ناوەنــد بەگەلانــی بەکارهێنەرو وێرانکەری شارستانییەت دادەنێت کە هیچ سوودێکیان بۆ مرۆڤایەتی نییە.

ئەم ڕێبازە فیکرییانەی کە ساراتســین لەسەریان ڕادەوەستێت دوژمنایەتی بەرامبەر عەرەب و تورك و کــوردو ئەفغان و پاکســتانییەکان وروژاندووە، هەروەهــا جولەکەکانیش هەموویان بە مەترســی دادەنێت بۆ سەر ڕەگەزی ئەڵمانی کە بە زیرەکترو باڵاتر دەیانژمێرێت..

## ساراتسین پێشنیازی چی کردووە

دوژمنایەتی موســڵمانان لەم پێشنیازانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- ڕاگرتنی خێرای وەرگرتنــی پەناهەندەو ئەو بێگانانەی لە وڵاتانی ئیسلامییەوە دێنە وڵاتانی ئەڵمانیاو ئەوروپا.

٢- بێزارکــردن و دەرپەڕاندنــی پەناهەنــدە ئیســلامییەکانی ئەوروپــا بەتایبــەت ئەوانەی سەرپێچی یاســایی لەناو کۆمەڵگای ئەڵمانیدا دەکەن .

٣- کەمکردنــەوەی سۆشــیال و هــاوکاری کۆمەڵایەتی کە دەوڵەتانی ئەوروپا بەبێگانەکانی دەدەن و ڕۆژانــە لــە ٤- ٥ یــۆرۆ تێناپەڕێت، ئــەو ڕێژەیەش تەنیا بەشــی دووژەم نانخواردنی ڕۆژانەیان دەکات.

٤- کەمکردنــەوەی دەرفەتــی کارکــردن لــە موسڵمانەکان و ڕەخساندنی کار بەپارەی زیاتر بۆ ئەڵمانییەکان.

٥- وروژاندنی ڕق و ترس لەبەرانبەر موسڵمانانی ئەڵمانیــا بەتایبەت ئەوانەی کــە ڕەگەزنامەی ئەڵمانــی لــە ڕەچەڵەکی کــوردی و عەرەبی و پاکستانی و ئەفغانین بەبێ جیاوازی .

٦- تیۆرەکەی لەخاڵێکی زۆر سامناك و وروژاو کۆ دەکاتەوە لە بیروڕای نەتەوەییە پەڕگیرەکانی ئەڵمانیا و بەتایبەت لە پشتبەستنی بەو وتارەی کــە لە ڕۆژنامــەی حورییەتــی تورکی بڵاو بۆتەوەو تێیدا هاتووە : ( ئەو دەســتکەوتانەی سلێمانی قانوونی لەکاتی گەمارۆدانی ڤیەننا پێی ڕانەگەیشــت تورکەکانــی ئەمڕۆ لە ڕێی زۆر وەچە خســتنەوە دەتوانــن تۆپۆگرافیای دانیشــتووان لە ئەڵمانیا لەبەرژەوەندی خۆیاندا بگۆڕن .)

٧- گەورەترین هەڵە کە ساراتســین گشــتگیری کردووە ئەو دیاردە ســلبیانەیە کــە لە ڕەفتاری هەندێك موسڵمانی توندڕەودا دەبینرێت ئەم دێت دەیکاتە خەسڵەتێکی گشتی بۆ هەمووان .

٨- ساراتسین پشت دەبەستێت بەهەندێك ئاماری هەڵە و تیــۆری بازاڕی و بەتایبەت ئاکامەکانی داروین و تیورەکانی جینالۆژی ئەو تێورە زانستییە تازانەی دوای ئەمانە دەرچوون پشت گوێ دەخات، لە زۆربەی بابەتەکانیدا وشــەی فۆبیای ئیسلام بەکاردەهێنێت ڕەگەزپەرستەکانی ئەڵمانیای لێهان دەدات بەناوی بەرگریکردن لەکەلچەری ئەڵمانی ئازار بەموسڵمانان بگەیەنن.

## بیرۆکە ڕاستەکان لەفیکری ساراتسین

هەندێك خەســڵەتی ڕاســتەقینە لەناو تیۆرەکەی ساراتســین هەیە کە لەســەر ژمارەیەکی کەمی ئەو موســڵمانانە دەچەسپێت کە بەهۆی جەنگی نێوخــۆو ژینگــەو ئاســتی نزمــی کەلچەری وڵاتەکانیان کەوتوونەتە ئەڵمانیا، لەوانە دەرکەوتنی توندوتیژی و پەچــەی ئافرەتان و ئەنجامدانی تاوانی نامووس یا ڕاکردنی موســڵمانان لەکاری یاسایی و هاوبەشــیکردنیان لەگەڵ گرووپەکانی مادە بێهۆشکارەکان کە ئەمەش لەبەرامبەر هەندێك پەناهەندە ڕاست دەردەچێت بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ڕەگەزپەرستانە گشتاندنی بۆ بکرێت لەکاتێکدا دەکرێت چارەســەری بابەتیانەیان بۆ بدۆزرێنەوە بۆنموونە وەزیری دارایی لەحکومەتی هاوپەیمانی چەپ و سۆشیال دیموکراتەکاندا نەیهێشت پارەی پێویست تەرخان بکرێت بۆ پرۆسەکانی تێکەڵکردنی موسڵمانان بە کۆمەڵگای ئەڵمانی، ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی زۆربەی پارتە سیاســییەکانی ئەڵمانیا بەتایبەت پارتی دیموکراتی مەســیحی و دیموکراتی ئازادو چەپــی ئەڵمانی و هەروەها ئەنجیلا میــرکڵ ڕاوێــژکاری ئەلمانیا هەروەها ســیگمار گابریل کــە لەپارتی سۆشیالیســتی دیموکراتــە دواتــر دوای ئەوەی ســووکایەتی ڕاســتەوخۆی بەژمارەیەکی موسڵمانانی ئەڵمانیا کرد یاداشتێکی ئاگادارییان پێگەیاند لێدوانەکانی گابیریڵ لە لایەن ڕاسترەوە ئەڵمانییەکان پشتگیری لێنەکرا بەپێی ئەو ڕیفراندۆمەی دەزگای ئیمنیت دەرکەوت کە لە ٥١٪ی ئەڵمانییەکان هاوســۆزن لەگەڵیدا لە کاتێکدا لە ٣٩٪یان دژ بەو تۆمەتانە بوون کە ئاراستەی موسڵمانانی ئەڵمانیا کرابوون هەروەهــا لــە ٦٩٪ی ئەڵمانییــەکان وروژاندنی گرفتەکــە بەباش دەزانن و لە ٢٢٪یان پێیان وابوو دەمی داخستنیە باشتربوو.

ڕاگەیاندنــی دیموکراتــەکان فیکرو سیاســەتی ساراتسینیان ڕیسواکردوو لەخانەی نازییە تازەکان ئەژماریان کــرد، چونکە ئەم فیکرە پێشــوەختە تاوانبارکردنــی تێدایــە بەرامبــەر بێگانەکان و ناهێڵێــت بەئارامی ژیــان لەنــاو کۆمەڵگای ئەڵمانیــدا ببرێتە ســەر، بێگومــان هەندێك لە موسڵمانان فێری ڕێزگرتنی هیچ جۆرێك کەلچەر نەکراون نازانێن یاسا چییە ؟ لەناو گرووپی سەیرو هەمەجۆردا ســرووتەکانیان جێبەجــێ دەکەن کە بەلای کۆمەڵگای ئەڵمانییەوە شوورەییە بەڵام ئەم دیاردە سلبیانە سنووردارن و تەنیاش لەناو عەرەب و تورکەکانــدا نین، بەڵکو هەندێکیان کاردانەوەی چەنــد کارێکــی سەیروســەمەرەی ناوەندەکانی ئەڵمانی و ئەوروپین.

ساراتســین تووشــی ئیســلام فۆبیا بووەوە ئەم فۆبیایەی خۆشــی لەناو هەمــوو ئەڵمانییەکان بــڵاو کردۆتەوە، لەسەرتاســەری ئەڵمانیا دژ بەم لێدوانانەی بەرلەوەی کتێبەکەی بکەوێتە بازاڕەوە چەندیــن مانگرتــن ڕێکخرا تەنانــەت هەندێك لەئەڵمانییەکان داوا دەکەن لەپارتی سۆشیالیستی ئەڵمانی دەربکرێت، بــەڵام لەبەرامبەردا گرووپە نازییەتازەکان و ڕاســترەوە پەڕگیرەکان مانگرتنی بەرفراوانتریــان ســازکرد بــۆ پشــتگیریکردن لەفیکرەکانی ساراتســین کە فیکرەکانی هیتلەرو غۆبلس زیندوو دەکاتەوە..

ئێمەش لە وڵاتانی عەرەبی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەرووی چەندین هێزی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست دەبینەوە کە کارەسات بۆ خەڵکی بەدیاری دەهێنن، لەعێراقدا لە ئاکامی کرداری تەعریبی زۆردارەکی و دەرکردنی خەڵك لەســەر مــاڵ و حاڵی خۆیان لەلایەن بەعســییەکانەوە و قەتڵوعــام بە هۆی نەتەوەیــی بوونەوە کرایە نەریتێکی خراپ، کاتێك سەدام حوسێن حوکمی ڕەهای کردە دەست چەندین تاوانی جینۆســایدی دژ بەگەلی کورد ئەنجامدا کە هەموو مرۆڤایەتی ئەم کارە شــۆڤێنانەیان پێ شەرمەزارییە بۆیە عێراقییەکان تاڵاوی ئەمجۆرە کردارانە دەزانن کە وەك تاڵاوی ژەهرە، ئەی باشە کرداری وا لەســەدەی بیست و یەك و لەوڵاتێکی پێشکەوتووی وەك ئەڵمانیادا دەبێت چ پاساوێکی لەپشتەوە بێت تەنیا ئەوە نەبێت مێژووی ئەڵمانیای هیتلەری ڕەش و کوشــتنی چــل ملیۆن مرۆڤی لەناو ئۆردوگا نازییەکان لێکەوتەوە.

ئەوروپییــەکان پێکڕا پێویســتە هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ تا بوار نەدەن کەســانی وەك ساراتسین ببنــە کاریزمــاو بەســۆزدارییانە و کوێرانە کار لەخەڵکی ســادەو ڕەشۆکی ناو گەلانی ئەوروپا و ئەڵمانیا نەکەن.

**هەندێک خەسڵەتی ڕاستەقینە لەناو تیۆرەکەی ساراتسین هەیە کە لەسەر ژمارەیەکی کەمی ئەو موسڵمانانە دەچەسپێت کە بەهۆی جەنگی نێوخۆو ژینگەو ئاستی نزمی کەلچەری وڵاتەکانیان کەوتوونەتە ئەڵمانیا**

**فیکری ساراتسین پێشوەختە تاوانبارکردنی تێدایە بەرامبەر بێگانەکان و ناهێڵێت بەئارامی ژیان لەناو کۆمەڵگای ئەڵمانیدا ببرێتە سەر**

**تاوانی جینۆسایدی دژ بەگەلی کورد ئەنجامدرا کە هەموو مرۆڤایەتی ئەم کارە شۆڤێنانەیان پێ شەرمەزارییە، بۆیە عێراقییەکان تاڵاوی ئەمجۆرە کردارانە دەزانن کە وەک تاڵاوی ژەهرە**

## دکتۆر تاهیر هەورامی:

# ئەگەر کەرتی تەندروستی کەموکورتی تێدا نەبوایە دەستمان بە چاکسازی نەدەکرد

نەبوونی چاودێری تەندروستی و کۆنی سیستەمی کارپێکراو و نزمی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تەندروستی لەکوردستاندا، بۆتە جێگەی گلەیی و رەخنەی هاووڵاتییان، بەتایبەتی بەرزی نرخی عەیادەو نەشتەرگەرییەکان کە بەپێی ئاستی داهاتی تاکەکەسی و بژێوی زۆربەی هاووڵاتیانی کوردستان نییە، داتاو زانیارییە ئابوورییەکان ئەو راستییە دەردەخەن کە بێ بوونی سیستەمێکی پێشکەوتووی تەندروستی کە خاوەنی چاودێری تەندروستی بێت و چاودێری و بەدواداچوونی توند بکات لەسەر کەرتی تایبەت مومکین نییە ئومێد بە باشبوونی بارودۆخەکە بخوازرێت .بەر لەکاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتە رەخنەو گلەییەکی زۆر بە نووسین و تەلەفون بۆ گۆڤارەکەمان دەهات، بەوەی نرخی عەیادەی پزیشکەکان و تێچوونی نەشتەرگەرییەکان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان تێچوونێکی بەرزیان تۆمارکردووە، لەپێناو شارەزابوون لەدوا گۆڕانکاری و چاکسازییەکان کە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا دەستی پێکردووەو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی هاووڵاتییان دیدارێکمان لەگەڵ بەرێز (دکتۆر تاهیر هەورامی) وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان سازدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.



*** بەڕێزت پێش ماوەیەك لەمەوبەر ئاماژەت بەوە کردبوو کە سیستەمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان پێویستی بەچاکسازی هەیەو سیستەمێکی زۆر کۆنە، هاوکات ئاستی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بەپێی زیادبوون و فراوانبوونی نەخۆشی و پێداویستییەکان نییە، کە ئێستاکە تا دێت نەخۆش و نەخۆشییەکان روویان لەزیادبوون کردووە، ئایا ئەو بودجەیەی بۆ وەزارەتی تەندروستی تەرخانکراوە ئومێد بەخشە بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازییە یا گۆڕینی کەرتی تەندروستیدا؟**

- ئێمە دەبێت دەست پێبکەین؛ بەڵام سیستەمی تەندروستی پلاکێکی کارەبا نییە وا بەئاسانی بیکوژێنینەوەو دایگیرسێنینەوە، گەرچی لەهەندێك بواردا دەست بەم چاکسازییە کراوە، ئەوەتا هەندێك بنکەی تەندروستی خێزانیمان لەشاری هەولێرو سلێمانی و دهۆك کردۆتەوە، کە وەکو سەرەتای کارەکە سەرپەرشتی تەندروستی هەندێك خێزان دەکەن، لە هەمان کاتدا لەگەڵ گرووپێکی فەرەنسی کار دەکەین و داوامان لەگرووپێکی دانیمارکیش کردووە یارمەتیمان بدەن تا بزانین چۆن هەڵسین بە دەسکاریکردن و بەرەو پێشەوەچوونی سیستەمی تەندروستی، لە لایەکی ترەوە لەسەرەتای مانگی دووی ئەمساڵ لەگەڵ بەشی تەندروستی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەڵدەستین بەخۆئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەك کە بەیارمەتی حکومەتی ناوەندی عێراق و لایەنە پێوەندیدارەکانی وڵاتانی دەوروبەرو بیانی و پسپۆڕانی کورد کە لەوڵاتە بیانییەکان نیشتەجێن تاوەکو لەو کۆنگرەیەدا بزانین چی بکەین بۆ ئەوەی سیستەمەکە باش بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ئامادەکاری و بەستنی کۆنگرەکە لە مانگی ٢ی ساڵی ٢٠١١لیژنەکان دانراون.

*** ئایا بەو بودجەیەی بۆ کەرتی تەندروستی تەرخانکراوە دەتوانرێت هەموو پێداویستییەکانی کەرتەکە دابین بکرێت؟**

- مەرج نییە بەو بودجەیە هەموو پێداویستییەکان دابین بکرێت، چونکە گەربێتوو هەموو پارەکەشمان بۆ دابین بکرێت ناتوانرێت هەمووی خەرج بکەیت، بۆنموونە گەر بینایەی نەخۆشخانەیەك کە ئەمساڵ دەستی پێ دەکەین تا کۆتایی ساڵ تەنیا لە٣٠٪ی تەواو دەبێت، ئێمە ئەو بەشەمان بۆ ئەمساڵ دەوێت..

*** بەڕێز جەنابی وەزیر گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆری هاووڵاتییان هەیە سەبارەت بە نرخی عەیادەکان و ئاستی نزمی خزمەتگوزاری و پابەندنەبوونیان بەرێنماییەکان، تەنانەت نرخی پزیشکە بیانییەکانیش کە زۆربەی جار بە ١٠٠ دۆلارە بارقورساییەك لەسەر ئاستی گوزەرانی نەخۆش دروست دەکات، پێت وانییە ئەم نرخانە زۆرن و پێویستی بەپێداچوونەوەو چاودێری و لێپرسینەوە هەیە؟**

- پزیشکی بیانی لە وڵاتەکانی خۆیاندا بە ٤٠٠ دۆلار کەمتر نەخۆش نابینێت، کاتێك پزیشکی بیانی دێتە کوردستان بەو پارەیەی دیاریکراوە نەخۆش دەپشکنێت، ئەسڵەن ئەو پارەیە هیچ نییە بۆ پزیشکێکی بیانی کە نەخۆشێك ببینێ، ئێمە ڕێگا کورت دەکەینەوە بۆ نەخۆش تاوەکو بۆ نموونە باوکێك منداڵەکەی نەباتە ئێران یا تورکیا کە زۆر زیاتر خەرج دەکات تاوەکو نەخۆشەکەی بگەیەنێتە ئەو پزیشکە و چەندین خەرجی گواستنەوەو مانەوەو خەرجی و تێچوونی تر لەوێ بدات، لە لایەکی ترەوە باوەڕناکەم کەس لەو پارەیە کەمتر بێتە کوردستان، هیچ پزیشکێکی بیانی ئامادە نییە بێتە کوردستان لە ١٠٠ دۆلار کەمتر نرخی پشکنینەکەی بێت.

سەبارەت بەپزیشکە خۆماڵییەکان ئێمە وتوومانە لە ١٠-١٥- ٢٠ هەزار دینار زیاتر نابێت نرخی عەیادەکەیان بێت، ئەمە ئەگەر بێتوو بەراوردی بکەین ئێمە لەهەولێر ٨٥٠ سەنتەری پزیشکی و عەیادەمان هەیە لەدهۆك ناگاتە ٣٠٠ پزیشك لەدهۆك خۆی هەر نرخی عەیادە بە ١٠-١٥-٢٠ هەزار دینار بووە، لە سلێمانی تەنیا ٧٠ پزیشك شموولی دەکات کە گۆڕانکاری لەنرخەکەی دەکرێت بە ١٥- ٢٠ هەزار دینار ئەویش بەپێی پسپۆڕییەکەی. ئەمە یەکخستنەوەی نرخەکەیە لەهەولێر لەو ٨٥٠ پزیشکەی کە عەیادەیان هەبوو کەمترینیان ٢٠ هەزار بووە ئێمە نرخەکەمان پێ کەم کردوونەتەوە، واتە نرخی ٨٥٠ عەیادەمان کەمکردۆتەوەو ٧٠ پزیشك نرخی عەیادەکانیان زیاد بووە. لەلایەکی ترەوە پێویستە نرخەکانمان بەراورد بکەین بە نرخی عەیادەو پشکنینەکانی وڵاتانی دەوروبەری وەك ئێران و تورکیا و بەغدا و پارێزگاکانی تری باشوور لەو شوێنانە نرخی عەیادە بە ١٠-١٥- ٢٠ هەزار دینار زیاترە، بۆیە دەبێت هانی پسپۆرایەتییە پێویستەکان بدەین لەشوێنەکانی ترەوە بێنە هەرێمی کوردستان.

*** باشە بۆ کەرتی گشتی تەندروستی پێش ناخرێت تاوەکو هەر هاووڵاتییەك ئیمکاناتی بژێوی ژیان و داهاتی لاوازو کەم بێت روو بکاتە ئەو کەرتەی کە حکومەت پاڵپشتی دەکات؟**

- کەرتی گشتی تەندروستی لەکوردستاندا فراوانە. لەهەرێمی کوردستان ٤ بەدیلی عەیادەمان هەیە، مەرج نییە هەموو خەڵکی بۆ عەیادە بڕوات، با بۆنموونە سلێمانی باس بکەم لەو شارەدا ٢٥٠ عەیادەی پزیشکمان هەیە کە لەو ژمارەیە وەکو وتمان ٧٠ پزیشکیان شموولی زیادبوونەکە دەکات، بەڵام ئێمە ١٧٠ پزیشکی پسپۆڕمان هەیە کە لەعەیادەی ئیستشاری کار دەکات بە ٣ هەزار دینار پشکنینی نەخۆش دەکەن، هاوکات ژمارەیەك پزیشکمان هەیە کە لە عەیادەی میللی کار دەکات بە تەنیا ١ هەزار دینار نەخۆش دەبینێت، لەلایەکی ترەوە لەهەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستان بنکەی تەندروستی ٢٤ کاتژمێریمان هەیە کە هەر بە بەلاش خەڵکی دەبینێت، ئەمە جگە لەوەی هەموو نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان کە ٦٠ نەخۆشخانەیە بەبەردەوامی ئێشکگری تێدایەو نەخۆش دەبینن، کەواتە لەهەرێمی کوردستان بەدیلێکی زۆری عەیادە هەیە .

من ناڵێم کەرتی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان کەموکورتی تێدا نییە، لەلایەکی ترەوە هەڵەکە لەوەدایە مرۆڤ پێویستە پارەیەك دابنێت بۆ تەندروستی، گەر بێتوو چاوەڕوانی ئەوە بکەین کاتێك نەخۆش دەکەوین ئەو کات پارە لەتەندروستی خۆماندا خەرج بکەین ئەوا بارگرانییەکی قورس لەسەر نەخۆش دروست دەکات، بۆنموونە هەموو کارمەندێك ٥٪ یان ٣٪ی مووچەکەی تەرخانبکرێت بۆ تەندروستی وەکو کۆمپانیایەکی دڵنیابوونی تەندروستی هەر کاتێك نەخۆشکەوتی ئەو کۆمپانیایە هەموو تێچوونی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەت بۆ دەدات، بۆیە لەسەرەتای مانگی دووی ساڵی ٢٠١١ کۆنگرەیەك لەمبوارەدا سازدەدەین.

*** پێت وانییە نەشتەرگەرییەکان کە لەکەرتی تایبەت ئەنجام دەدرێن زۆر بەرزەو بەپێی ئاستی بژێوی تاکی کوردستانی نییە؟ بەتایبەت هەندێك نەشتەرگەری وەکو نەشتەرگەرییەکانی ئێسك و گورچیلەو دڵ و جوانکاری. نرخێکی بەرزیان تۆمارکردووە؟**

> **گەر بمانەوێت لەکەرتی تایبەت ئاستی خزمەتگوزاری باش بێت، دەبێت پارەکەشی باش بێت**

- کەرتی تایبەت تەنیا لە ٥٪ی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات ئەمە نیشانەی دواکەوتوویە، پێویستە کەرتی تایبەتی تەندروستی زیاتر لە ٥٠٪ ی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بکات، ئێمە پاڵپشتی و هاوکاری ئەو کەرتەمان نەکردووە، بۆنموونە کاتێك بچیت بۆ ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی دەبێت پارەیەکی زۆر بدەیت، ئەو نرخە لەئوتێلێکی میللی دواکەوتوو کەمتر دەبێتەوە، گەر بمانەوێت لەکەرتی تایبەت ئاستی خزمەتگوزاری باش بێت، دەبێت پارەکەشی باش بێت، من پێم وانییە نرخەکان گران بێت بەتایبەت ئەگەر بەراوردی بکرێت بە ئاستی خزمەتگوزاری ئەوانەی لەوڵاتانی ئوردون و ئێران و تورکیا پێشکەش دەکرێت، کەلەوێش لە ١٪ی ئاستی خزمەتگوزاری هەموو وڵاتانی ئەورووپییە کە لەو وڵاتانە دە ئەوەندە نرخەکان زیاترە.

*** سەبارەت بە دەرمان و پێداویستی پزیشکی پێت وانییە کوالێتی دەرمان لەهەرێمی کوردستان بەپێی پێویست نییە؟**

- تەنانەت بەدەیان جۆری خراپ لەدەرمان هاتۆتە ناو بازاڕەکانی کوردستانەوە، ئایا بیر لەوە نەکراوەتەوە کۆنترۆڵی ئەم دیاردە ترسناکە بکرێت کە هەرکەسو بەئارەزووی خۆی قاچاخچێتی بەدەرمان و کوالێتی جۆرەکانییەوە بکات؟

ئەو دەرمانەی کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە ٤ سەرچاوەی هەیە، یەکەم: ئەو دەرمانەی لەبەغداوە دێت بۆ وەزارەتی تەندروستی و باشترین کوالێتی هەیە، دووەم: ئەو دەرمانەی ئێمە لەبازاڕدا لەکۆمپانیا کوردییەکان دەیکڕین بەکوالێتی کۆنترۆڵ تێپەڕ دەبێت و دەرمانێکی باشە، بەڵام ئەو دوو جۆرەی تری دەرمان کە یەکێکیان بەقاچاخی دێت و لە ناوچە سنوورییەکان دێتە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەئێرانەوە دێت، کە تەنیا لەرێگای سەرچاوەی خۆمانەوە کۆنترۆڵکراوە، لەلایەکی ترەوە دەرمانی خراپ لەبەغداو ناوچەکانی تری عێراقەوە دێت، گەرچی بەداخەوە عەلی بابان لێدوانێکی داو تێیدا ئاماژەی بەوەکرد کە دەرمانی خراپ لەکوردستانەوە دێتە عێراق کە بەپێچەوانەوەیە لەبەغداو پارێزگاکانی دەوروبەری بەغدا ئەو دەرمانە خراپە بەقاچاخی دەگاتە هەرێمی کوردستان، لێرە لەلایەن سەندیکای دەرمانسازانی کوردستانەوە دانراوە کە هەڵدەستێت بە کاری پشکنین و بەدواداچوون بەسەر کۆگاکانی دەرمان و دەرمانخانەکان بۆ دەستنیشانکردن و دەستبەسەراگرتنی دەرمانی خراپ و قاچاخ، ئێستاش میکانیزمێکمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان داناوە بۆ دانانی نوێنەرانی خۆمان لەبازگەکان تاوەکو نەهێڵن هیچ دەرمانێك بێ مۆڵەت و بێ کوالێتی کۆنترۆڵ نەهێنرێتە هەرێمی کوردستانەوە.

> **من پێم وانییە نرخی عەیادەو نەشتەرگەرییەکان گران بێت**




*** ئایا وەزارەتی تەندروستی چی بۆ رووبەڕووبوونەوەی زیادبوونی نەخۆشییە قورسەکانی وەك شێرپەنجە کردووە، بەتایبەتی وەك دەزانرێت ئەمجۆرە نەخۆشییانە خەرجی و تێچوونێکی زۆری دەوێت تا نەخۆش چاك دەبێتەوە؟ لەلایەکی ترەوە تاکو ئێستا لەپایتەختی هەرێمی کوردستان نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەشێرپەنجە نییە؟**

- نەخێر؛ نەخۆشخانەی تایبەت بەشێرپەنجە هەیە، ئەوەتا نەخۆشخانەی نانەکەلی و نەخۆشخانەی رزگاری کە سەنتەری تایبەتی لێیە بەتیشك هەمووی تایبەتە بەنەخۆشی شێرپەنجە، لە سلێمانی بەهەمانشێوە نەخۆشخانەی هیواو تیشك هەیە و هەموو دکتۆرەکانیان پسپۆرایەتیان لەمبوارەدا هەیە، ئێستاش لە پلانی ئەوەداین پرۆژەی زووتر دەستنشانکردنی حاڵەتەکان و هۆشیاری تەندروستی خەڵکی زیاد بکەین.

*** پێت وانییە هۆشیاری تەندروستی و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تەندروستی هاووڵاتییان پێویستی بەهەڵمەت و بەرنامەی بەردوام و زیاتر هەیە؟**

- بەڵێ لەبەرنامەی وەزارەتدایە ئەو هەڵمەت و هۆشیارییە فراوانتر بکەین، وەزارەتەکەشمان بەبەردەوام لەزۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندن بەرنامەمان هەیەو گۆڤاری تایبەتیشمان بە تەندروستی هەیە، بەشی تەندوستی پەروەردەش توانیوێتی




رۆڵی بەرچاو بگێڕێت لە هۆشیارکردنەوەی تەندروستی لەناو قوتابخانەکان.

*** تاچەند کەرتی تەندروستی لەژێر چاودێری و لێپرسینەوەی یاسادا دەبێت گەر بێتوو کەمتەرخەمی و سەرپێچی ئەنجامبدات؟**

- هەر پزیشکێك بەدیکۆمێنت گەیشتبێت بەدەستمان کە بەپێی ڕێنمایی و یاسایی کاری نەکردووە بەپێی یاساو یاسای پزیشکی و یاساو ڕێنمایی ئینزیباتی فەرمانبەرانی دەوڵەت سزا دراون و کەس لەسەروو یاساوە نییە..

*** مەسەلەی کەمی پزیشکی پێویست بەتایبەتی پزیشکی بەنج یا نەشتەرگەریی و پسپۆڕایەتییەکانی تر ئایا وەزارەتی تەندروستی کاری بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کردووە؟**

- هەنگاو بۆ ئەوە نراوە بەڵام تاکو ئێستا هیچ دەوڵەتێك رازی نییە کە پزیشکمان بداتێ کە بێنە هەرێمی کوردستان و مووچەیان بدەینێ و لەکەرتی گشتی تەندروستی واتە حکومی کار بکات، بۆ بەرهەم پزیشك لە کوردستان زۆرە ساڵانە ٢٠٠ تا ٣٠٠ پزیشك بڕوانامە بەدەست دەهێنێت، بەڵام بەلایەنی کەمەوە ١٠ ساڵی دەوێت تاوەکو دەبێت بەپزیشکێکی پسپۆڕو شارەزا.

*** نەخۆشخانە تایبەتەکان لەهەرێمی کوردستان بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی تەندروستی دەکرێنەوەو بەدواداچوون و لێپرسینەوە لەسەر ئەم نەخۆشخانانە هەیە بەتایبەت بابەندبوونیان بەڕێنمایی و مەرجە تەندروستییەکانەوە؟**

- بەڵێ هەموو یاساو ڕێسا هەیە بۆ مواسەفاتی ئەو نەخۆشخانانەی کەرتی تایبەت کە لە هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە.

*** ئاستی پەیوەندییەکانتان لەگەڵ سەندیکای پزیشکان چۆنە؟**

- زۆر باشە؛ لە زۆربەی لیژنەکانی (راوێژکاری وەزارەتی تەندروستی) نوێنەریان هەبووە.

*** نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی لە سلێمانی بۆ تا ئێستا تەواو نەبووەو کارێك ناکەن تاوەکو خۆتان سەرپەرشتی تەواوبوونی ئەو نەخۆشخانەیە بکەن؟**

-ئەو کۆمپانیا کۆرییەی کاری دروستکردنی پرۆژەی بینای نەخۆشخانەکەی لەئەستۆ گرتووە ماوەیەکی زۆرە پرۆژەکەی جێی هێشتووە، ئێستا لیژنەی بۆ پێکهێنراوە سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەکەین شکاتمان لەو کۆمپانیایە کردووەو ڕێگای یاسایی گیراوەتە بەرئەو ئیجرائاتانە تەواوبوو کارەکە دەدرێت بە کۆمپانیایەکی تر.

*** دەنگۆی ئەوەهەیە نەخۆشی شێرپەنجە لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی مەترسیدار زیادیکردووە، ئایا ئەو هەواڵانە ڕاستە؟**

- نەخۆشی شێرپەنجە بەو شێوە ترسناکە لەهەرێمەکەدا زیادی نەکردووەو بەپێی زیادبوونە جیهانییەکانە کە لەهەموو جیهاندا ئەم نەخۆشییە زیادیکردووە، هاوکات بەشی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لە وەزارەت کار لەسەر هەموو دیاردەیەك دەکات گەر مەترسیدار بێت..

*** ئەی سەبارەت بەخۆشی ئایدز و مەترسی بڵاوبوونەوەی لەهەرێمی کوردستان؟**

- سەبارەت بەنەخۆشی ئایدز لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا ٧٦ حاڵەت هەیە کەنزیکەی ٦٠ کەس بیانیی بوون و چوونەتەوە وڵاتەکانی خۆیان.

*** دوا پرسیارمان سەبارەت بەبەرنامەو پلانی ئەمساڵە کە وەزارەتی تەندروستی چی بەرنامەیەکی لەبەردەستدایە تاوەکو جێبەجێی بکات؟**

- بەرنامەو پلانی ئەمساڵمان چاککردنی فریاگوزاری تەندروستی و بەستنی کۆنگرەیەکی فراوانی تەندروستییە بۆ پێداچوونەوەی سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.، بەرنامەشمان نییە فشارو پاڵەپەستۆ بخەینە سەر کەرتی تایبەت بۆ کەمکردنەوەی نرخی عەیادەکان، وەکو ئاماژەم پێدا ٤ بەدیلی تر لەکەرتی تەندروستی گشتی هەیە ئێمە هەوڵی پێشخستنی ئەم لایەنە دەدەین، هەموو نەشتەرگەرییەکیش بۆ نەخۆشەکان لەنەخۆشخانە حکومییەکان ئەنجام دەدەین بە بەلاش.

**لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا ٧٦ حاڵەتی نەخۆشی ئایدز هەبووە کەنزیکەی ٦٠ کەسیان بیانیی بوون و چوونەتەوە وڵاتەکانی خۆیان**

**هەر پزیشکێک بەپێی ڕێنمایی و مەرجی تەندروستی کار نەکات ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێت**



# زەمینەی گەشتوگوزاری لەبارە
# فەرهەنگی گەشتیاری بوونی نییە



# پێویستە هاوکاری کەرتی تایبەت بکەین بەتایبەتی لە ئەنجامدانی ماستەرپلان بۆ ناوچە گەشتیارەکان

**مەهاباد حەفید:**



ئەگەر سەیری باری ئابووری زۆربەی ئەو وڵاتانە بکەین کە سامانی سروشتی وەکو نەوتیان نییە، دەبینین بەشێوازە جۆراوجۆرەکانیەوە بەشێکی زۆریان پشت بە گەشتوگوزار دەبەستن و ساڵانەش داهاتێکی زۆر بۆ ئابووری ئەو وڵاتانە دابین دەکەن و دەبنە هۆی پێشکەوتن، بێگومان ئەمەش بەپلان و بەرنامەیەکی تۆکمە و دارێژراو دەبێت کە ئامانجی سەرەکی فەراهەمکردنی زەمینەیەکی باشی حەسانەوەیە بۆ گەشتیار هەر لە شوێنی حەوانەوە تا شوێنە گەشتیارییەکان و تاد...

پارساڵ لەناکاو ژمارەیەکی زۆری گەشتیار لەناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر ڕوویان لە کوردستان کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی قەرەباڵغییەکی زۆر لەشوێنە گەشتیارییەکان و شارەکانیش بەشێکی زۆری ئەم گەشتیارانە شەویان لەسەر شەقام و شۆستەکان دەکردەوە، هەق بوو ئەوکات لایەنە بەرپرسەکانی گەشتوگوزار پلانێکی تۆکمە و شارستانیانەیان هەبوایە بۆ ئەوەی ئەمساڵ ڕووبەڕووی هەمان گرفت نەبنەوە، بەڵام ئەمساڵیش بەهەمان شێوە گرفتەکە دووبارە بۆوە و ژمارەی گەشتیاران زۆر لەوە زیاتربوو کە پێشبینی دەکرا ڕوو لە کوردستان بکەن، ئەمە سەرەڕای دانانی بەرنامەیەکی بەدیل بۆ حەوانەوەیان وەك دانانی چادر، بەڵام وڵاتێکی وەك کوردستان کە لەبارە بۆ گەشتوگوزار بەهەموو جۆرەکانیەوە وەك سرووشتی و کات بەسەربردن و گەشتیاری کولتووری و تەنانەت ئایینی و تەندروستیش پێویستی بەپلانێکی ڕێکوپێکتر هەیە، بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە بە پێویستمان زانی چەند لایەنێکی پێوەندیدار بەم مەسەلەیە بدوێنین.

سەرەتا خاتوو مەهاباد حەفید بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی لەبارەی کێشە و گرفت و کەموکورییەکانی ناوچە گەشتیارەکانی سلێمانی بەگشتی و لەم ماوەیەدا گرفتەکان پتر دیاربوو و وتی «نەك پارێزگای سلێمانی، بەڵکو هەموو کوردستان هەر لە سروشتەوە وڵاتێکی جوان و ڕازاوەی گەشتیارییە و دەتوانرێ شوێنە گەشتیارییەکان بکرێنە بنەما و فاکتەرێکی گرنگ و سەرەکی داهات، بەڵام ڕژێمەکانی عێراق زۆر گرنگیان بەم شوێنانە نەداوە، بەڵکو لەدوای ڕاپەڕین وڵاتێکی وێرانیان بۆ بەجێهێشتووین و ئێستاش لەماوەی ئەو(١٩) ساڵەی کە حکومەتی کوردستان ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك فەراهەم کردووە، ئەولەویەتی پتر داوەتە ئاوەدانکردنەوەی گوند و شار و شارۆچکەکان و ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان کە پێداویستی ڕۆژانە و ژیانی خەڵکە، وەکو ئاوی خواردنەوە و ڕێگەوبان و کارەبا و کەرتی کشتوکاڵ و. تاد،هاوکات ئەمنیەتی وڵات، بۆیە نەتوانراوە بە تەواوی بکەوینە سەر گرنگیدان بەکەرتی گەشتیار و بەشێوەیەکی سادە و ساکار ماوەتەوە و پتر پشتمان بەستووە بەکەرتی تایبەت بۆ برەودان بەکەرتی گەشتوگوزار و پێویستە ئێمەش هاوکاری کەرتی تایبەت بکەین بەتایبەتی لە ئەنجامدانی ماستەرپلان بۆ ناوچە گەشتیارەکان، لەسلێمانی توانیومانە چەند شوێنێك ماستەرپلانی بۆ بکەین، هاوکات ناوچە گەشتیارییەکانمان کەموکوڕی زۆریان هەیە، بەتایبەتی پێویستە ڕێگەوبانیان بۆ دروست بکەین و پرۆژەی ئاوی خواردنەوە و ئاوڕۆ و کارەبا و پێداویستیەکانی دیکەی ڕۆژانە بۆ گەشتیاریان بکرێت، ئینجا وەبەرهێن دەتوانێ دەست بکات بە پرۆژەی گەشتیاری وەکو هوتێل و مۆتێل و ریستورانت و کافتریا. زۆرکەم دەنا هیچ کارێك بۆ ناوچە گەشتیارییەکان نەکراوە لەبەر ئەوەی بودجەیەکی یەکجار کەم بۆ ئەم بوارە تەرخانکراوە، کە بەشی هیچ کار و پرۆژەیەك ناکات، دەتوانم بڵێم بودجەکەشمان هەر بەشی ئەوە دەکات کە لەمانگی(٣)وە تا کۆتایی مانگی(٩) کاری پاککردنەوە بۆ ناوچە گەشتیارییەکان ئەنجام بدەین.

ئەمساڵ لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق نزیکەی (٢٠) هەزار کەس و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە(٦تا٧) هەزار کەس هاتوونەتە ناوچە گەشتیارییەکانی سلێمانی و ناو سلێمانی، کەمی ژمارەی هوتێلەکان و کارنەکردنی هەندێ لە چێشتخانە و فرنەکان وایکرد گەشتیار پێداویستییەکان و حەوانەوەیەکی باشی دەست نەکەوێت، هەرچەندە پێش هاتنی جەژن هەڵمەتێکمان کرد و گەڕاین بەناو شار و چووینە لای ئوتێل و موتێل و ڕێستورانت و نانوخانەکان کە ئاگادارمان کردنەوە کە پێویستە ڕۆژانی جەژن لە کارکردن بەردەوامبن بۆ پێشوازی کردن لە گەشتیاران، بەڵام بەداخەوە هەندێکیان پابەند بە ئاگادارییەکە نەبوون و ریستۆرانت و کافتیریا و نانەواخانەکان داخران، زۆربەشیان لەبەر ئەوەی کرێکارەکانیان لە شارۆچکە و شارەکانی دیکە هاتبوون، لەم جەژنەدا گەڕابوونەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، بەڵام پێویستە خاوەن کارەکان پارە و مانگانەی پتر بدەنە کرێکارەکان لەو ڕۆژانەدا تاوەکو لە کارەکانیان بەردەوامبن، لەلایەکی دیکە هۆتیل و ڕێستۆرانتەکان ئیستغلالی بارودۆخەکەیان کردبوو بەوەی نرخی زیاد لە پێویستیان بەرزکردبووەوە کە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر گەشتیارەکان دروستکرد، بە ڕادەیەکی ئاوا ڕێژەی زیادکردنی نرخەکانیان لەسەدا ٢٠٠ تا ٣٠٠ بەرزکردبووەوە».

هەروەها لە وەڵامی ئەوەی بۆچی نەتوانراوە کەرتی گەشتوگوزار لە کوردستان پێشبخرێت، ئایا حکومەت بودجە و پاڵپشتی تەواوی دابین نەکردووە، یاخود نەبوونی فەرهەنگێکە لەلای ئێمە بۆ کەرتی گەشتوگوزار؟ لەمبارەوە مەهاباد حەفید وتی «ناوچە گەشتیارییەکان پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی جددی هەیە و دەبێ بودجەیەکی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت و هاوکاری و هەماهەنگی بکرێن لەلایەن پارێزگا و شارەوانییەوە، پێویستە لە وەرزەکانی گەشتیاری و جەژن و بۆنەکان ئامادەکاری باش و پێشوەختە بکرێت تاوەکو ڕووبەڕووی ئەم گرفت و کەموکوڕیانە نەبینەوە وەکو ئەمەی لەم جەژنی ڕەمەزانە هاتە پێش. بەلایەنی کەم پێویستە وەکو هەولێر خێمە هەڵبدرێت و پێشوازی پێویست لە گەشتیاران بکرێت.

هەروەها پێویستە لەسەر حکومەت پلان و بەرنامەیەکی تێروتەسەل دابڕێژێت بۆ دەستپێکردنی پرۆژەی گەشتیاری لەناوچەکان، کە وابکات وەرز لەدوای وەرز و ساڵ لەدوای ساڵ گەشتیار پتر ئارەزوو بکات ڕووبکاتە

**ناوچە گەشتیارییەکان پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی جددی هەیە**

**ئەمساڵ بودجەیەک تەرخان کراوە بۆ ڕێگای ئەحمەدئاوە و پرۆژەی دیکە**

**پێویستە لە وەرزەکانی گەشتیاری و جەژن و بۆنەکان ئامادەکاری باش و پێشوەختە بکرێت**

ناوچە گەشتیارییەکان، نەك بێزاربێت و شوێنی حەوانەوەی ناخۆش بێت، وەکو ئەمەی لەم جەژنە هاتە پێش.

هۆکارێکی دیکە کە کاریگەری خراپی لەسەر بواری گەشتوگوزار دروستکردووە ئەوەیە کە حکومەت زۆر جەختی لەسەر نەکردۆتەوە، چونکە لەکاتی خۆی گەشتوگوزار دوو دەزگابوو لە هەردوو ئیدارە، پاشان بووە وەزارەتێکی سەربەخۆ و لە کابینەی تازش خرایەوە سەر وەزارەتی شارەوانی کە ئەم وەزارەتە خۆی لە خۆیدا وەزارەتێکی بەرفراوان و گەورە و پڕ لە کێشەیە، بۆیە ئەگەر سەیر بکەیت دەبینی گەشتوگوزار لە راستیدا بەرە بەرە بەرە و دواوە چووە، گەرچی ئەمساڵ بودجەیەکی بۆ تەرخانکراوە ئەمەش بەپێی خواست و داواکاری ئێمە نییە بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتێکی بەرچاوی گەشتوگوزار بکەین، ئەم بودجەیەی تەرخانکراوە دامان ناوە بۆ رێگەی ئەحمەداوە کە رێگەیەکی یەکجار سەختە و لەگەڵ چەند پرۆژەی دیکە.

لە کۆتاییدا خاتوو مەهاباد حەفید وتی «لە ناوچەکانی گەشتیاری سلێمانی شوێنی گەشتیاری کولتووری و ئایینیش هەیە کە کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ بکرێت لە پاڵ شوێنە گەشتیارەکانی دیکە داهاتێکی بەرچاو مسۆگەر دەکات..

بۆپتر شرۆڤە کردن و خستنەرووی گرفت و کەموکوڕییەکانی گەشتیاری لە کوردستان و بەتایبەت لە دەڤەری سۆران چەند پرسیارێکمان لە کرمانج عزەت قائیمقامی قەزای سۆران کرد، ئەویش تایبەت بە گوڵان هاتە دوان و وتی «کەرتی گەشتوگوزار یەکێکە لە گرنگترین فاکتەرەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەرەوپێشەوەبردنی وڵات و یەکێك لەو بنەمایانەی کە پێوەری شارستانییەت و پێشکەوتنی پێوە دەکرێت گەشتوگوزارە، لەئەنجامی شەڕەکانی عێراق بەگشتی بواری گەشتوگوزار لەکوردستان لەناوچووە و هیچ ژێرخانێکی خزمەتگوزاری نەما. هەستانەوە و خستنەوە کاری بواری گەشتیاری کار و بودجە و پرۆژەی باشی دەوێت بۆ ئەوەی بتوانی لەئاستی ئەوە دابێت پێشوازی لە گەشتیار بکرێت و ئارەزوو خۆشییەکانی بۆ مسۆگەر بکەیت.

دەڤەری سۆران بەگشتی شوێن و جێگەیەکی زۆری گەشتیاری تێدایە و سرووشتەکەی خۆی وا دروستبووە، بەڵام ئەگەر پێداویستی و کارە خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەم شوێنانە ئەنجام بدرێت، ئەوە بارێکی زۆر جوان و شایستە دێتە کایە و ناوچەیەکە توانای پێشوازییەکی زۆری گەشتیار هەیە، هەروەکو لەم سێ رۆژەی جەژن دیتمان، ئەگەر هاتوو پێداویستییەکانی وەکو ئاو و کارەبا و رێگەوبانی شیاو و هوتێل و رێستۆرانت و پێداویستی خزمەتگوزاری دیکە دەستەبەر بکرێت بۆ شوێنە گەشتیارییەکان، بەتایبەتی بۆ گەلی عەلی بەگ و جوندیان و بێخاڵ و ئازادی و حاجی ئۆمەران و مەلەکان. تاد.

ئەوە چەندجار لەم ژمارەیە پتر گەشتیار روودەکەنە لامان.

هەروەها لەناو سۆران ئۆتێل و ریستۆرانت و شوێنی حەوانەوە زۆر کەمە، نەحکومەت و نەکەرتی تایبەت و سەرمایەدارانی خۆماڵی نەهاتوون کار لەمبوارە بەرهەمبێنە بکەن، کە دەتوانم بڵێم بەیەك وەرزی گەشتیاری

**عەبدوڵا یوسف:**



# لەکوردستان شوێنی گەشت و گوزاریمان زۆرە، بەڵام رۆشنبیری و فەرهەنگی گەشتیاری لاوازە

سەرمایەکەیان بەدەست دەهێنینەوە.

هەروەها رێگەوبان کێشەی سەرەکی ئێمەیە و، پێشوازیکردن لایەنێکی دیکەی گرنگە کە دەتوانێ گەشتیار بۆ لای خۆت رابکێشیت، ئەمەش پێویستی بەکادیر و کارمەندی ناوەندی گەشتیاری شارەزا و پسپۆرە کە دەرچووی پەیمانگا و کۆلێژ بن، هاوکات لەشوێنە گەشتیارییەکان پێویستە یاریگای منداڵان و لاوان و گەوران و شوێنی پشوو و کات بردنە سەر و مەلەوانگە و شوێنی خلیسکانێی بەفرو شاخەوانی هەبێت، هەر هەموو ئەمانەشمان نییە. هۆیەکەشی بۆ یەك هۆکاری گرنگ و گەورە دەگەڕێنمەوە کە ئەویش ئەوەیە حکومەت پلان و بەرنامەی لە بواری گەشتیاری تائێستا سەرکەوتوو نەبووە، بە تێڕوانینی من ئەمبوارە نەکەوتۆتە ناو پلان و گرنگیدانێکی فراوانی تەواو و راستەوخۆی حکومەت، راستە ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزارمان هەیە، بەڵام ئامادەباشی لەلایەن حکومەتەوە لەم ئاستەدا نەبووە کە بتوانێ کار و پرۆژە بۆ کەرتی گەشتیاری ئەنجام بدرێت و پلان و بەرنامەیەکی پێشوەختەی وانەبوو کە پێشوازی لە هەزارەها گەشتیار بکات، بۆیە کە گەشتیار بەم شێوەی بینیمان روویان لە کوردستان کرد، لە گشت لایەن و بوارێك گرفت هاتە پێشەوە و خاوەن شوێن و کابینە و ئۆتێل و ریستۆرانتەکان بارودۆخەکەیان قۆستەوە و نرخەکانیان چەند بەرامبەر زیاد کرد، لە ئەنجامدا گەشتیار هەبووە توانای نەبووە لە ئۆتێل و خانوو و شوێنەکان بمێنێتەوە و لەسەر شەقام و شۆستە و باخچە و شوێنە گشتییەکان نووستن، ئەمەش زۆر ئازاری داین لەدڵ و ویژدانەوە تاساوم و زۆر دڵتەنگی کردم، هەروەها مەلەکان لەساڵی ١٩٦١ ناوچەیەکی ئازادکراو بوو تا ساڵانی ئەنفالەکان گەرچی گەشتیار کەم رووی تێکردووە، گەرچی ئەمجارە گەشتیارێکی زۆر لە مەلەکان هەبوو تا ئاستێکی ئاوا شوێن نەمابوو، ئەگەر سەیری بناری هەڵگورد دیوی سیدەکان بکەین چەند دەریاچەیەکی هەیە کە جوانترین دیمەن دەبەخشن، ئەگەر پرۆژەی خزمەتگوزاری و گەشتیاری بۆ ئەم ناوچەیە بکرێت لەئاستی وڵاتانی پێشکەوتووە و خەڵك و گەشتیار سەردانی دەکەن، بەڵام بەداخەوە هیچی بۆ نەکراوە، گەلی عەلی بەگ بەهەمان شێوەیە بە خزمەتکردن دەگاتە ئاستی شوێنە گەشتیارەکانی دنیا کە وێنەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە».

قائیمقامی سۆران لە بارەی پلان و بودجە و هاوکاریکردنی کەرتی تایبەت لەلایەن حکومەت دا وتی: «پلان و بەرنامەکان لە جێگەی خۆی نییە بۆ ئەمبوارە، بەپێی پێویست گرنگی و بودجە تەرخان نەکراوە و هاوکاری و پاڵپشتی کەرتی تایبەت لەم لایەنەوە کەمبووە. هاوکات کەرتی تایبەت و دەوڵەمەندانی خۆشمان نەهاتوونەتە پێش و نازانن سەرمایەکانیان لە بواری گەشتیاری بەگەڕ بخەن، بەڵام ئەم ژمارە زۆرەی گەشتیارانی ئەمساڵ وانیشان دەدات کە ساڵانی داهاتوو گەشتیار چەند بەرامبەر لەم ژمارەیە زیاتر دەبێت، بۆیە وا

**ئەم ژمارە زۆرەی گەشتیارانی ئەمساڵ وانیشان دەدات کە ساڵانی داهاتوو گەشتیار چەند بەرامبەر لەم ژمارەیە زیاتر دەبێت**

له حکومەت و کەرتی تایبەت دەکات کە بۆ پێشوازی کردنی گەشتیاران کار و پڕۆژەی پێویست ئەنجام بدەن. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار تا ئێستا لە بواری راگەیاندن و ریکلامکردن بۆ ناوچە گەشتیارییەکان کاری نەکردووە کە ئەمە لەوڵاتان زۆر گرنگی پێدەدرێت و بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت، چونکە بە راگەیاندن و ریکلامکردن شوێنە گەشتیارییەکان بە دنیای دەرەوەش دەناسێنی و گەشتیاران پتر رووی تێدەکەن، دابینکردنی ئاسایشی شوێنەکان و خۆشکردنی رێگەوبانەکان و گرنگیدان بەلایەنی پاکوخاوێنی و تەندروستی هۆکارێکی دیکەی کاریگەرە لەسەر پترکردنی خواست و هاتنی گەشتیاران، چونکە کە گەشتیار دێتە ناوچە گەشتیارییەکان دەیەوێت دڵنیابێت لەژیانی و سەرەوەری و دەیەوێت خۆشی ببینێت، کە دێت بۆ لەزەت وەرگرتن لە بینینی دیمەنە سرووشتییەکانی کوردستان، دەبێت ئەمانەی بۆ دابین بکرێت و دەبێ عەقڵیەتی گەشتیاری پیادە بکرێت و ئیغرای گەشتیار بکرێت بۆ ئەوەی جاری تر لەگەڵ خەڵکی دیکەش بێنەوە بۆ ناوچەکە و پێویستە تەلەفزیۆنێکی تایبەتمان هەبێت بۆ بواری گەشتیاری و پیشاندانی ناوچە گەشتیارییەکانمان، هەروەها پێویستە کۆلێژ لە بواری گەشتیاری لە زانکۆی سۆران بکرێتەوە بۆ ئامادەکردنی کادیر و کارمەند و شارەزایانی بواری گەشتیاری، ئەمە گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و خراوەتە بەرنامەش، چونکە بۆیە بەکادیر و کارمەندی شارەزا و پسپۆر و ئەکادیمی زۆر کێشە و گرفت لەم لایەن و بوارەدا بنبڕدەبێت، لایەنێکی دیکە ئەو کرێکار و کارمەندە بیانییانەی لە ناوچە گەشتیارییەکان کاردەکەن زۆر کاراتر و ئیشکەرترن لەو کرێکارەی هی ناوچەکە خۆیەتی، ئەوانەی خۆمان گەر کاریش بکات مانگێك دوو مانگە دواتر واز دەهێنێ و بەمەش بۆشایی و کەموکوڕی دێتە پێش، گەرچی کرێکار و کارمەندی بیانی زۆر باشترە و کاردەکەن و پابەندن بەدەوام و رێنماییەکان و هەموو ئیشێکیش دەکەن، ئەمەش ئەسڵی کێشە و گرفتەکەیە، واتە ئێمە تا ئێستا کولتوور و فەرهەنگی گەشتیاریمان نییە، ئەگەر بتەوێت بواری گەشتیاری پێشکەوێت، دەبێ فەرهەنگی کولتووری و گەشتیاریت هەبێت. لەئاستی هەڵسوکەوت و لەئاستی پێداویستی گەشتیاری و گرنگیدان بە ئامادەکاری و ئیغرای تایبەتی بۆ ئەوەی گەشتیار بۆلای خۆت رابکێشێت لە دەرەوە بۆ سۆران.

لەکۆتاییدا بەڕێزیان وتی «دەڤەری سۆران زۆر خەڵکی دەوڵەمەندی هەیە، پێمان خۆشە هەر ئەوان پێش خەڵکی تر سوود لەم کەرتە وەربگرن، بەڵام تائێستا هیچ دەستپێشخەرییەك بەدی ناکەین، بۆیە لێرەوە بەپێویستی دەزانم بڵێم هەر دەوڵەمەندێك بیەوێت پڕۆژەی گەشتیاری لە دەڤەرەکەمان ئەنجام بدات، ئێمە لەزۆر رووەوە هاوکاری و پاڵپشتیان دەکەین».

بۆ پتر تیشك خستنە سەر ئاستی گەشتیاری و کەموکوڕی و گرفتەکانی و چۆنیەتی پێشخستنی ئەم کەرتە، عەبدوڵڵا یوسف سەرۆکی دەزگای گشتی گەشتوگوزار تایبەت بە (گۆڤاری گوڵان) وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوەو لەسەرەتادا لەبارەی ئاستی گەشتوگوزار و خراپی و نەبوونی خزمەتگوزاری لە ناوچە گەشتیارییەکان و

## کرمانج عزەت:



# لەدەڤەری سۆران حکومەت و کەرتی تایبەت و سەرمایەدارانی خۆماڵی بەپێی پێویست نەهاتوون کار لە بواری گەشتوگوزاری بکەن

هۆکاری و نەبوونی پڕۆژەی گەشتوگوزار وتی «لە مێژووەوە کوردستان سەنتەرێکی گەشتوگوزاری بووە بۆ عێراق و وڵاتانی دەوروبەر، بەتایبەتی وڵاتانی خەلیج، چونکە ئێمە چوار وەرزی جیاوازمان هەیە، لەکاتی خۆشی ئەوەی ئێمە بە بیرمانە لە ساڵانی (٦٠ و ٧٠)کان هاووڵاتیانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لە وەرزی هاوین ژمارەیەکی زۆر ڕوویان لەهاوینەهەوارەکانی کوردستان دەکرد و بە درێژایی ئەم وەرزە دەمانەوە و ئێستاش بە بەردەوامی گەشتیاری شارەکانی دیکەی عێراق دێنە کوردستان بەتایبەتی لەبەر خراپی ئەو بارودۆخە ئەمنییەی کە هەیە لەگەڵ کەمی خزمەتگوزاری بەرێژەیەکی پتر گەشتیار لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق روو دەکەنە شار و ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان، هەر چەند وەکو دەبینین و دەزانین ناوچە گەشتوگوزارییەکانمان بەگشتی کەموکوڕیمان هەیە بەتایبەتی لە بوارەکانی خزمەتگوزاریدا، بەڵام جوانی سرووشتەکە و لایەنی ئەمنی کوردستان زۆر لەبارە و دەتوانم بڵێم(١٠٠٪) بارودۆخی ئاسایشی شار و شارۆچکەکان و سەرتاپای کوردستان هێمن و پارێزراوە و لەلایەکی دیکە لەم دواییەدا ئامادەکاری و ئاسانکارییەکی زۆر کراوە بۆ هاتنی هاووڵاتیانی عێراق بۆ کوردستان. لە هەموو وڵات و شوێنێك دەبێ هەندێ بنەما و هۆکار هەبن کە وابکات گەشتیار رووی تێبکات، لەمانە سرووشت و لایەنی رووحی خەڵك و میللەتە بۆ هەڵسوکەوت و پێشوازی کردنی گەشتیاران. لە راستیدا لایەنی سرووشتی لە کوردستان زۆر لەبارە و خەڵکەکەشی لەدێر زەمانەوە بەناوبانگە کە میللەتی کورد میللەتێکی روخۆش و سروشت چاکن بۆ میوانان و روحێکی لێبوردەیی و پێشوازی گەرمیان هەیە بەتایبەتی بۆ غەریبەو گەشتیاران، بەڵام تا ئێستا لەبەر بارودۆخی عێراق کە لەبار نییە و ئێمەش بە بەشێك لەعێراق حیساب دەکرێین، ئەمەش کاریگەریەکی زۆر خراپی لەسەر کوردستان دروستکردوە، بەتایبەتی لەلایەنی ئەوەی کە کۆمپانیای بیانی و کەرتی تایبەت ناتوانن بێن وەبەرهێن بکەن، لەم کەرتی گەشتوگوزارەشدا کە لایەنێکی گرنگ و بەرچاوە لە کوردستان تا ئێستا کاروپڕۆژەی زۆری بۆ ئەنجامدراوە و ئێمە ئاسانکاری زۆرمان کردووە و هەوڵمانداوە کۆمپانیای جۆراوجۆر لە وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتووی گەشتیاری بێنە کوردستان و پرۆژەی جۆراوجۆری گەشتیاری ئەنجام بدەن، بەڵام تا ئێستا زۆر بە دەگمەن بە دەنگمانەوە هاتوون، چونکە وەکو وتم بارودۆخەکەی عێراق کاریگەری لەسەریان هەیە، وا ناکات متمانە دروست بکەن و بێن، هەر چەندە گفتوگۆمان لەگەڵیان کردووە و بۆمان سەلماندوونە کە کوردستان ناوچەیەکی ئارامە و بەتەواوی بارودۆخەکەی جیاوازە لەگەڵ خواروو ناوەڕاستی عێراق. لە کابینەی تازەی حکومەتی کوردستان کە بەڕێز سەمیر ئاکرەیی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارە

**بەهۆی ئارامی هەریم و جوانی سروشتی کوردستانەوە بەرێژەیەکی زۆر گەشتیار روو لە هاوینەهەوارەکان دەکەن**

**هاوکاری و پاڵپشتی بیزنسکارانی کوردستان و وڵاتانی بیانی دەکەین کە ئامادەن لە پڕۆژەی گەشتیاری وەبەرهێنان بەشدار بن**

**پێویستە کۆلێژی تایبەت لە بواری گەشتیاری لە زانکۆکانی کوردستان بکرێتەوە**

شەخسی خۆی بەدواداچوون و پلان و بەرنامە دادەڕێژێت بۆ پێشکەشکردنی هەموو کار و پڕۆژەیەك بۆ ناوچە گەشتیارییەکان و بەڕێزیان زۆر بە ورد و بە بەرنامە جەخت لەسەر کار و پڕۆژەکانی گەشتیاری دەکاتەوە و ئێستا هەوڵیداوە کە ماستەر پلانێکی سەرتاسەری بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان ئامادە بکرێت کە یەکە یەکە شوێنی پڕۆژەکان و خزمەتگوزارییەکانی لێی دیاریکراوە و ئەمەش لە پاش ئەوەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و سنووری بۆ دادەنرێت کە چۆن و لە چەند ماوە کارەکان ئەنجام بدرێت، تا لە داهاتوویەکی نزیکدا گەشتوگوزار ببێتە یەکێك لە هۆکارەکانی داهات بۆ کوردستان، چونکە گەشتوگوزار نەوتێکی لەبن نەهاتووە و داهاتەکەشی زۆر و دیارە و ئەم کێشە و گرفتانەی لە جەژنی رەمەزانی پیرۆز هاتە پێشەوە، لە راستیدا چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا خەڵك بەم رێژەیە روو لە کوردستان بکات، لەگەڵ ئەمەش ئامادەباشی پێشوەختە نەکرابوو، هەر چەندە لەهەولێر خێوەتگامان لە چەند شوێنێك دانا، بەڵام لەبەر کەمی هوتێل و رێستۆرانت بەگشتی لە کوردستان و کەمی ژێرخانی خزمەتگوزاری وەکو ئاو و کارەبا و رێگەوبان و بەرزبوونەوەی نرخی هوتێل و کابینە و خواردەمەنی، وای لە زۆر

**رێزگرتنی گەشتیاران ئەرکی هاووڵاتیانە**

لەگەشتیاران کرد کە شێوەی بێزارییان پێوە دیار بێت، هەرچەند بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار و لایەنی دیکە هەوڵیاندا لەو هوتێلانەی هەیە جێگە دابین بکەن بۆ گەشتیاران، بەڵام بێسوود بوو، چونکە ژمارەی گەشتیاران زۆر زیاتر بوو. ئێستا ژمارەیەکی زۆر هوتێل لە ژێر دروستکردندان بەتایبەتی لەلایەن کەرتی تایبەت، لە یەك ئەستێرەوە تا دەگاتە هوتێلی (٥) ئەستێرە و پلە نایاب، ئەمەش بەهاوکاری و پاڵپشتی دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

هەروەها ئێستا خەریکی ماستەرپلانێکین کە لە تەواوبوونە بۆ پڕۆژەیەکی زۆر گەورە و بەرفراوان کە لەسەر چیای سەفین دروست دەکرێت و لە قۆناغی ئەوەداین راگەیاندنی بۆ بکەین تاوەکو چەند کۆمپانیایەك و کەرتی تایبەت بێن پڕۆژەکە وەربگرن، کە بڕی تێچوو بۆ ئەم پڕۆژەیە (٥٠٠) ملیۆن دۆلارە، ئەم پڕۆژەیە بەردێکی زۆر گەورە لەسەریەك دادەنێ بۆ گەشەکردنی گەشتوگوزار لە کوردستان بەتایبەتی لە سنووری پایتەختی کوردستان کە گەشتیار لە هەولێرەوە بە(٣٥) تا (٤٥)دەقیقە بە ئۆتۆمبێلەکەی دەگاتە سەر چیای سەفین و ناو ئەم کۆمەڵگەیە گەورە و هاوچەرخە گەشتیارییە».

عەبدوڵڵا یوسف سەرۆکی دەزگای گشتی گەشتوگوزار لەبارەی بڕی بودجەی تەرخانکراو بۆ گەشتوگوزار و چۆنیەتی گەشەکردن و عەقلیەتی گەشتیاری لە کوردستاندا وتی «بۆ کەرتی گەشتیاری پتر هەوڵمانداوە کەرتی تایبەت رۆڵی خۆی ببینێت، بەڵام ئەمەش لەبەر خراپی بارودۆخی عێراق و ئێمەش لەسەر عێراق حیساب دەکەن، بۆیە وەبەرهێنەر نەهاتووە کار و پڕۆژە لەمبوارە ئەنجام بدات، هەروەها لە ساڵانی رابردوو بودجەیەکی زۆر کەم بۆ گەشتوگوزار تەرخانکراوە کە نەتوانراوە پڕۆژە و ژێرخانی خزمەتگوزاری پێی چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەمساڵ تا رادەیەك بودجەکە زیاتر کراوە، گەرچی ئەمەش بەپێی داواکاری و پێداویستی کێشە و گرفتەکان نییە، لەلایەکی دیکە چونکە کەرتی تایبەت تا ئێستا نەهاتۆتە مەیدان، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنی پێوەندیدار هەستن بە ئەنجامدانی هەندێ پڕۆژەی گەشتیاری لەشوێنە جیاجیاکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی خزمەتگوزاری تا بە مە سەرمایەداران و بەرهەمهێنەران دڵنیابن لە بارودۆخەکە و ئەوانیش بێن بەشداربن لە گەشەکردن و برەودان بە کەرتی گەشتیاری و لەلایەکی دیکە پێویستە یاسای ئێمە هێز و توانای هەبێت، لەگەڵ ئەمەش بڕیاری باڵا دەست رۆڵ و کاریگەری خۆی ببینێت.

هەروەها گەشتیاری پێویستی بە رۆشنبیری کەمپینگ هەیە و زۆر گرنگە،



لە کوردستاندا بەهۆی ئەو قەرەباڵغیەی ڕۆژانی جەژن هاتە پێش، دەست بەجێ لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بڕیاردرا کە دەست بکرێت بە دروستکردنی کەمپینگی جێگیر و بەردەوام، ئێستا دەستمان بەمکارە کردووە بە بڕیار و چاودێری بەڕێز سەمیر عەبدوڵلا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، دەبێ سەرەتا لە شوێنی کەمپینگەکان خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان دابین بکرێت، ئینجا پڕۆژەکان ئەنجام بدرێت و کار و پڕۆژەکانی گەشتیاری پڕۆژە و کاری تەواوکارین پێوەندی بە هەموو وەزارەتەکانەوە هەیە لەکارەکانی بۆ گەشتیار دەکرێت هەر لەهاتنی لە فڕۆکەخانەوە تا دەگەڕێتەوە، هەروەها پێویستە کێشەی لوغم(مین) لە کوردستان چارەسەر بکرێت، هەرچەند ماوەی چەند ساڵە کار لەسەر هەڵگرتنەوەی مین دەکرێت، بەڵام لە هەندێ شوێن هەر ماوە. بە جددی بۆ ئەو مەبەستەش گفتوگۆمان لەگەڵ دەستەی مین کردووە بۆ ئەوەی چارەسەری یەکجارەکی ئەم گرفتە کوشندە و ترسناکە بکرێت، هاوکات عەقڵیەتی گەشتیاری یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە دەبێتە هۆی زیادکردن و گەشەکردنی گەشتوگوزار و هاتنی گەشتیار، لە ڕاستیدا میللەتی کورد لە کۆنەوە و مێژوو سەلماندوویەتی کە عەقڵیەتێکی کراوە و گونجاوی هەیە و توانای گۆڕانکاری هەیە و میللەتێکی ڕوو خۆش و لێبوردەیە و لە پێشوازی و بەدەنگەوە هاتنی میوانان ئامادەباشی زۆرمان هەیە، هەرچەندە ڕێز گرتنی گەشتیاران بە ئەرك دەزانرێت، بەڵام دەبێ هاووڵاتیانی کوردستان لە ڕووی ماددییەوە سوود لە گەشتیاران وەربگرن، ئەمەش لە ئاستی خۆیدا نەك ئیستیغلالی گەشتیار بکرێت و نرخەکان چەند بەرامبەر زیاد بکرێت. لەمبارەشەوە دەبێ ئێمە و لایەنی دیکە لیژنە دیار بکەین و بەدواداچوون بکرێت و ئاگاداری نرخەکان بین و دەبێ هەوڵبدرێت کادیری ناوەندی شارەزا و پسپۆر لەبواری گەشتیاریدا زیاد بکرێت، نابێ ئێمە کرێکار و کارمەند بە ئاسانی بێنینە ئەم بوارەوە، ئەوانەی تا ئێستاش پتر کار لەکەرتی گەشتیاری دەکەن برایانی ئێزدی و مەسیحین، چونکە خەڵکەکەی کوردستان بە گشتی عەقڵیەت و ڕۆشنبیری گەشتیاریان نییە و زۆر لەم کارانەی لە بواری گەشتیاری هەیە تەقەبوولی ناکەن، هەر چەندە لە ماوەی(٢٠) ساڵی ڕابردوو لە ڕێگەی ئەو خەڵکانەی لە ئەوروپا هەمانە و بەهۆی TV و ئینتەرنێت و بوارەکانی دیکەی عەولەمە تێڕوانینی خەڵکەکە باشتر بووە، دەبێ ئێمە عەقڵیەتی گەشتیاری لەلامان دروست بێت بۆ ئەوەی گەشتوگوزار بکەینە لایەنێکی ژیان و خۆشگوزەرانی و داهات بۆمان، بۆیە دەبێ هەوڵبدرێت گەشتیار بۆلای خۆمان ڕابکێشین، ئەمەش بەوە دەبێ کە ئامادەکاری و داواکاری گەشتیار دابین بکرێت، ئەویش وەکو(هوتێل و ریستۆرانت و کافتیریا و و گازینۆی و... تاد)، چونکە گەشتیار ئەمانەی دەوێت و ئێمەش کە ناوچەی گەشتیارمان هەبێ دەبێ هەموو پێداویستییەکیان بۆ ئامادەبکرێت. چەند هەڵسوکەوتمان لەگەڵ گەشتیاران باشتر بێت، ئەوەندە گەشتیار زیاد دەکات، بە گشتی دەتوانم بڵێم شوێنی گەشتیاریمان زۆرە، هەر لە جوانی سروشتەکەیەو تا دەگاتە کولتووری و ئایینی، بەڵام عەقڵیەت و فەرهەنگی گەشتیاریمان نییە، یاخود زۆر لاوازە. بۆیە لێرەدا دەڵێم پێویستە(TV)ی تایبەت بە گەشتوگوزار هەبێت یا لەو (TV)یانەی هەمانە بەتایبەت ئاسمانییەکان گرنگی بە گەشتیاری و ناوچە گەشتوگوزارییەکانمان بدرێت و لە ڕاگەیاندنی وەزارەت ریکلام بۆ گەشتوگوزار بە بەردەوامی بکرێت و کادیر و کارمەندی پسپۆر و شارەزا لە بواری گەشتوگوزار ئامادەبکرێت و دابمەزرێن، بە جێبەجێکردنی هەموو ئەمانە گەشتوگوزار لەماوەیەکی زۆر کەمدا لە کوردستان پێش دەکەوێت، بەڵام ئەوەی ئێستا لە ناوچە گەشتیارییەکان دەبینین، ئەمە گەشتوگوزار نییە، چونکە گرفت و کەموکوڕی خزمەتگوزاریان زۆرە.

**نابێ کرێکار و کارمەندی ناشارەزا بهێنرێتە بواری گەشتوگوزارییەوە**

**لە (TV)یە ئاسمانییەکان گرنگی نەدراوە بە گەشتیاری و ناوچە گەشتوگوزارییەکان**

